# جان جینێ لە تەنجەدا

## تێنسی ولیامز لە تەنجەدا

محەمەد شوکری

# جان جینێ لە تەنجەدا

## تێنسی ولیامز لە تەنجەدا

بیرەوەری

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
بورهان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد شوکری
جان جینێ لە تەنجەدا تێنسی ولیامز لە تەنجەدا "بیرەوەری"
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بورهان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٨
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤١٠ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-79-9

## (محەمەد شوكری) و

## گەڕان بەدوای شێوازێكی تری نووسیندا

ئەم ڕۆمانەی نووسەری مەغریبی (محەمەد شوكری) وەكو هەموو بەرهەمە ئەدەبییەكانی تری نووسەر دەچێتە خانەی بیرەوەری و سەرگوزشتەی ژیانەوە، وەلێ لەمیاندا كۆی كارەكتەرەكان كەسانی ئاسایی و سادە و خاكی نێو كۆمەڵگە نین، بگرە برێتین لە كەسانی نووسەر و ئەدیب، لە هونەرمەند و تابلۆكێش، كە (شوكری) خۆی لە رێی هاوڕێیەتییەكی توندوتۆڵ و ئەو دیدارانەی لەگەڵیاندا ئەنجامی داون ڕۆڵی سەرەكی لە گێڕانەوە و گواستنەوەی سەرنجەكاندا دەبینێ، كە بەشێكی زۆری دیدگا و بیر و بۆچوون و جیهانبینی و روئیای كارەكتەرەكان بووەتە مایەی ئیلهامیان، لەمیانەی گێڕانەوەكانیشدا هەوڵێكی بەرچاو و راستەقینە و قووڵ بۆ خوێندنەوە و چارەسەركردنی هەندێ كێشە و ئاستەنگی نێو دنیای نووسین دەخاتە بەردەستمان، تا لە ڕێگەیەوە هەندێ شێوازی تری نووسینمان بۆ پێشنیاز بكات. هەر بۆیە دەبینین گوتار و دیالۆگی كارەكتەرەكان جیهانبینی و دیدگایان جۆرەوجۆر و جودا و جیاوازن، هەر لە باسكردنی سیاسەت و ئاین و ئایدیۆلۆجیاوە بیگرە تا شۆڕبوونەوەیان بۆ نێو پێوەندییە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكانەوە، كە دواجار كۆی جۆر و چۆنایەتیی ئەو پێوەندییانە لەناو خاڵێكی هاوبەشدا كۆ دەكاتەوە و دەتوێنێتەوە، كە خاڵی خزمەتكردن و كۆمەك بەخشینە بەشێوازی نووسینی ئەدەبی، هەموو ئەو ناكۆكی و جیاوازییانەی لەناو دژەكاندا هەیە لە یەكتر نزیكیان دەكاتەوە و لەناو بودەقەی مرۆبووندا ئارامییان پێ دەبەخشێ و

هێـــوریـیـــان دەداتـێ، ئەمـــەش لـە ئاکـــامـی بیـــرکـــردنـەوەی ئازادانـەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە دێتە کایەوە بەچاوپۆشین لە ڕەگەز و ئاینی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان، وەک لە یەکێک لە دیالۆگەکانی نێو ڕۆمانەکە ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ بەوەی هەردوو ئاینی ئیسلام و مەسیحی بەدرێژاییی چەندین سەدەیە ناکۆکی و خوێن لە نێوانیاندا هەیە. (شوکری) لەم ڕووەوە پێمان دەڵێ، جیاوازیی ڕەگەز ئاین نابێ ببێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی ئێمە وەک مرۆ لەگەڵ یەکتردا مامەڵە بکەین.

ڕووبەرێکی تری ڕۆمـانەکـە باسکردنی کـێـشـە و ئاسـتـەنگی بەردەم نووسەرانە لەو شوێنانەی، کە ئازادی ڕووبەرێکی بچووکی بەرکەوتووە.

شـوێن، شـاری (تەنجـەیە) ئەو شـارەی، کە بەر لە سـەربەخۆییی مـەغریب، خـاڵ و پێگەی گـردبوونەوەی گـەلێک لە نووسـەرانی ڕۆئاوا و ئـەورووپا بووە، چونکە ئـەو شـارە ئاوێتـەیەک بووە لە ژیـانی ڕۆئاواییـیـانە و بۆن و بەرامـەی ڕۆهەڵات، ژیان لەو شارەدا تامێکی تری هەبووە.

(شـوکری) جگە لەو خۆشـەویسـتییـە زۆر تایبـەتەی، کە بەرانبـەر بە ژیانی نێـو شـەقـام و قـاوەخـانـە و ئوتێل و بارەکانی ئەو شـارە هـەیبـووە، لە هـەمـان کاتیشدا ویستوویەتی لە ڕێی ئەم بیرەوەری و سەرگوزشتانەوە، جاویدانی و نەمریی ئەو ڕۆژگارانەی (تەنجە)مان بۆ بگێڕێتەوە.

گرینگیی ئەم کتێبـە بۆ ئێمـە لەوەدایە دەمـانخـاتە سەر خـولیـا و هـەوەسی گەڕان بە دووی شێوازێکی تر لە نووسین.

بورهان ئەحمەد

٢٠١٢/٣/٢٧

## محەمەد شوکری و داهێنانەکەی لە کوردیدا

فاروق مستەفا

محەمەد شوکری ١٩٣٥-٢٠٠٣ ئەو نووسەرە مەغریبییە ناودارەیە، کە بەڕیتەی (صعلوک)ی ئەدەبی نوێی عەرەبی ناسراوە، لە تەمەنی بیستساڵیدا فێرە خوێندەواری بووە، لە ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ خانەوادەکەیدا بەرەو شاری (تەنجە) کۆچیان کردووە، ئیدی لەو شارەدا پەڕاکەندەی شەقام و کۆڵانەکانی بووە، بەگەلێک کار و پیشەی قێزەونی جۆرەوجۆرەوە خەریک بووە، وەک فرۆشیاری دەسگێڕ و حەماڵی و قاچاخچێتی، وەلێ پاشتر پشتی لەو هەموو پیشانە کرد و بۆ خوێندن ڕووی لە شاری (عەرائیش) کرد، هەر بە زیرەکی و کارامەیی و لێهاتوویی خۆی دواجار توانی ببێ بە مامۆستا.

(محەمەد شوکری) بە کتێبی (تەنیا لە پێناو ناندا) ناوبانگی دەرکرد، کە پاشتر ئەو کتێبە ناونرا (نانی ڕووت) و لەلایەن نووسەری ئەمەریکایی (پۆڵ بوولز)ەوە وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەو نووسەرێک بوو لە تەنجەدا دەژیا و لەگەڵ (شوکری)دا بووبوون بەهاوڕێی یەکتر، کە دواتر شوکری کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (پۆڵ بوولز و پەرگیریی تەنجە)ی لەسەر نووسی.

ناوی (محەمەد شوکری) بە (تەنجە) دەناسرێتەوە، ئەو شارە مەغریبییەی، کە پێش سەربەخۆییی مەغریب لە ڕووی دانیشتوانییەوە بە شارێکی نێونەتەوەیی دادەنرا و هەموو کولتوور و فەرهەنگە جیاوازەکانی وەک عەرەبی و ئینگلیزی و فرەنسی و ئیسپانیی لەخۆ دەگرت، هەر بۆیە گەلێک لە ئەدیبەکانی ڕۆئاوا حەزیان بەنیشتەجێبوون و ژیانی ئەوێ دەکرد، چونکە لە چوارچێوەی ژیانی ئەو شارەدا خۆشی و چێژیان لە حەشیشەکێشی و

لۆتێتی و نەسرۆیی سێکسی دەبینی، کە بەرەنگی ژیانی رۆهەڵاتییانە و بە رۆشنبیری و داوونەریتی گوندییانەی دوور لە ئاڵۆزی شارستانییانە ئاوێتە بووبوو.

ناوی ئەو ئەدیبانەی لەو شارەدا ژیاون گەلێک زۆرن، لەپێشیانەوە (پۆڵ بوولز)ی ئەمەریکایی و هاوسەرەکەی (جین بوولز)، کە لە ساڵی ١٩٧٣دا مردووە، هەروەها نووسەرانی وەک رۆلان بارتی فرەنسی، سەموئێل بیکێتی ئێرلەندی، جاک کرواکی خاوەن رۆمانی (لە رێگەدا)، تینسی ولیامزی شانۆنامەنووسی ناسراو، کە ئەم دووانە ئەمەریکایی بوون، هەروەها جان جینێی فرەنسی و گەلێک نووسەر و هونەرمەندی تریش ئەو شارە مەغریبیە بەدڵفراوانییەوە باوەشی بۆ خۆیان و ئەدەب و بیرەوەرییەکانیان والا کردبوو.

ئەدەبی (شوکری) دەچێتە خانەی ئەدەبی ژیانی رۆژانەوە، بە هەموو وردەکاری و بێ رتووش بە ئەدەبی جیهانی ژێرەوە ئەژمار دەکرێ، بۆیە دەبینین دیدارەکانی لەگەڵ سۆزانی و هاورەگەزبازەکان و قاچاخچێتی و پەراوێزخراوەکان ئەنجام دەدات، شوکری بە رۆچوونە ژێر پێست و نێو ئێسکی ئەو شارەی خۆی، کە دواتر لە ئەدەبیاتی خۆی ناوی لێ نا (تەنجیس) توانی نەمری و جاویدانی بەو شارە ببەخشێ، بەمەش رووخسار و رووی تەنجاوییەکانی دەرهێنا، ئەو نیگا و رووخسارانەی لەگەڵیان ژیا و خۆشیانی ویست، بۆیە ئەستەمە کەسێکی تر وەک شوکری بدۆزینەوە، کە بەو شێوە ئەفسووناوییە لەگەڵ شارەکەی خۆی تەنجەدا ژیابێ.

یەکەم جار کتێبی (نانی رووت)ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، دواتر و لە ساڵی پاردا کتێبێکی تری (شوکری)، کە ئەویش (بازاڕی ناوخۆیی) بوو لەلایەن هاورێی شاعیرمان (بورهان ئەحمەد)ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی، کە هەردووکیان دەچنە خانەی ئەدەبی سەرگوزشتە و بیرەوەرییەوە، ئەوا کتێبێکی تر (جان جینیە لە تەنجەدا، تێنسی ولیامز لە تەنجەدا)

لەلایەن ناوبراوەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەم کتێبەش دەچێتە خانەی ئەدەبی بیرەوەرییەوە. بە بڕوای ئێمە پاڵنەرێک هەبێ لەلای (بورهان) ئەو شەیدایی و هۆگرییەیە، کە بۆ ئەو نووسەرە مەغریبیە هەیەتی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بووەتە خاوەن ئەزموونێک لە وەرگێڕانی ئەدەبەکەی ئەودا، هەروەها بڕوایەکی جێگیر و پتەوم لەلا هەیە ئەم کتێبەش وەک کتێبەکەی پێشووتری لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکرێ.

بیرەوەرییەکانی (شوکری) لەبارەی نووسەری فەرەنسی (جان جینیە)وە لە ڕۆژی ١٨/١١ / ١٩٦٨دا دەست پێ دەکات، کە ڕۆژێکە تیایدا لە شاری تەنجەدا یەکتر دەناسن، ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە پێوەندیی هاوڕێیەتییان پتەوتر دەبێت، بە درێژاییی گفتوگۆی نێوانیان گەلێک دیالۆگی سەیرمان بەرچاو دەکەون، لە یەکێک لەو وتووێژەی نێوانیان ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە (جان جینیە) هیچ شتێکی وەرگێڕاوی ئەدەبی عەرەبیی بۆ سەر زمانی فەرەنسی نەخوێندووەتەوە، بگرە تەنیا ئەدیبێک ئەو بیناسێ (کاتب یاسین)ی جەزائیرییە، هەروەها لە کاتی ئەو پرسیارانەی شوکری لە جینێ دەیکات بەوەی چۆن تەها حسین و تۆفیق حەکیم ناناسێ، کە ئەوان دوو نووسەرن لە فەرەنسادا ژیاون و کارەکانیان وەرگێڕاونەتە سەر ئەو زمانە، لەم ڕووەوە جینێ ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەو نایانناسێ، بەڵام هیواخوازە ڕۆژێک هەندێ کاری ئەوان بخوێنێتەوە.

(جان جینیە) ئەو نووسەرەی لەنێو دز و ڕەفتار ناجۆرەکان و بوهیمی و گیراوەکاندا خۆی پێ گەیاند، هەروەها ئەو نووسەرەی، کە (پۆل سارتەر) کتێبێکی بە بەهای لەبارەی بیروڕاکانی و ژیانی ئەوەوە نووسی، (جینێ) چەندین کتێبی نووسیوەتەوە لەوانە (ڕۆژانەکانی دزەکە) (خانمە گوڵینەکەمان) (کارەکەرەکان)، لەو بۆچوونانەی شوکری لەبارەی ئەوەوە هەیبوو "ئەو بەشێوازێکی تر خەونی بەنووسینەوە دەبینی، شێوازێک کە تاکو ئێستا بوونی نییە، ئەو شێوازانەی ئێستاکە لە ئارادان تەواو

بەسەرچوونە".

لەم کتێبەدا گەلێک بیرورِا و تێرِامانمان بەرچاو دەکەوێ، کە شوکری لەبارەی جینێیەوە دەیانخاتە روو، شوکری رِای (پۆل بوولز)مان بۆ دەگوازێتەوە، کە ئەویش لەو سەردەمەدا لە تەنجە ژیاوە "وەختێک کارێکی جێنی دەخوێنمەوە شتێکی لێوە فێر نابم، لێ شێوازی نووسینی جوانترین شێوازی نووسەرێکی فرەنسییە"، هەروەها (پاتریک ئۆهیجینز) لەبارەی ئەوەوە دەڵێت: "جێنیە یەکەمین کەسێکە، کە دەرگەی جوانی و خەمی والآ کرد -نەسرۆیی سێکسی" .. ئەگەر وانەیەکی گرینگ لەوەوە فێر بین ئەوەش ئەوەیە، کە هەموو ناولێنان و ریزبەندییەک رەت دەکاتەوە، هەر بۆیە ئەوەش رەت دەکاتەوە، کە ئەو نووسەرێکی بوونگەرا یان بێهوودەیی بێت، چونکە نووسەربوون لەلای ئەو یان دەبێت نووسەرێکی باش بێت یان خراپ".

وەلێ یاداشتنامەکانی شوکری لەبارەی شانۆنامەنووسی ئەمەریکایی (تێنسی ولیامز)ەوە لە ١٦ /٧ /١٩٧٣دا دەس پێ دەکات ئەو کاتەی لە تەنجەدا (پۆڵ بوولز) دەبینێ و پێی رادەگەیەنێ بەوەی (تێنسی) لە تەنجەدایە. شوکری لەبارەی رەفتاری (تێنسی) و پێکەنینەکانییەوە دەڵێت: "هیچ نووسەرێکم ئەوەندەی (تێنسی) بە دڵخۆشییەوە نەبینیوە، سەرەرِای ئەوەی کە (هاوین و دووکەڵ) و (پشیلەیەک لەسەر تەنەکەیەکی داغبوو)ی نووسیوە. ئەو بیرەوەرییانەش لە ٩ /٨ /١٩٧٣ی کۆتاییان پێ دێ.

دوو خاڵی سەرەکی و گرینگ لەم کتێبەدا برێتین لە کەسایەتیی (محەمەد شوکری)، کە بە گەرِۆکی یەکەمی شار ناسراوە و بە رەفتار و هەڵسوکەوتی مایەی سەرنج راکێشان بووە، هەروەها ئەو هەمیشە کتێبی هەڵدەگرت و ئەم چایخانە و ئەو چایخانەی دەکرد، چونکە لە قاوەخانەکاندا خووی بەخوێندنەوەی کتێبەوە گرتبوو. خاڵی دووەمیش ناو و ناوبانگی شاری تەنجە بوو، ئەو شارەی کە لە رِۆژگارێکدا شارێکی نێودەوڵەتی بووە، هەر

بۆیە شوکری بەدوای ئەو مەزنێتییەی شارەکەدا دەگەڕێ و دەیەوێ ئەو سەروەرییەی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەم بیرەوەری و سەرگوزشتانەی، کە قەڵەمی داهێنەرانەی شوکری دای ڕشتوون، هاوڕێی شاعیرمان (بورهان ئەحمەد) بەو سەلیقە جیاوازە شیعرییەی هەیەتی و بەو پەرۆشی و بەدواداچوونەی بۆ دنیای نووسین و خوێندنەوە تیایدایە بۆمان دەگوازێتەوە نێو زمانی کوردی، هەروەها هەڵبژاردنی ئەم جۆرە تێکستانە و گۆڕینی بۆ زمانی کوردی دەمگەیەننە ئەو باوەڕەی ئەم کتێبە نوێیە لەنێو کتێبخانەی کوردیدا جێگەی شایان بە خۆی وەربگرێت و لەلایەن ئەو خوێنەرانەی بەدوای ئەدەبی پڕ بەها و وروژێنەردا دەگەڕێن پێشوازیی باشی لێ بکرێ، تا لەو ڕێگەیەوە تینوێتیی قووڵی ئەدەبییانەی خۆیانی پێ بشکێن.

## چیرۆکێکی تەواو لەبارەی جان جینێوە لە تەنجەدا

نووسینی: ولیام برۆتس

هەست دەکەم کتێبەکەی شوکری لەبارەی جینێوە لە تەنجەدا پێویستی بە پێشەکی نییە. چوون وێنەیەکی تەواومان لەبارەی جان جینێوە دەداتێ. ئەوەیشی ئەم بیرەوەرییانە بخوێنێتەوە جینێ بە هەمان ئەو ڕوونییەوە دەبینێ کە لە شیکاگۆدا بینیم. دەبێ کەمۆیەک وەبا کەمێک نموونە بێنمەوە: "پۆلیس هەرگیز مرۆ نەبوونە، ئەو ڕۆژەش دەبن بەمرۆ واتە پۆلیس نین" ئەمە ڕێک ئاوهایە، چونکە هەندێ پۆلیس لە هاوەڵەکانیان باشترن، وەک چۆن تووشبوون بە هەڵامەت باشترە لە تووشبوون بە هاری، لێ ئەوە کێیە دەیەوێ تووشی هەڵامەت یان تووشی هاری بێ...؟

"لەوەدا (نا) یەکی ڕەها نییە، هەروەها (بەڵێ) یەکی ڕەهاش نییە. ئەوەتا من ئێستا لەگەڵ تۆدا دانیشتووم، بەڵام زۆریش ئاسانە لەگەڵتدا نەبم".

بە تەنیا بەخت لەمەدا ڕۆڵی بینی، کە جینێ لە ساڵی ١٩٦٨دا لە شیکاگۆ بێ وەختێک بۆ ڕووماڵکردنی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکرات بۆ کۆواری ئێسکوایر (ESQUIRE) هاتبوو."من نە بوونگەراییم، نە بێهوودەییم. من بڕوام بەمجۆرە ڕیزبەندییە نییە، جگە لە نووسەر شتێکی تر نیم، یان نووسەرێکی باش یاخۆ خراپم".

من گەلێک جار بەرانبەر ئەم ڕیزبەندییە ئارامیم لە دەست دەدەم. ئاخۆ من نووسەرێکم سەر بەتەمەنێکی دیاریکراو؟ یان نووسەرێکی ڕەشبینم یان شتێک لەو جۆرە؟. لەمەدا نووسینی باش و نووسینی خراپ هەیە، لێ ناونان و ڕیزبەندی ماناکان ناتەواو دەکەن.

"من هەمیشە دەمنووسی، تەنانەت بەر لە هەوڵدانیش بۆ نووسینی هەر شتێک" سەرگوزشتەی هەر نووسەرێک لەو چرکەیەوە دەست پێ ناکات کە نووسەر دەیەوێ، چوون سەرگوزشتە و نووسینەوەی دەشێ بەر یان دوای ئەو چرکەیە ڕوو بدات". "من تا تەمەنم نەگەیشتە سی و پێنج ساڵ دەستم بە نووسین نەکرد".

لە وتارێکمدا کە لەبارەی (کێرواک)ەوە نووسیبووم بەر لەوەی یاداشتنامەکانی شوکری ببینم، ڕێک هەمان شتم وتبوو: "پێش ئەوەی شتێک لەسەر کاغەز بنووسم ئەوەم پێشتر هەمیشە نووسیبوو".

ئەم قەناعەتە هاوبەشە توانای بە جان جینێ و من بەخشی تا بکەوینە گفتوگۆوە و یەکتر بدوێنین، ئەمە لە شیکاگۆدا سەرەڕای فرەنسێتیی زۆری من و ئینگلیزیتێکەی ئەو کە بوونیشی نەبوو. ئەگەریش ئەو خۆی بەکەسێکی بوونگەرا یان بێهوودە بزانیبا ئەوا ئەم وتووێژە دەبووە نیمچە مەحاڵ.

کاتێک یاداشتنامەکانی شوکریم خوێندەوە جان جینێ و ناوبانگیم بە ئاشکرا و ڕوونی بینی وەک ئەوەی فیلمێک ببینم.

بۆ ئەوەی کەسێک ئەوپەڕی وردبینی لەمەدا بەدەست بهێنێ بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان و تۆمارکردنی ئەوانەی لەبارەی کەسێکەوە دەوترێن، پێویستە خاوەن ڕوونییەکی بێوێنە بێت لە تێڕامان، شوکری نووسەرە.

# جان جینێ لە تەنجەدا

١٨- ١١- ١٩٦٨

لەگەڵ جیرارد بێتی GERARD BEATTY لە قاوەخانەی سەنتراڵ بووم، لە پڕێکدا وتی:

- سەیرکە! ئا ئەوە جان جینێیە.

لەسەرخۆ ڕێ دەکات، دەستەکانی خستووەتە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە، جلەکانی پەڕپووتن، پیس و پۆخڵن، بە بەردەوامی تەماشای بانێژەی قاوەخانەی سەنتراڵ دەکات.

ڕاوەستا، ئاوڕی بەلای قاوەخانەی فۆینتس FUENTES دایەوە و پاشان ڕووی لە قاوەخانەی تەنجە کرد. بە جیرارم وت:

- دەمەوێ بیناسم.

بە هەڵچوونەوە وتی:

- باشتر وایە ئەمە نەکەی.

- لەبەرچی؟

- ئەو بەناسینی خەڵک بەئاسانی تەنگەتاو دەبێ. گونجان و تەبایی لەگەڵ ئەودا قورسە، لەبارەی ئەوەوە ئاوهام بیستووە.

من بۆ خۆم گەلێک شتم لەبارەی ئەوەوە بیستبوو. بەرپرسێکی بنکەیەکی ڕۆشنبیریی فرەنسی پێمی گوتبوو:

- ئەوەی لە جینێ نزیک ببێتەوە، یان دەبێت چاوەڕێی شەپازلەیەک بکات، یان ماچێک لە ڕووخساری. بڕیارم دا لەگەڵ جیرار و لەگەڵ ئەوەی لەبارەی جینێوە بیستبووم سەرکێش بم.

لە قاوەخانەی تەنجە بەتەنیشت لاوێکی مەغریبییەوە دانیشتبوو. جیرار و من نزیکەی کاژێرێک لەبارەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی سەردانی تەنجەیان کردبوو دواین. چاوێکم لەسەر مێروولە ئادەمییەکان بوو لە

گۆڕەپانەکە و چاوەکەی ترم لەسەر سەرە ڕووتاوەکەی جینێ بوو کە لەبەر هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە. بینیم هەستا. سەعات سێی ئێوارە بوو. بە جیرارم گوت:

– چاودێریی بکە بزانە چی ڕوو دەدات.

ئینجا هەستام و بەرەو ڕووی جینێ ڕۆیشتم. گوێم لێ بوو جیرار بەبێزارییەوە وتی:

– تۆ گەمژەی، بگەڕێوە جێگەی خۆت.

بەدەم زەردەخەنەوە ئاوڕم لێ دایەوە، ئەمەی خستە سەر:

– ئەمەی تۆ دەیکەی گەوجێتییە.

لێی چوومە پێشەوە، ڕاوەستا. وەک پێشتر دەستەکانی لە گیرفانیدا بوو. کەمێک بەسەر خۆیدا چەمابووەوە. بە وریاییەوە خۆی تەکان و بە سووربوونەوە تەماشای کردم. دواتر زانیم ئەمە جووڵانەوەکانی ئەوە لە بەردەم کەسێکدا کە نایناسێ. پێم وت:

– تۆ مسیۆ جینێی، وانییە؟

کەمێک ڕاڕا بوو، ئینجا لێمی پرسی:

– تۆ کێی؟

– نووسەرێکی مەغریبیم. (تاکو ئەو کاتە تەنیا دوو چیرۆکم لە کۆواری ئادابی بەیرووتی بڵاو کردبووەوە) دەستی بۆ درێژ کردم.

– سڵاو.

لە پەنجەرەی قاوەخانەکەوە جیرارم بینی بە سەرسوورمان و خەندەوە تەماشای دەکردم. دڵخۆش بووین. دەستمان بە وتووێژ کرد لەبارەی ئەو نووسەرە مەغریبییانەوە، کە هەندێ کێشە و گرفتی نووسین و ئاستەنگی بڵاوکردنەوەیان هەبوو. لە ڕێگەی چوونمان بۆ بازاڕی زەرەنگەران لێم

پرسی:

– تەنجەت بە دڵە؟

– تا ڕادەیەک.

من تا ئەو کاتە کتێبی "یاداشتنامەی دزێک"ی ئەوم نەخوێندبووەوە، کە تیایدا لەبارەیەوە وتبووی:

"تەنجەی ناپاکی" REPAIRE DE TRAITRES

-ئاخۆ جوانترین شاری جیهان نییە؟

– بە دڵنیاییەوە نە. کێ ئەمەی بە تۆ وتووە؟

– ئاوهام بیستووە.

– ڕاست نییە، گەلێک شاری تر لە ئاسیادا هەن زۆر زۆر جوانترن.

لە بەردەم ئوتێلی مەنزە دەستی بۆ درێژ کردم و وتی:

– من لەسەر کورتی و کەمی ڕاهاتووم. ئەگەر دەخوازی، سبەینێ لە بازاڕی ناوەخۆیی پاش سەعات دوو دەتوانین یەکتری ببینین خوات لەگەڵ.

– مع السلامة.

ئەمە یەکەم وشەی عەرەبی بوو لەوم بیست.

### ١٩- ١١- ١٩٦٨

لەو شوێنە فراوان و بەرینەی حەوشەکەی قاوەخانەی تەنجەدا شوێنێکی بەتاڵم نەدۆزییەوە، هەر بۆیە لە قاوەخانەی مەنارە دانیشتم. ئەو دێت یان نایەت؟ دوێنێکە ئەو هەستەی پێ بەخشی کە دەڕژێتە ئێستای چاوەڕوانکراوەوە.

ئا ئەوە هات. وەک چۆن بەوە ڕاهاتووە لەسەرخۆ ڕێ دەکا، دەستەکانی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدایە، ئاماژەم بۆ کرد، چاوەکانی بریسکانەوە،

زەردەخـەنەی هاتێ، لەبەری ڕاوەسـتـام، تەوقـەمـان کـرد، تەمـاشـاکـانی لە دوێنێی دۆسـتــانەتر دیار بوو، داوای چایەکی بە نـەعناوە کـرد، بۆ منیش چایەکی تری لە هەمان جۆر داوا کرد.

– نازانم لەبەرچی هەندێک لە کتێبەکانی تۆیان نەگۆڕیوەتە سـەر زمـانی عەرەبی.

– مەبەستت چییە؟ عەرەبیی قورئانی؟

– بەڵێ.

بۆم ڕوون کـردەوە بەوەی "لاراب کـلاسـیک" هـەمـان شـتـە لەگـەڵ "لاراب کۆرانیک"

– نازانم، تا ئێـستـا کـەسێک داوای وەرگـێڕانی لە من نـەکردووە. دەشێ ئەمە لە داهاتوودا بکەن. لەو بڕوایەدام عەرەب کارەکانی منیان لەم قۆناغەدا بەلاوە گرینگ نەبێ. من ئەوە دەزانم، کـە عـەرەب هەسـتـیـارییـەکی ئاکـاریی زۆریان هەیە. من کتێبی "سوور و ڕەش"م پێ بوو، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە.

– ئەم ڕۆمانەت بەدڵە؟

– بەڵێ. یەکەم جار بە عەرەبی خوێندوومەتەوە، ئەمڕۆکەش هەوڵ دەدەم بە فرەنسی بۆ جاری دووەم بیخوێنمەوە. (ئـەمەم خستـە سـەر) ژیانی خێزانی ژولیـان لایەنێک لە ژیانی من دەگرێتـەوە. لەوێدا ڕووداوێکی هاوشـێوە هەیە: چوون (سـورال) کـوڕەکـەی خـۆی (ژولیـان)ی بە کـوێخـای شـار (دورینال) بەرانبەر بە سێسەد فرەنک کە ساڵانە وەری دەگرت فرۆشت، باوکی منیش لە تەتوان منی بە سی یەکی کەم، مانگانە بە چایچییەکی حەشیشەکێش لەو گەڕەکەی تیایدا نیشتەجێ بووین فرۆشت.

– ئەمەیە هەڵەکە، تۆ بەتەنیا نیت. تۆ هەرگیز بەم شێوەیە درک بە جوانیی کارێکی ئەدەبی ناکەی. بۆیە لەسـەرتە ئەو کـارە ئەدەبییـە نەخـوێنیـتـەوە، کە ژیانـی کـارەکتــەرێکی لە ژیانی تۆ دەچێ، پێـویسـتــە لە هەمــوو ئـەوانەی

داماڵێنی و بیتەکێنیتەوە. چوون ژیانی مرۆڤێکی تر ژیانی تۆ نییە.

لە زەینی مندا کەسایەتیی باسیلیۆ سەری هەڵدا (لە وێنەی دوریان گرەی)* تیایدا لەگەڵ لۆرد هێنری لەبارەی هونەر و پێوەندیی بەژیانی کەسایەتیی هونەرمەندەوە دەدوا.

پێم گوت:

- من کاتێک (سوور و ڕەش) دەخوێنمەوە مەبەستم ئەوە نییە، کە ژیانی خێزانی ژولیان بەهەمان مەرجەکانی ژیانی خۆم لەگەڵ خانەوادەکەمدا بچوێنم. ئەمە بەڕێککەوت ڕووی دا. من کاتێک خوێندنەوەی سوور و ڕەش دووبارە و دەبارە دەکەمەوە، واتە من خوێندنەوەی ژیانی ژولیا دووبارە دەکەمەوە، نەوەکو ژیانی خۆم. ئەوەیشی ڕوو دەدا ئەوەیە کە ژولیان هەستێکی نوێم لەبارەی ژیانی ڕابردووی خۆمەوە پێ دەبەخشێ، لەناو پرسە و دڵتەنگیی ژیانی ئێستامدا ئارامم دەکاتەوە.

ئەمەم خستە سەر:

- ژیانی ژولیان جوانی و شۆخی بوو.

- ئەمە ڕاستە. (ئەمەی خستە سەر) ستاندال لە گەورە نووسەرانی سەردەمەکەی خۆی بوو.

- دەستبەرداربوونی مێرسۆل لە بەرگریکردن لە خۆی لە ڕۆمانی (نامۆدا) دیسانەوە دەستبەرداربوونی جۆلیانم بیر دەخاتەوە لە لێبووردەخوازی و هەڵهاتن لە گرتیگەکەی. هەڵوێستی هەردووکیان بەرانبەر بە دادپەروەریی سوکراتییانە بوو.

- ڕووداوەکە جیاوازە.

زۆری باس لەو ماوەیە کرد، کە ستاندال ڕۆمانەکەی تیادا نووسیبوو، ئینجا وتی:

* ڕۆمانێکی ئۆسکار وایڵدە.

– وەلێ کامۆ بەختێکی باشی هەبوو. ئەو لە کاتێکدا نامۆی نووسی کە فرەنسا لە تیرۆری سەربازی و دەسەڵاتی ئاینی ڕزگاری بووبوو. قارەمانی ئەمڕۆ لە ڕۆمانی نوێدا ئازادییەکی بەرفراوانتری هەیە لە ڕەتکردنەوەدا. ئەو بەدەگمەن لە پێناو ژنێکدا دەمرێ کە خۆشی دەوێ. لەوانەیە ئەو ژنە بەر فیشەکی بدا. بەڵام لە زیندانادا هیچ ئازارێک لە پێناو ئەو ئەڤینە ناچێژێ و یان لە کاتێکدا نزیک بە پەتی سێدارە دەبێتەوە ناوی نابات. دەشێ کافکا بەیەکەم کەس دابنرێ کە لەبارەی ڕەتکردنەوەی ئاڵۆزەوە نووسیبێتی. بۆ نموونە ڕێزدار ک K. لە مەسەلەیەکدا وەربگرە. لەوەدا فەرمانێکی دڵڕەقانە لە دژی سەپێنراوە، یان پلانێک لە ئارادایە بۆ لەناوبردنی، لێرەدا هیچ مەسەلەیەک بوونی نییە: ئەمە لە کاتێکدایە، کە ژیانی ئەو لە مەترسیدایە و ئەویش ڕۆڵی ئەڤینێکی گاڵتەجاڕی لەگەڵ ژنێکدا دەبینێ. پاش چرکەیەک پرسیاری سارتەری هاوڕێیم لێ کرد.

وتی:

– دوو ساڵە نەمدیوە.

– زۆربەی کتێبەکانی ئەوم خوێندووەتەوە. هیواخوازم ڕۆژێک بە دیداری بگەم.

– ئەگەر بخوازی دەکرێ بە دیداری بگەی. (ئەمەی خستە سەر) سارتەری بەر لە شەڕ سارتەری پاش شەڕ نییە. ئەو لە گرتیگەی ئەڵمانییەکان بە پێستێکی نوێوە هاتە دەرێ. ئەو ئەگەر پێستی خۆی نەگۆڕیبا نەدەکرا ئێمە ببینە هاوڕێی. ئەو پێشتر ناسینی کەسانی من ئاسای ڕەت دەکردەوە. پێکەوە بەرەو ئوتێلۆکەیە کەوتینە ڕێ. لە ڕێگەدا لێم پرسی:

– ئیسپانی دەزانی؟

– نەء (ئەمەی خستە سەر) لە مانگی ئۆگێستدا لە شیکاگۆ بووم. تەنیا هەندێ وشەی نوێ فێر بووم لە پاڵ چەند وشەیەکی تر، کە پێشتر دەمزانین.

– ئەدی ئینگلیزی؟

– ئەمەشیان نازانم.

بیرم لە کتێبەکەی (ڕۆژانەکانی دزەکە) و بیرەوەرییەکانی لاوێتی لە (بەرشەلۆنە) کردەوە. ئاخۆ ئەو درۆم لەگەڵدا دەکا یان شتێکی تر. بەبێ ئەوەی کاتێک بۆ دیدار دەسنیشان بکەین لە بەردەم باخچەکەدا لە یەکتر دابڕاین.

**٢٠- ١١- ١٩٦٨**

بەهاوەڵیی براین جێسن BRION GYSIN لە گۆڕەپانی بەنەشرەقییەوە دەهاتین.

جینێ لە قسەکردندا دەستپێشخەریی کرد و لەبارەی ڕەنگی سوورەوە لە ڕۆمانەکەی ستاندالدا وتی:

– گوێ بگرە، ڕەنگی سوور سیمبولی سوپا نییە وەک دوێنێش پێم وتی، بگرە ئاماژەیە بۆ ئەو نوێنەرانەی کە جلی سوور دەپۆشن، سوور ئاماژەیە بۆ نوێنەرەکان و ڕەشیش ئاماژەیە بۆ ڕاهیبەکان.

**٢١- ١١- ١٩٦٨**

کەمێک لە سەعات دوازدە لایدابوو لە ناوەندە بازاڕ یەکترمان بینی، نزیکەی سەعاتێک پێکەوە دواین، هەندێ پرسیاری لەبارەی ڕەوشی ئابووری و ڕووناکبیرییەوە لە مەغریبدا ئاراستە کردم.

– ئایا لەلای ئێوە مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارەکانیان لە کاتی پشوو یان لە دەرەوەی زانکۆکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن؟

– نەخێر، ئەمە نە لەلایەن مامۆستا مەغریبییەکانەوە و نەیش لەلایەن

مامۆستا فرەنسییەکانەوە ڕوو نادات، لێرەدا بەربەستێکی گەورە لە نێوان مامۆستا و خوێندکارەکانیدا هەیە.

– لەبەرچی؟

– نازانم.

نائومێدییەکی گەورە لە دەموچاویدا بینرا، پاشان لەبارەی ئاینی ئیسلام و مەسیحییەوە قسەمان کرد، هەروەها لەبارەی ئەوانەی ئینجیلیان نووسیوە و چۆنیەتیی دابەزینی قورئان دواین. وتی:

– من، بۆ خۆم لەو بڕوایەدام قورئان زیاتر متمانەدارترە لە مەتی و مەرقۆس، لە یۆقا و یۆحەنا. هەردووکمان بۆ ساتێک بێدەنگ دەبووین و پاشان دەستمان دەکردەوە بە پەیڤین، لێم پرسی:

– ئاخۆ هیچ شتێکی نووسەرانی عەرەبت خوێندووەتەوە؟

– بەداخەوە، نەء . تەنیا هەندێ کاری (کاتب یاسین)م خوێندووەتەوە، ئەو هاوەڵمە.

بۆ ئەوەی دڵنیا بم وایە، ئەمەم خستە سەر:

– تەنانەت (تەها حوسێن و تۆفیق حەکیم)شت نەخوێندووەتەوە؟

– ئەوانە کێن؟

– دوو نووسەری میسرین، هەندێ کاری ئەوان گۆڕاونەتە سەر زمانی فرەنسی و هەندێ زمانی تر.

– بەداخەوە نایانناسم، هیواخوازم ڕۆژێک شتێکیان بخوێنمەوە.

**٢٤ -٩ -١٩٦٩**

جیرار بیتی پێی ڕاگەیاندم، ئەم بەیانییە جینێم لە بازاڕی ناوەخۆییدا ZOCO CHICO بینی.

سەرلەئێوارە لە قاوەخانەی زاگورا ZAGORA چاوم بە براین جێسن

کەوت. لەبەر شکاویی پێی نەیدەتوانی زۆر ڕێ بکات. داوای لێ کردم بچم بۆلای جینێ تاکو هەواڵی نیوەڕۆژە خوانێکی پێ ڕابگەیەنم لە ماڵی ئەو لە سەعات دوازدەی سبەینێدا. لە شوێنی تایبەت بەپێشوازی قسەم لەگەڵدا کرد، بەبێ دوودڵی بەداوەتنامەکەی براین قایل بوو، بە دڵخۆشییەوە لێی پرسیم:

– کچە ڕەبەنی (بارم)ت خوێندووەتەوە؟

شڵەژام بەر لەوەی وەڵامی بدەمەوە.

– هێشتاکە نەء. بەڵام بەدڵنیاییەوە لەم ڕۆژانەدا دەیخوێنمەوە.

– ساڵی ڕابردوو ئامۆژگاریم کردی بیخوێنیتەوە. (ئەمەی بۆ زیاد کرد) بمبوورە بەوەی ناتوانم دابەزم، چوون هەندێ حەبی نیمبوتاڵم خواردووە، بەهیوای دیدار لە سبەینێدا لای ئەمەریکاییەکە.

بەدەم ڕێگەوە بەرەو ماڵ لەبەر شکانی پێی سکاڵای دەکرد و گلەیی و گازندەی لە هەندێ لە هاوڕێکانی دەکرد، کە ناهێڵن کار لە کتێبە تازەکەیدا بکات. چووینە مەیخانەی پارادییەوە PARADE. براین داوای ویسکیی کرد و منیش داوای بیرەم کرد، پێم وت:

– ئەوەتا جینێ بۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ تەنجە.

ئەوەی ناو بادەکەی خۆی خواردەوە و داوای هی تری کرد.

– لەم ڕۆژانەدا هەندێ لە کتێبەکانیم دووبارە خوێندەوە. من لەو بڕوایەدا نیم، کە ئەو خوێندن و پەروەردەیەکی باش فێر کرابێ. بێگومان دەبێت نهێنییەک لە پێکهاتەی ئەدەبی ئەودا هەبێت، کە دەیشارێتەوە. ژیانی ئەو برێتییە لە یەکێک لە ئەفسانەکانی سەدەی بیستەم لە ئەدەبدا.

لێم پرسی:

– تۆ لە چ بڕوایەکدای بەرانبەر ئەو خوێندن و پەروەردەیەی ئەو وەری گرتووە؟

من پرسیاری ئەوەم لێ کرد، لێ ئەو بەمە کۆتاییی پێ هێنا: "من لە ماوەیەکی دیاریکراودا لە نێوەند دز و بوهیمییەکان کەسایەتیی ئەدەبیی خۆم پێک هێنا. ئەوان بە فرەنسییەکی ڕەوان قسەیان دەکرد و کتێبگەلی نوێیان دەخوێندەوە.

پێم وت:

– من بڕوام بەمە نییە. هەر دەبێ تۆ لەگەڵ ڕەبەنەکاندا لە یەکێک لە پەرستگەکان خوێندبێتت و پەروەردە بووبێتی. ئێمە لە شەقامەکاندا زمانی ڕاسین فێر نابین. دەشێ تۆ زمانی گریکی و لاتینییش بزانی.

– ئێ چیی تری وت؟

– هیچ شتێک، ڕەنگی هەڵبزرکا، بەسەرسامییەوە تەماشای کردم وەک ئەوەی نهێنییەکەیم ئاشکرا کردبێ، ئینجا دوای خاوبوونەوە و پشوویەک پێ کەنی و وتی:

– ئەوەی تۆ دەیڵێی هیچی ڕاست نییە، ئەوەت بۆ دووپات دەکەمەوە، کە من پەروەردە و خوێندنم لەگەڵ کۆمەڵێک نەفرەتلێکراو لە ماوەیەکی تایبەتدا بەدەست هێنا، کە پێشتر نە ئەوە ڕووی دابوو نە زۆریش بەردەوامی کرد.

براین بۆ چرکەیەک بێدەنگ بوو، ئینجا پاش ئەوەی پێکەکەی خۆی خواردەوە، وتی:

– من سوورم لەسەر ئەوەی کە جینێی سێیەم هەیە. خەڵکی جینێی دز، جینێی بلیمەت دەناسن، وەلێ جینێی سێیەم ناناسن:

جینێی پەنهان.

پێشتر جارێکیان پۆل بوولز PAUL BOWLES پێی وتم کاتێک ئەو کارێکی جینێ دەخوێنێتەوە شتێکی زۆری لێوە فێر نابێ، بەڵام شێوازی نووسینی ئەو ناوازەترین و جوانترین شێوازی نووسەرانی فرەنسایە، کە تاکو ئێستاکە بە زیندوویی مابێتەوە، ئەو وەک فرانسوا ئەنییۆنە لە زەمانی خۆیدا.

له پۆڵم پرسی:

– کاتێک بۆ یەکەم جار نهێنییەکانی ناو کارەکانی جینێت دۆزییەوە هەستت بەچی کرد؟

– وام هەست کرد کە ئەو نووسەرێکی ڕووتە، لێ باشتر بۆچوونی خۆمم گۆڕی. ئینجا پاتریک ئۆهێجێنس کە لە ماڵی پۆلدا ئامادە بوو وتی:

– لەو بڕوایەدام کە جینێ یەکەمین کەس بووبێت دەرگەی لەسەر جوانی و خەمی نەسرۆییی سێکسی والاّ کردبێت.

**١٩٦٩-٩-٢٥**

دوو تاوە خواردنمان بەدەستمان خوارد، جینێ لەسەر ئەو خووەی پێی ڕاهاتبوو کەمی خوارد. پاش لێبوونەوەمان لە خواردن (ح) لە جینێی پرسی:

– سەرەڕای ئەوەی کە تۆ هاوڕێیەتیی مەغریبییە هەژارەکان بەباشتر دەزانی و گرینگییش بەوان دەدەی، ئەی بۆچی لە ئۆتێلی (مەنزە) دابەزیوی؟ جینێ پێکەنینێکی نەرمی بۆ کرد.

– دەزانی بۆچی؟

– نەخێر.

– لەبەرئەوەی سەگێکی گلاّوم. من لە مەنزە یان هیلتۆن دادەبەزم، لەبەرئەوەی حەز دەکەم ئەو کەشخە و ڕێکپۆشانە ببینم وەختێک خزمەت بە سەگێکی پیسی وەک من دەکەن.

هەمووان پێ کەنین. (ح) وتی:

– لەبەرچی تۆ سەگێکی گلاّوی؟

– لەبەرئەوەی ئەوان ئاوهانێ بیرم لێ دەکەنەوە.

براین لەبەر شکانی پێی بەردەوام بێزار دیاربوو. کتێبی بوون و نەبوونم پێ بوو (عەبدوڕەحمان بەدەوی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی) بێجگە

لەو کتێبە هەردوو کتێبی (بارم)ی پاکیزە و (بانێژەم)، بە زمانی فرەنسی پێ بوو، دوای ئەوەی ناونیشانی کتێبی بوون و نەبوونم بۆ وەرگێڕا لەسەر مێزەکە داینا و کتێبەکەی (ستاندال)ی هەڵگرت.

– سارتەر هاوڕێمە، لێ کچە ڕەبەنی (بار)م پێ باشترە لە بوون و نەبوون.

پێم وت:

– ئەوە کتێبێکی ئاڵۆزە. دوو ساڵ زیاترە نەمتوانیوە تەنیا لە سەد و سی لاپەڕە زیاتری لێ بخوێنمەوە. هەندێ جار تەنیا ڕستەیەکی وام لێ دەکات کتێبێکی تر بخوێنمەوە.

– من بۆ خۆم یەکەم جار کە خوێندمەوە بەلامەوە زۆر قورس بوو، لێی تێ نەدەگەیشتم. جارێکیان کتێبەکەم هەڵگرت و چووم بۆ لای و پێم وت:

– ئەم کتێبەی تۆ تێگەیشتنی زۆر گرانە. کتێبەکەی لێ وەرگرتم و بۆ خوێندنەوەی بەشێوازێکی تر بۆی پێڕست کردم و پێی وتم:

– لەو بڕوایەدام ئێستاکە بە ئاسانی لێی تێ دەگەی. ئەو ڕاستی دەکرد، ئیدی پاش ئەوەی دەروازەی چۆنیەتیی خوێندنەوەی کتێبەکەی بۆ دیاری کردم، بە تەواوی زۆربەی کتێبەکە تێ گەیشتم.

لێم پرسی:

– ئەدی بۆچ بەو شێوەیەی بۆی دەروازەبەند کردی نەینووسی؟

– چونکە – بەپێی وتەی خۆی – بۆ کەسانی پسپۆڕ و تایبەت نووسیبووی.

– (ح) لە جینێی پرسی:

– تۆ لەو بڕوایەدای خوا بوونی هەبێ؟

جینێ بەپێکەنینەوە وتی:

– نازانم، ئەوی دەیزانم ئەوەیە کە جیهان بوونی هەیە. (پاشان ئەمەی

خسته سەر) کەواتە تۆ کافری!

چێشت لێنەرەکەی براین وتی:

– (ح) خۆی هەمیشە ئاوهایە، بەڵام ناتوانێ ئەوە لێک بداتەوە و ڕاڤەی بکات بۆچی ئەو کافرە. ئەو کاتێک لەگەڵ بیانییەکاندا دەبێت بەم شێوەیە دەدوێ، لێ وەختێکیش لەگەڵ موسڵمانەکاندایە کەسێکی ترسنۆک و دووڕووە. بەڕێز جینێ، بڕوا بەوانە مەکە کە ئەو دەیانڵێت. ئەو دەزانێت کە خوا بوونی هەیە. (ح) بە چێشت لێنەرەکەی وت:

– ئەدی تۆ، دەتوانی بڕواداریی خۆتمان بۆ ڕاڤە بکەی.

چێشت لێنەرەکە وتی:

– خوا بوونی هەیە و.. تەواو. ئەوەیشی گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر هەبوونی ئەو بکات ئەوا کافرە.

داوام لە جینێ کرد کتێبەکەی خۆی، شانۆنامەی (بانێژە)م بەدیاری بداتێ. هەوڵی دا نووسینی دیارییەکە بە زمان و زاراوەی ئاسایی و باوی مەغریبی بنووسێ. لێ هەموو وشەکان لەمەدا یارمەتییان نەدا و فریای نەکەوتن، هەر بۆیە بە فرەنسی نووسی. نزیکەی سەعات پێنج و نیوی سەرلەئێوارە دەرچووین، جینێمان لە گۆڕەپانی فرەنسادا بەجێ هێشت. من و (ح) و دوو کیژ بە یەکتر گەیشتین (ح) یەکێک لە کچەکانی دەناسی، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ شوقەکەی.

لە سەعات نزیکەی دووی سەرلەبەیانیدا دەنگەدەنگی دەمەقاڵێیەک لە ژوورێکی تر بەرز بووەوە. کچێک بۆ ژوورەکەی ئێمە هات و دەگریا، نیمچە ڕووت لە نزیکمەوە دانیشت، دڵڕەقی و وەحشیگەریی پیاوانی بەر نەفرەت دەدا، لێوی خوارەوەی گەسترابوو، (ح) بەوپەڕی میهرەوە کچەکەی بردەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

ئەو کیژەی بەتەنیشت منەوە نووستبوو ڕەنگ پەڕیو دیاربوو، نەمویست

لەبارەی ئەو هۆکارانەوەی خەمباری کردووە پرسیاری لێ بکەم. لە دوورەوە دەنگی ئاهەنگی زەماوەندگێڕان دەبیستر ا. دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، دەنگی هەلهەلە لێدان. بانگەواز و شاباشی دڵخۆشی. بیستنی دەنگی خۆشحاڵی لە دوورەوە هەمیشە خەمبارم دەکات، بیرم کردەوە بەوەی مرۆگەلێک بێهێز و فشۆڵە.

**٢٦-٩-١٩٦٩**

لە قاوەخانەی مەنارەدا بینیمەوە. لەگەڵ خۆمدا (گەمژە)ی دیستۆیفسکی، هەندێ کۆواری عەرەبی: ئادابی بەیرووتی، هەڵوێست و ئەپستملۆجیای سووریم هەڵگرتبوو. پێی وتم لە کاتی خوێندنەوەم بۆ هەندێ توێژینەوەی نووسەرە ڕۆئاواییەکان لەبارەی ئەدەبی عەرەبییەوە ئەوەی بۆ دەرکەوتووە، ئەدەبی عەرەبی توخنی مەسەلە جیهانییەکان نەکەوتووە، ئەدەبی عەرەبی لە چوارچێوەی هەستی عەرەبیدا قەتیس ماوە.

پێم وت:

– هەندێ نووسەری عەرەب تۆ بەبوونگەرا ئەژمار دەکەن و هەندێکی تریشیان بە بێهوودەگەرات دەزانن.

بەسەرسامییەوە تەماشای کردم.

– کێ ئاوها لەسەرمی نووسیوە؟

– هەندێ ڕەخنەگری عەرەب وایان نووسیوە.

– ئەوانەی ئاوهایان لەسەرم نووسیوە هەڵەن. من نە بوونگەراییم و نە کەسێکی بێهوودەشم، من بڕوام بەمجۆرە ڕیزبەندییە نییە. من یان نووسەرێکی باشم یان خراپ.

کوڕێژگەیەک لێمان نزیک بووەوە. جینێ بە گەرمی تەوقەی لەگەڵدا کرد، ئاوڕی بەلای مندا دایەوە.

– ئەمە هاوڕێمە. لە ساڵی پارەوە دەیناسم.

بۆ چرکەیەک بەبێ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا بدوێن ڕووگەشانە تەماشای یەکترمان کرد. جینێ بە زمانی مەغریبیی باو، کە زیاتر لە زاراوەی تونسی دەچوو لەگەڵیدا دوا. کوڕیژگەکە بەخۆشییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ و جینێش ئاماژەی بۆ پێڵاوە دڕاوەکانی دەکرد. بە کوڕیژگەکەی وت:

– کڕینی جووتێ پێڵاوی تازە چەندی تێ دەچێ؟

کوڕیژگەکە بەچرپەوە وتی:

– هەزار فرەنگ.

جینێ بەزەردەخەنەوە وتی:

– هەر تەنیا هەزار فرەنگ؟

کوڕیژگەکە ئەوەی وتبووی بەسەرلەقاندنەوە دووپاتی کردووە. بەپێکەنین و دڵخۆشییەوە هەزار و پێنجسەد فرەنکی پێ دا: ئەگەر پێڵاوی پێ نەکڕی ئەوا لە ئەمڕۆوە تۆ هاوەڵی من نیت، جارێکی تریش قسەت لەگەڵدا ناکەم.

کوڕیژگەکە بەدەم خەندەوە ئەوێی جێ هێشت. پێی وتم:

– ئەم کوڕێکی زیرەکە، بۆچ لە قوتابخانە ناخوێنێ؟

پاش چرکەیەک لێم پرسی بەوەی ئەو ڕەزامەندیی هەیە لەسەر ئەو کتێبەی کە سارتەر لەسەر ئەم نووسیویەتی.

– سارتەر سێسەد لاپەڕەی یەکەمی لە کتێبەکەدا بۆ خوێندمەوە "سەرەتا تۆ قایلی لەسەر بەردەوامبوونم لە نووسینەوەی؟"

بێگومان قایل بووم.

– هەندێ ڕەخنەگر وای دەبینن بەوەی سارتەر لە کتێبەکەیدا زیاتر گرینگیی بە بیر و بۆچوونەکانی خۆی داوە، لەوەی گرینگیی بەکارە ئەدەبییەکانی تۆ بدات، وەک چۆن هەمان شتی لە کتێبەکەی بۆدلێردا کردبوو.

– لەمەدا هاوڕا نیم، ئەگەر سارتەر گرینگیی بەکارەکانی من نەدایە ئەو کتێبەی لەسەرم نەدەنووسی. ژیان و کتێبەکانی من، کە ئەو باشیان دەناسیّ، بوونە مایەی ئەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی لەبارەی منەوە هەبێ.

– لە (براین)م بیست بەوەی کوڕەکەی (بۆل کلۆدیۆل)ی شاعیر بە فەرمی بانگهێشتنەی ئاهەنگێکی کردووی لە کونسولگەری فرەنسی.

– داوەتنامەکەی قبووڵ ناکەم. نەریت و خووی من وایە، کە هیچ داوەتنامە فەرمییەکان قبووڵ نەکەم. کونسولگەری کوباش لە پاریس پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم، کە بە فەرمی سەردانی کوبا بکەم. لێ من ڕەتم کردەوە، ڤفیدڵ کاسترۆ هاوڕێمە، وەلێ هیچ داوەتنامەیەکی فەرمیی ئەو قبووڵ ناکەم، تاقە سەرۆکیش کە من داوەتنامەیم قبووڵ کردبێ و پێکەوە لەسەر خوانێک دانیشتبین بۆمیدۆ بوو، چونکە ئەو یەکێک لەو هاوڕێیانەمی کە دوور خرابووەوە بۆ پاریس گەڕاندەوە. من هەمیشە ڕقم لە سەرۆک و بەرپرسەکان دەبێتەوە. ئەوان ڕێگری دەکەن لە چوونم بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

بۆ نموونە ئەوان بەبیانووی ئەوەی کە من نەسرۆی سێکسیم هەیە و پێشتریش دز و جەردە بوومە ڕێگریم لێ دەکەن (بەتوانجەوە ئەمەی خستە سەر) لە ولاتە یەکگرتووەکاندا کەسانی من ئاسا ئالۆش بە سێکس و کۆنە جەردە نییە. هەروەها ناشتوانم بچم بۆ رووسیا، چونکە ژادانۆڤ -ZAD ANOV لە سەردەمی (ستالین)دا دەستی بەسەر کتێبەکانمدا گرت.

کتێبی (گەمژە)ی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی بەدەستەوە گرت و لێی پرسیم:

– ئەمە هی کێیە؟

– گەمژە هی دۆستۆفسکییە.

– من برایانی کارامازۆفم خۆشتر دەوێ.

– براین BRION لەو بڕوایەدایە گەمژە باشترە.

سەرلەئێوارە، لە بازاڕی گەورەدا لەگەڵ لاوێکی مەغریبیی ئەسمەردا

بینیم، گەنجەکە باڵابەرز و وەرزشکار بوو، من لە بازاڕی ناوەخۆییەوە بەرەو بۆلْڤار دەچووم، ئەوان بەرەو ڕێگەی سیری بوعبید دەڕۆیشتن. بیرم کردەوە: ئەویش بەهاوەڵیی هاوڕێکەی (سێلیتانۆ) STILITANO لە گەڕەکەکانی بەرشەلۆنە لەو ڕۆژگارەی، کە لەبارەی خۆیەوە لە کتێبی (ڕۆژانەکانی دزەکە) دەیوت! جلەکانم پیس و پەڕپووت و مایەی بەزەیی بوون، برسی و سەرمام بوو. ئا ئەمە ڕۆژە هەرە دڵتەنگ و لانەوازەکانی من بوو.

Mes vetements etaient sales et pitoyables. jarris fain et froid.

Voici Iepoque de mavie la plus miserable.

پاش چەند مانگێک لە بازاڕی ناوەخۆییدا چاوم بەو گەنجە ئەسمەرە کەوت و لێم پرسی، کە ئاخۆ جینێ نامەی لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە؟ پێی وتم: ئۆ، نووسەرە فرەنسییە دەوڵەمەندەکە، پێی وتم هەندێ پارەم بۆ دەنێرێ، بەڵام هیچی نەنارد، ئەم جۆرە خەڵکەی وەک ئەمانن کاتێک دەڕۆن و بەجێت دەهێڵن، ئیدی ناکەویتەوە بیریان.

**١٩٦٩-٩-٢٧**

لە ئوتێلێک نزیک دەبووینەوە، لێم پرسی:

– هیچ شتێکی تێنسی ولیامزت خوێندووەتەوە؟

– نەء، ناشمەوێ هیچ شتێکی بخوێنمەوە.

– بۆچی؟

– لە کاتی هەندێ لەو وتارە رەخنەییانەی، کە لەبارەی کارەکانی ئەو خوێندومنەتەوە بۆم دەرکەوت، ئەو بەلای منەوە بایەخێکی نییە.

– ئەی خۆی دەناسی؟

– ڕۆژێکیان لە پاریس لە ڕێی تەلەفۆنەوە قسەی لەگەڵدا کردم، من ئەو

کات کەمێک نەخۆش بووم، ڕێک کەوتین لە ڕۆژی داهاتوودا یەکتر ببینین، بەڵام نەخۆشییەکەم بووە ڕێگر لە بەردەم ئەو یەکتربینینەدا.

– ئەدی کتێبی (پەپوولەکە)ی هێنری شارییەر ڕات لەبارەی چییەوە، نووسەرەکەی بەدیاری پێی بەخشیم، ئەوە کتێبێکی بێزارکەرە، ئەدەب نییە، بگرە بریتییە لە کۆمەڵێک سەرکێشی، کە لە گێڕانەوەیدا زیادەڕۆیی هەیە. جیرار بیتیم بینی بەرەو ڕووی ئێمە دەهات، بە جینێم ناساند، جیرار سەرسامیی خۆی بەرانبەر بە ڕۆژانەکانی دزەکە نیشان دا، پاشان لەبارەی تەنجە و خەڵکەکەیەوە کەمێک دوا. لە ناکاوێکدا وتی:

– لێرەدا تەنانەت پیاوانی ئاسایشیش مرۆڤدۆستن، دوێنێکە بۆ کۆمیسارییایان ڕاپێچ کردم، لەبەرئەوەی پاسەپۆرتەکەم لەگەڵ خۆم هەڵنەگرتبوو، لێ پاش چەند خولەکێک مەرەخەسیان کردم، ئەوان مرۆڤدۆستن.

لەو ساتەدا کە جینێ لەوپەڕی تووڕەبوونیدا بوو وتی:

– بەیارمەتیت، گوێ بگرە: تۆ سووکایەتیم پێ دەکەی. تۆ ئەگەر کتێبەکانی منت خوێندبێتەوە، ئەوە دەزانی، کە من پۆلیسم خۆش ناوێ، لێ لەگەڵ ئەوەشدا تۆ ئەم قسانە دەکەی. پیاوانی پۆلیس هەرگیز مرۆڤدۆست نەبوونە، هەر کاتێکیش بوون بەمرۆڤدۆست، واتا ئیدی ئەوان پیاوانی ئاسایش نین.

جینێ بەخێرایی خواحافیزیی لێ کردم و چووە ئوتێلەکەوە.

**٢٨-٩-١٩٦٩**

ئێمە لە قاوەخانەی براسۆری دوفراس دانیشتبووین وەختێک ئەحمەد سدیق ئەدوار ڕۆدیتی سڵاوی لێ کردین و دانیشت، ئینجا چرپاندییە بن گوێچکەی مندا.

- بیستوومە ئەم پیاوەی لەگەڵتدایە نووسەرێکی مەزنی فرەنسییە.

پێم وت:

- ڕاستە وایە. ئێ چیی تر!

- داوات لێ دەکەم ئەوەی من دەیڵێم بۆی وەربگێڕی.

لەوە ترسام داواکارییەکەی پێوەندیی بەپارەوە هەبێ.

لەبەرئەوەی ئەم گەنجە لەگەڵمدا دانیشت دەشێ ئەمە ببێتە مایەی ئەوەی جینێ بە خراپ لە من بگات.

بە وەڕسییەوە بە ئەحمەدم وت:

- دەتەوێ چی بڵێیت؟

- دەبینی، من پرۆژەیەکی گرینگ و مەزنم هەیە. دەمەوێ ئەو لە تەواوکردنیدا یارمەتیم بدات.

ئا ئەوەتا بۆنی پاڕانەوە و سواڵکردن لە وشەکانییەوە دێ. لە بەردەم ئەودا تەنگەتاوی کردم، لەگەڵ جینێدا کارێکی گەوجانە ئەنجام دەدات و دواجار من لەوە بەرپرسیار دەبم. پێم وت:

- ئەو کەمێک زمانی مەغریبی تێ دەگات. تۆ خۆت قسەی لەگەڵدا بکە و پرۆژەکەتی پێش چاو بخە، لێ هەوڵ بدە ئەوەی دەیڵێی شتێکی ماقووڵ بێت.

وتی:

- ترست نەبێ.

ئینجا بە جینێی وت:

- مسیۆ تۆ چۆنی؟

جینێ بەخەندەوە پێی وت:

- خراپ نیم.

ئینجا ئاوڕی بەلای من دایەوە و بە تەماشاکانی پرسیاری ئاراستە

دەکردم، بە فرەنسی پێم وت:

– دەیناسم.

ئەحمەد پێی وت:

– تەنجەت بەدڵ بوو؟

بیرم کردەوە: ئا ئەوەتا دەستی بە گەوجێتی کرد. جینێ پێی وت:

– کەمێک.

ئەحمەد پێی وتم:

– تکایە ئەوەی من پێی دەڵێم بۆی وەربگێڕە تاکو بە باشی لێم بگات، تۆ لێم تێ دەگەی و دەشزانی وای لێ بکەی ئەو لێم تێ بگات.

پێم وت:

– زۆر باشە، قسە بکە و پڕۆژەکەتی بۆ پێشنیاز بکە.

– من کتێبێکی گرینگم هەیە، داوا لەم هاوڕێیەت دەکەم قەسیدەیەکی درێژم بۆ بنووسێ، بۆ ئەوەی لە دەسپێکی کتێبەکەمدا داینێم، بۆ ئەوەی نرخی کتێبەکەی پێ بەرزتر بێت.

ئەوەی ئەحمەد وتبووی بۆ جینێم وەرگێڕا، بۆیەکە هات و پرسیاری لە ئەحمەد کرد بەوەی چی دەخواتەوە.

– هیچ شتێکم ناوێ، من تەنیا لەگەڵ ئەواندا دانیشتووم، دوای کەمێک هەڵدەستم و دەڕۆم.

من تەنانەت یەک درهەمیشم پێ نەبوو، بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە داوای قاوەیەکی بۆ بکەم. جینێ لە دۆخەکە تێ گەیشت. بانگەوازی لە بۆیەکە کرد:

– شتێکی بدەرێ بیخواتەوە.

من و جینێ ویسکیمان دەخواردەوە. ئەحمەد تەماشای خواردنەوەکەی ئێمەی کرد و ئینجا بە بۆیەکەی وت:

– منیش ویسکیم بدەرێ.

جینێ پێی وتم:

– لە هاوڕێکەت بپرسە دەیەوێ قەسیدەیەکی درێژی بۆ بنووسم.

ئەوەی جینێ بەدەم خەندەوە وتبووی بۆم وەرگێڕا و وتی:

– من خانەی گالیمار بۆ ئێرەی ناردووم، تاکو کتێبێک لەبارەی تەنجەوە بنووسم، هەر لەبەرئەوەی من گرێبەستێکم ئیمزا کردووە و پێشەکیش پارەی نووسینەوەی ئەو کتێبەم وەرگرتووە، هەر بۆیە ناتوانم نە شیعرێکی درێژ و نە شیعرێکی کورتی بۆ بنووسم.

سووربوونی جینێ لە قسەکردنیدا وای لێ کردم کە پێ نەکەنم، جینێ بەگرینگی و سووربوونەوە دەدوا. دەمزانی ئەحمەد جگە لە ناوی خۆی بە عەرەبی ناتوانێ شتێکی تر بەڕاستی بنووسێ. دەشێ ئەوەی لە رۆدینی هاوڕێیەوە بیستوویەتی بەوەی، ئەوی نووسەرە ناودارەکان دەینووسن بەنرخێکی بەرز دەفرۆشرێن. بێگومان ئەو دەیەوێ ئەوەی جینێ بۆی دەنووسێ بیفرۆشێ بە رۆدینی هاوڕێی و کەسانی تر بەو ئامانجەی شتێکی لێیانەوە دەست بکەوێ. بەخۆگرتنەوە بەوەی پێ نەکەنم ئەمەم بۆ ئەحمەد وەرگێڕا.

وتی:

– پێی بڵێ ئەگەر ئەمجارە نەیتوانی ئەو قەسیدەیەم بۆ بنووسێ ئەوا من چاوەڕێی دەکەم تاکو لە جاری داهاتوودا دەگەڕێتەوە بۆ تەنجە یان لە پاریسەوە بۆم بنێرێ.

ئەمەم بۆ جینێ وەرگێڕا وتی:

– پێی بڵێ لەوانەیە، بەڵام بەڵێنی هیچ شتێکی پێ نادەم، تەنانەت ئەگەر بشگەڕێمەوە تەنجەش، یان لە پاریسیشدا بمێنمەوە و یاخۆ لە هەر شوێنێکی تریش بم.

ئەحمەد بە زمانی خۆماڵی پێی وت و من بۆم وەرگێڕا.

– مسیۆ خوا پایەدارت کا.

مەیگێڕەکە بادە ویسکییەکەی بۆ دانا، جگەرەیەکی داگیرساند و بادەکەی هەڵدا و ئینجا بەمنی وت:

– ئەم هەڤاڵەی تۆ پیاوێکی گەورەیە، ئەوەی پێوە دیارە، کە یارمەتیی خەڵکی دەدا.

کەسێکی مەغریبی هاتە ژوورەوە جانتایەکی لە چەرم دروستکراوی لەبن هەنگڵدا بوو. ئەحمەد بەدەستی بەخێرهاتنی کرد و داوای لێ کرد لەگەڵ ئێمەدا دابنیشێ. من ئەوم لە ماڵی ئیدوار رۆدیتی بینیبوو کە لە پاریسدا ناسیبووی. ئەو لەوێدا نزیکەی بیست ساڵێک مابووەوە. رۆدیتی لەبارەی ئەوەوە پێی وتم ئەویان بەهۆی کارە ناشیرین و گەمژەییەکانیەوە لە پاریس دوور خستبووەوە. سڵاوی لێ کردین و دانیشت. ئەحمەد پێی وت:

– ئەم پیاوەی لەگەڵماندایە نووسەرێکی گەورەی فرەنسییە. لەبارەی پاریسەوە پێکەوە دواین.

کابرا لە جینێی پرسی داخۆ ئەو خەڵکی پاریسە، وتی نە. پاشان لەبارەی شەقام و قاوەخانە و دەوروبەری شارەوە قسەی بۆ کرد، بەبێ ئەوەی جینێ هیچ قسەیەکی هەبێ. بیرم کردەوە: ئەوەتا ئێستا دانیشتنەکەمان تەواوە. کابرا بە بەردەوامی قسەی دەکرد و جینێش گوێی دەگرت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ. ئەحمەد جگە لە هەندێ وشە هیچی تری لە زمانی فرەنسی نەدەزانی، ئەو لەو بڕوایەدا بوو ئەوەی هاوڕێکەی بە جینێی دەوت گەلێک گرینگە، وەختێک هاوڕێکەی ئەحمەد بەحەسرەتەوە باسی لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەکرد لە پاریس ئەو بەدەم داچەقاوییەوە هەر ماوەی جارێک سەرێکی بۆ دەلەقاند. چەند جارێک لەسەر یەکە وەڵامی دایەوە:

– ئا ئا بەڵێ بەڵێ. منیش لەوێدا ژیان و گوزەرانێکی جوانم هەبوو.

منداڵێکی شەل و گـۆج بە دوو دارشـەقـەوە هـاتە ژوورەوە. لێمـان نزیک بووەوە. جینێ کاغەزێکی هەزار فرەنکی دەرهێنا و بۆی درێژ کرد، منداڵەکە دەستی ڕاستی درێژ کرد و دارشـەقـەکـەشی لەبن باڵیدا هێشتبووەوە. چاوەکانی ئەحمەد و هاوڕێکەی بریسکانەوە. چاوەکانی ئەحمەد زیاتر بریسکەدار بوون. ئەو کەسە گرگنەی، کە وەک کوێخا و ڕاسپێردراوێک لە دەرەوەی قاوەخانەکە چاوەڕێی منداڵە گـۆجـەکـەی دەکـرد هاتە ژوورەوە. بەخێرایی لێمان نزیک بووەوە. باڵایەکی زۆر کورت و لەشێکی پڕ و سەرێکی گەورەی هەبوو، کە بارگرانیی خستووەتە سەر لەشییەوە. خوارەوەی لەشی وەک کاڵەگێکی زەرد و کەللەسەریشی وەک کاڵەگێکی سوور دەهاتنە پێش چاوم. قەموورییە بچووکەکەی پشتی کەوانەیی کردبوو. دەستی درێژ و پان کردەوە. جینێ لە گیرفانیدا پارەی وردەی نەدۆزییەوە. جینێ بە زمانی خۆماڵی پێی وت:

– بەباشی لەگەڵ هاوڕێکەتدا برۆ لەگەڵتدا بەشی دەکات.

گۆجەکە ویستی بڕوات. کەسە گرگنەکە کە خۆی بەدەمڕاستی دەزانی لەناو قاوەخانەکەدا پێی گەیشت. هەوڵی دا پارەکەی لێ بسێنێ، وەلێ ئەو لەناو چنگیدا توند گرتبووی. گۆجەکە بە هەموو هێزییەوە پاڵی پێوە دەنا. کورتەباڵاکە بەرەو پاش دەگەڕایەوە و پاشان جارێکی تر هێرشی دەکردە سەر چنگی. جینێ داوای پێنج درهەمی لە بۆیەکە کرد و پاشان دای بە من، تاکو بیدەم بە گرکنەکە.

هاوڕێکەی ئەحمەد هەستا و بەسەر هەردوو منداڵەکەدا هاواری کرد و قیژاندی:

– لێرە دەرچن. بەسە ئەم سواڵکردنە.

کاتێک بۆ جێگەکەی خۆم گەڕامەوە جینێم بینی چاوەڕێی بۆیەکەی دەکرد

تا پەنجا درهەمێکی بۆ ورد بکاتەوە. پارە وردەکەی وەرگرت و پێکەوە دەرچووین.

پرسیاری لێم کرد:

– ئەو دوو کەسە کێ بوون؟

– لاوەکەیان لە سوپای مەغریبیدا پەرەشووتوان بوو، بەلام وا دیارە ئێستاکە یان لە سوپا هەلاتووە یان دەرکراوە.

– ئەی لێرە لە تەنجەدا چی دەکات؟

بیرم کردەوە بەوەی پێی بلێم کە ئەو لەگەل بیانییەکاندا کاری قەحپەبازی و سوالکردن ئەنجام دەدا، لێ هاتەوە بیرم، کە جینێش لە رۆژگاری هەژاریی خۆیدا هەمان پیشەی هەبووە.

– هیچ کارێک ناکا. ئەو هاورێی نووسەرێکی فرەنسییە بەناوی ئیدوار رۆدیتی، کە هەموو مانگێک برێ پارەی لە دەرەوە بۆ دەنێرێ.

نموونەی ئەم جۆرە کەسانە ولاتەکەی ئێوە لە کاتی شەردا دەپارێزێ؟ ئا ئەمە تەنانەت بۆ شوشتنی قاپ و قاچاخیش دەست نادات. ئەی کەسەکەی تر؟

– شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانم جگە لەوەی کە دەزانم نزیکەی بیست سالێک لە پاریسدا ژیاوە و پاشان بەزۆرەملێ بۆ مەغریب گەراندوویانەتەوە.

– ئاخۆ ئەو تەنجەییە؟

– نەخێر، ئەو خەلکی باشوورە.

– ئەی لێرە چی دەکات؟

– ئەو خۆی دەلێت. پەیامنێری رۆژنامەیەکی مەغریبییە، کە بە زمانی فرەنسی دەردەچێت.

– بێگومان ئەو رۆژنامەیەی کەسێکی ئاوها پەیامنێری بێ ئاستێکی

نزمی دەبێت. فرەنسیزانییەکەی مایەی شەرمەزارییە. (ئەمەی خستە سەر)

– بینیت چۆن بەسەر ئەو دوو منداڵەدا دەیقیژاند! ئەو مافی ئەوەی نەبوو، کە بەو شێوەیە لەگەڵیاندا بدوێ.

**۱۹٦۹-۹-۲۹**

ئەو ڕووەو ئێمە دەهات، بە مەلیکەی خوشکمم وت:

– ئەو پیاوە کێیە بەرەو لای ئێمە دێ و لەگەڵماندا دادەنیشێ؟

– بابا-یە. کاتێک تێم گەیاند بەوەی باوکم زۆری ڕق لێمە قایل بوو ببێ بەباوکی ڕۆحیی من.

مەلیکە خەنییەوە و ئینجا بە میهرەبانییەوە وتی:

– بەسزمان، چەند پیس و پەڕپووتە!

– ئەو کەسێکی ناودار و دەوڵەمەندە.

– درۆ دەکەی. ئەو لە تۆ هەژارترە.

– لەبەری هەستە و تەوقەی لەگەڵدا بکە.

نزیک بووەوە و تەماشایەکی پشکنەرانەی خوشکەکەمی کرد و بۆی خەنییەوە. کاتێک خوشکەکەم بۆ تەوقەکردن لەبەری هەستا پێم وت:

– مەلیکەی خوشکم.

– ناوی من (جان)ە. تەمەنت چەندە؟

– چواردە ساڵانم.

بەخۆشییەوە وتی:

– خۆ لەوە کەمتر نییە؟

خوشکەکەم بەشێوەیەک وەڵامی دایەوە وەک ئەوەی سووکایەتیی پێ کرابێت:

– نەخێر، نەخێر، من چوارده ساڵانم.

ئەوان بە زاراوەی خۆماڵی دەپەیڤان. هەر کاتێک جینێ وشەیەکی لێ گیر بووایە و وشەکە فریای نەکەوتایە من بۆم وەردەگێڕا. خوشکەکەم لە زمانی ئیسپانی شارەزاییەکی کەمی هەبوو، لە فرەنسیشدا وشەیلێکی کەمی دەزانی، جینێ داوای ویسکیی کرد. وەختێک بەڕووخۆشییەوە تەماشای کۆکا کۆلاکەی بەردەمی دەکرد پێی وت:

– ئەدی تۆ، بۆچ ویسکی ناخۆیتەوە؟

– من مەی ناخۆمەوە.

– لەبەرچی؟

– لەبەرئەوەی من موسڵمانم.

– بەڵام هەندێ لە موسڵمانان مەی دەخۆنەوە.

– ئەوان یاخی و گومڕان لە خوا، من لەوان نیم.

بەگەیشتنی (محەمەد زەراد)ی هاوڕێی جینێ بۆ ئەوێ، ئیتر ئێمە لە پەیڤین وەستاین. ئێمە پێشتر زۆرمان وتووێژ لەبارەی چۆنیەتیی بەدەستهێنانی پاسەپۆرتەوە کردبوو، خوشکەکەم بۆ خواحافیزی کردن هەستا. جینێ لەو کاتەی بۆ بەڕێخستنی وەستابوو، من پێم وت:

– خوشکەکەم بۆ تەتوان دەگەڕێتەوە.

بەدەم خەندەوە خوشکەکەم نەیدەزانی چۆن دەستی لەناو دەست جینێ دەربهاوێ. بەزاراوەی مەغریبی بەخوشکەکەمی وت:

– نەرمونیان، پشت بەخوا لە تەتوان دەتبینین.

لێرەش لە تەنجەشدا بێجگە لە کراس و دەستەکانی و دەموچاوی هیچ پاکییەکم تێدا نەدەبینی. ئەو شوێنەی ئەمڕۆ ئەو تێیدا دەنوێ تەنگ و پیس نییە. هەروەها پێویستی بەهاوڕێیەکی وەک (ستیلیتانۆ)ش stilitano نەماوە،

کە هەفتەی جارێک بۆ پاککردنەوەی قەرزەکانی بەرانبەر بەخەوتنی لە ژوورێکی پیس و تەنگدا لە پاڵ ژنە خاوەن ئوتێلەکەدا دەخەوت.

جینێ هەمیشە سەرسامیی خۆی بەرانبەر بەرووپۆش و کراسی پان و پۆڕی کچانی مەغریب دەردەبڕی "ئافرەت هەمیشە نهێنییەکی نادیار و پەنهانە بەگوێرەی پیاوەوە. La femmea toujours ete un myster pour I,homme. لەچکەکەیان وا لە پیاوان دەکا گرینگی بەنهێنیی جوانییەکەیان بدەن. ئافرەتانی مەغریبی لەچکەکەیانەوە هەمیشە جوانتر دەردەکەون.

سەرلەئێوارە.

لە بەردەم دەرگەی ئوتێلی مەنزە چاوەڕێی دەکردم. ئەو کاتەی دەچووینە ژوورەوە پێم وت:

– ساڵی پار سەرەڕای ئەوەی لەلایەن هاوڕێیەکی ئینگلیزەوە بانگهێشتن کرابووم وەلێ نەیانهێشت بچمە ژوورەوە.

– لەبەرچی؟

– دەشێ لەبەرئەوەی جلی جوان و نایابم لەبەردا نەبووبێ. من وای بۆ چووم.

– تۆ دەتەوێ ئێستاکێ بۆ جێگەیەکی تر بچین؟

– بەپێچەوانەوە، دڵخۆشم کە لەگەڵ تۆدا بۆ یەکەمین جار دەچمە ئەو جێگەیەی کە تێیدا سووکایەتیم پێ کرا.

لە باخچەکەدا دانیشتین. تەماشایەکی دەوروبەری خۆی و سەرمێز و ژێر کورسییەکانی کرد. هیچی نەوت، بیرم کردەوە بەوەی ئەو سڵ لەوە دەکاتەوە نەوەک ئامێرێکی ڕێکۆردەریان بۆ تۆمارکردنی دەنگمان لە جێگەیەکدا دانابێ.

دوو بادە ویسکیمان داوا کرد. سەرەڕای سەرما و ساردییەکەش وەلێ لەولامانەوە کچێک لە مەلەوانگەیەکدا مەلەوانیی دەکرد. جینێش وتی:

– زۆر باشــە، دەبا ســەبارەت بەگـرفـتـەکانت لە نووسین و بڵاوکـردنەوەدا گفتوگۆ بکەین. من ڕێنوێنیت ناکەم، چون ڕێنوێنییەکانی من داهاتووی تۆ دیار ناکــەن. ئەوەی من پێت دەڵێم تەنیــا ئەوەیە ئەگــەر تۆ شــتـێکی باش و جوان لەبارەی مەغریبەوە بنووسی. ئەوا وەک نموونە، هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە تۆ دەینووسی. تۆ دەبێ سەرپشک بی: یان دەبێ بەم ڕەوشەی ئێستاتەوە لێرە بمێنیتەوە، یان دەبێ کۆچ بۆ جێگەیەکی تر بکەی، تا ئەوەی مەبەستتە بینووسی. لەو بڕوایەدام موسڵمانان مەسەلەی ئاکار و ئەو داوونەریت و فەرمایشتانەی لەناو قورئاندا هەن تێیان پەڕاندووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا هێشتاکە قورئان مەزنترین کتێبە تاکو ئێستا موسڵمانان و ناموسڵمانان دەیخوێننەوە. خەڵک تاکو ئێستاش شیعرەکانی بۆدلێر و مالارمێ و ڕامبۆ بەســەرسـامـیـیـەکی گــەورەوە دەخــوێننەوە. لەبەرچی؟ چونکە شــێــوازی نووسینیان تاکو ئێستاکەش جوان و باڵایە.

دوای چرکەیەک وتی:

– بارودۆخی ئێرە تەنگژاوییە. لێرە لای ئێوە هەموو شتێک مایەی نائومێدی و دڵتەنگییە. تەنیا بیانییەکان وەک مرۆڤ دەژین.

**١٩٦٩-٩-٣٠**

لە سەربانەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتین. "ڕشانەوە"کەی کامۆم پێ بوو. لێی پرسیم:

– ئەم ڕۆمانەت بەدڵە؟

– بەڵێ، جارێکی تر دەیخوێنمەوە.

– ئەوانەی ئەو دەیاننووسێ زۆرت بەدڵە؟

– بەڵێ، زۆربەی نووسینەکانیم خوێندووەتەوە.

– تۆ لەبارەی ئەوەوە ڕات چییە؟

– ئەو هەروەکو گا دەنووسێ.

پێ کەنی. ئەمەی خستە سەر:

– من کەسایەتی و نووسینەکانی ئەوم بەدڵ نییە – هەرگیز نەمتوانیوە لەگەڵیدا هۆگر و گونجاو بم.

– کەواتە تۆ لایەنگری سارتەری لەو ناکۆکییەی لە نێوانیاندا ڕووی دا؟

– بێگومان من لەگەڵ سارتەردا هاوڕام. کامۆ زیاتر لەوەی بیر بکاتەوە هەڵدەچوو.

هەر لە ساڵی ڕابردووشدا لەبارەی ڤیکتۆر هۆگۆوە وتی کە ئەو نووسەرێکی دیماگۆگییە.

هیپییەک لێمان نزیک بووەوە. بە ئینگلیزی بەجینێی وت:

– من بەتۆ سەرسامم، دڵخۆشم کە لە تەنجەدا دەتبینم.

جینێ تەماشای منی کرد. ئەوەی گەنجەکە وتبووی بۆم وەرگێڕا.

بە گەرموگوڕییەوە تەوقەیان کرد و لاوەکە بەدەم ئاماژەکردن بەسەری و دەستی ئەوێی بەجێ دەهێشت و جینێش زەردەخەنەی بۆ دەکرد. ئاوڕی لە من دایەوە.

پێی وتم:

– هیپییەکانی ئەمەریکا ئەوپەڕی جوانی و شۆخییان تێدایە، لێ باوکانیان، کە لەو بڕوایەدان زیرەک و ژیرن، بەڵام درژ و قەڵسن تێکەڵبوونیان ئەستەمە.

ئەحمەدی پەڕەشووتەوان و هەڵاتوو هات. ئەمجارەیان بە تەنیشت جینێوە دانیشت. بەزاراوەی مەغریبی لەگەڵیدا دوا و جینێش بەکورتی وەڵامی دەدایەوە. پێی وتم:

– پێی بڵێ، پەنجەکانی جوانن.

سەرسام بووم.

– چی دەڵێی؟ پەنجەکانی؟

– بەڵێ، پەنجەکانی. پێی بڵێ دەستەکانی گەلێک جوانن.

– ئەگەر دەتەوێ خۆت ئەمەی پێ بڵێ، بەزاراوەی خۆماڵی هێدی هێدی لەگەڵیدا قسە بکەی لێت دەگات.

جینێش لێی پرسیم:

– چی دەڵێت؟

– دەڵێت پەنجەکانی تۆ جوانن.

جینێ بەسەرسامی و پێکەنینەوە سەیری دەستەکانی خۆی کرد و ئینجا بەچاوی پێکەنین ئامێزەوە تەماشای کوڕە پەڕەشووتەوانەکەی کرد.

بیرم کردەوە: دەشێ جینێ پێویستی بەسوعبەتکردن هەبێ. ئەحمەد بە نەرم و ناسکییەوە دەستی جینێی گرت، تا جوانیی دەستەکانی بۆ دووپات بکاتەوە. جینێ پێی وتم:

– لەبارەی کەچەڵییەکەمەوە پرسیاری لێ بکە و بزانە ڕای چییە. کەچەڵییەکەم لە چی دەچێ؟

ئەمەم بۆ ئەحمەد وەرگێڕا. بەزاراوەی خۆماڵی پێی وت:

– کەچەڵییەکەیشت هەر جوانە و لێت دێ.

جینێ پێی وتم:

– پێی بڵێ ئەوەی ئەو دەیڵێ ڕاست نییە. کەچەڵییەکەم لە دواوەی مەیموونێک دەچێ.

هەموومان پێ کەنیمان. بۆیەکە هات و جینێ داوای لە ئەحمەد کرد شتێکمان لەگەڵدا بخواتەوە. من و جینێ قاوە بەشیرمان خواردەوە. ئەحمەد تەماشای پەرداخەکەی ئێمەی کرد و داوای هەمان شتی کرد.

**١-١٠-١٩٦٩**

لەسەربانی قاوەخانەی پاریس بووین. پێم وت:

– جان، پێم وایە ئەمڕۆ خەمباری.

– من هەمیشە خەمبارم. (ئەمەی خستە سەر) زۆر باشیش دەزانم، کە بۆچی دەبێ من هەمیشە خەمبار بم.

ڕێزم لە خەمبارییەکەی گرت. چون منیش خەمی خۆم هەبوو.

**٣-١٠-١٩٦٩**

لە قاوەخانەی زاغورە بووین. لێم پرسی:

– هیچ نارەحەتی و زەحمەتێکت لە نووسینەوەی ڕۆمانی یەکەمتدا بینی؟

– کەمێک. پەنجا لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانی "خاتوونە گوڵبەدەستەکەمان"م Notre dame des fleurs لە گرتووخانەدا نووسی، کاتێکیش لەو شوێنە بۆ شوێنێکی تریان گواستمەوە من لە شوێنی یەکەممدا لە بیرم چووبوو. زۆرم هەوڵ دا بیدۆزمەوە، وەلێ بێهوودە بوو. هەر بۆیە سەرلەنوێ خۆم پێچایە پەتووەکەمەوە و دەستم بەنووسینەوەی ئەو پەنجا لاپەڕەیەی ڕۆمانەکە بەبێ وچان کردەوە.

(مالکۆم لوری)م بیر کەوتەوە کە چۆن دەسنووسی ڕۆمانەکەی "لەژێر گڕکانەوە)ی لە یەکێک لە مەیخانەکانی مەکسیک بزر کردبوو و دواتر نووسیبوویەوە، واتا دووجار لە بیرەوەریی خۆیدا نووسیبوویەوە، وەختێکیش ماڵەکەی سووتابوو و دەستنووسەکەشی لەگەڵیدا.

– من ئەوە دەزانم کە تۆ پاش تەمەنی سی ساڵی دەستت بە نووسین کردووە، ڕاستتر بڵێم لە تەمەنی سی و دوو ساڵی یان سی و سێ ساڵی بەکاری نووسین هەستاوی.

– ئەمە ڕاستە.

– پێشتر بیرت لە نووسین نەکردبووەوە؟

– من بەردەوام دەمنووسی تەنانەت پێش ئەوەی شتێکیش بنووسم هەر دەمنووسی. ژیانی ئەدەبییانەی هەر نووسەرێک لەو کاتەوە دەست پێ ناکات، کە دەست بەنووسین دەکات. ئەوەی ڕوو دەدا تەنیا ڕێک کەوتە ڕۆڵ لەوەدا دەبینێ کاری نووسین یان زووتر بێ یاخۆ درەنگتر. چیرۆکی نیگارکێشێکی فرەنسیی بۆ گێڕامەوە، کە ناوەکەیم لە بیر چووەتەوە. ئەو نیگارکێشە چل ساڵی ڕەبەق وێنەی دەکێشا. ڕۆژێکیان چووە ئەو چێشتخانەیەوە کە بەردەوام بۆی دەچوو. خاوەن چێشتخانەکە دەیزانی کە ئەم کەسێکی ناودارە. بۆیە داوای لێ کرد نیگاری چەپکێک گوڵی لەناو گوڵدانێکدا بۆ بکێشێ، تاکو چێشتخانەکەی پێ برازێنێتەوە. ئەویش بەگوێرەی دڵ و داواکاریی خۆی نیگارەکەی بۆ کێشا، لێ کاتێک نرخ و پارەی هەقدەستەکەی پێ وت کە دەبوو بەرانبەر بەوێنەکێشانی چەپکە گوڵەکە بیدات بە نیگارکێشەکە، خاوەن چێشتخانەکە بە سەرسووڕمانەوە وتی:

– چۆن داوای ئەم پارە زۆرەم لێ دەکەی لە کاتێکدا تۆ بە چەند خولەکێک نیگارەکەت کێشا؟

– ڕاستە، من لە چەند خولەکێکدا نیگارم کێشا، لێ ئەمە ئەزموونی چل ساڵیم لە بواری نیگارکێشاندا دەردەخا.. (ئینجا ئەمەی خستە سەر) ئەو پارەیەم دەدەیتێ یان نایدەی؟

خاوەن چێشتخانەکە پارەکەی نەدایێ، نیگارکێشەکەش نیگارەکەی دڕاند.

– تۆ چەندین ساڵە شتێکت نەنووسیوە. ئاخۆ ئەم بێدەنگییە ئەدەبییەت و هەڵوێستە سیاسییەکانت جۆرێکی ترن لە داهێنان، کە جیاوازییان لەگەڵ نووسینەکانتدا نییە؟

– له ڕووی ئەدەبییەوە ئەوی ویستم بیڵێم وتم. خۆ ئەگەر شتێکم هەبێ بیخەمە سەر ئەوانەی پێشووترم ئەوا بۆ خۆمی هەڵدەگرم. ڕۆژانی ناسۆریم لە بەندیخانەدا کە بەلای دادوەرەکانەوە، ئەوانەی مەرەخەسیان کردم، هۆکار و بیانوو هەبوو بۆ هێشتنەوەم لە گرتیگەدا، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا مەرەخەسیان کردم، ئاخۆ ئەو کاتەی مەرەخەسیان کردم ئەوە چرکەی ترس بوو؟ یان چرکەی دڵخۆشییان بوو، ئەوی ڕووی دا ئەوە بوو کە دەبێ من ئازاد بکرێم، لێ ئەمە بەمانای نەهێشتنەوەم نەبوو لە زیندان تاکو ئەمرۆ، ئەگەر هاوڕێیانی وەک سارتەر و کۆکتۆ و مالرۆ و بێکاسۆ نەبوونایە.

– مەبەستتە بڵێی چرکە گەلێک هەن ڕێک کەوت تێیدا گەورە و بەهێزە، تەنانەت لە خودی یاساکەش.

– دەشێ وا بێ. کەواتە لەوەدا (نەء)ێکی ڕەها و (بەڵێ)یەکی ڕەها نییە. من ئێستا و لێرەدا لەگەڵ تۆ دانیشتووم، بەڵام لەوانەیشە کە ئێستا و لێرەدا لەگەڵتدا نەبم.

۸-۱۰-۱۹٦۹

لە قاوەخانەی براسۆری دوفرانس دانیشتبووین. جینێ لەبارەی قورسیی ژیان لە ئەوروپادا لەگەڵ محەمەد زەرادا دەدوا، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە جگە لە زمانی خۆیان زمانێکی تر نازانن. زەراد بە هەموو قورسی و گرانییەکان قایل بوو، لێ جینێ بەردەوام بۆی دەخەنییەوە. ئەوەی بۆ جینێ دووپات دەکردەوە، کە ئەو ئامادەیە و دەتوانێ قوربانی بە هەموو شتێکی خۆی بدا لە پێناو ئەوەی بچێتە دەرەوە. بۆ ئەمەش ئەو پیشەی سەرتاشییەی ئەم دەیزانی وەکو شاگرد کاری دەکرد، جگە لە پێنج شەش درهەمی زیاتر لە ڕۆژێکدا دەستکەوت نەبوو. ئەو ژنی هێنابوو هاوسەرەکەشی دووگیان بوو. جینێ پێی وتم:

– بەهەر نرخێک بێت هەوڵ دەدەم ئەو گەنجە لەو ڕەوشە خراپەی تێیدایە

ڕزگار کەم. لە پاریس ڕێگەیەکی بۆ مەیسەر دەکەم تاکو زمانی فرەنسی بخوێنێ. ئەوی کەوتووەتە ئەستۆی ئەو تەنیا ئەوەیە لە ژیانی ئەوێ بێزار نەبێ. دەزانم ڕووبەڕووی ژیارێک دەبێتەوە کە هیچ لەبارەی داوونەریتەکەیەوە نازانێ و هیچیشی لەبارەوە نەخوێندووەتەوە. پێویستە ورەیەکی بەرزی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ ژیانی ئەوێدا هەڵبکا.

١٩٦٩-١٠-١٠

لە سەعات پێنجی سەرلەئێوارەدا لە قاوەخانەی زاگورەدا چاومان بە یەکتری کەوت. لێی پرسیم، لەوەی ئاخۆ ئەو هەست بەداخۆمەزەندە دەکات پاسەپۆرت ببەخشنە محەمەد زەرادی هاوڕێی، کە بە تەمایە لەگەڵ خۆیدا بۆ پاریسی ببات. لەو ڕووەوە تێم گەیاند بۆ وەدەستهێنانی پاسەپۆرت بۆ ئەوانەی فەرمانبەری میری نین و هیچ گرێبەستێکی کار و بازرگانییان لەگەڵ دەرەوەدا نییە، دەچێتە خانەی بەرتیلەوە.

– کەواتە لێرە لای ئێوە پاسەپۆرت دەفرۆشرێ. نرخەکەی چەندە؟

– بەپێی بارودۆخ و پێوەندییە کەسایەتییەکان: لە پێنجسەد درهەمەوە تا سێ هەزار درهەم.

– ئەمە لە هیچ وڵاتێکدا ڕوو نادات مەگەر ئەو کەسە هەڵاتوو یان سیخوڕ بێت.

– من بەبێ ئەوەی ناوی ئەدەبیی خۆم بەکار بهێنم لە ماوەی سێ کاتژمێردا لە لەندەن پاسەپۆرتەکەیان بۆ نوێ کردمەوە.

– لای ئێمە شتی وا نییە.

لە سەعات پێنج و چارەک تاکسییەکمان بەکرێ گرت و بەرەو فەرمانگەی پاسەپۆرت چووین. لەوێدا ڕیزێکی درێژ لە کەسانی ڕووخسار خەمبار وەستابوون. کەسێکی لەڕ و شڵەژاو دەرکەوت، بەتووڕەیی و توندی دەدوا.

جینیّ پێی وتم:

– ئەمە ئەو کەسەیە کە بەڵێنی پێ دام سەعات پێنج و نیو بگەڕێمەوە بۆ لای.

– ئێرە لە سەعات شەشدا دایدەخەن.

ئەو فەرمانبەرەی بۆ وەرگرتنی پاسەپۆرتەکان ڕاسپێرابوو، ناوە ناوە دەهاتە دەرەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بوو کە پاڵ بەیەکێک لەو نائومێدە چاوەڕوانانەوە بنێ بۆ دەرەوە، یان جنێوی پێ بدا و پاشان بگەڕێتەوە بۆ ئۆفیسەکەی خۆی. جینیّ شپرزە دیار بوو، هەنگاوێک یان دوو هەنگاوی دەنا و دەوەستا، ئینجا دەستی بە پرتەوبۆڵە دەکرد:

ئەو کەسەی جنێو بەو خەڵکە دەدا و بەم شێوە دڵڕەقانەیە پاڵیان پێوە دەنێ کەسێکی دڕندەیە.

ئێمە تا هەموو فەرمانبەرەکان دەرچوون تەنیا فەرمانبەرانی بەشی تایبەت بە دانی پاسەپۆرتەکان نەبێ هەر چاوەڕوان بووین. پیاوە لاواز و تووڕەکە، وازی لەوە نەهێنا، کە هەر ماوەی جارێک سووکایەتی بە کەسێک بکا. وەختێک ئەو یارۆ دەیقیژاندە سەر ئەو خەڵکە ماندووە. جینیّ داوای لێ دەکردم ئەوەی لە دەمی ئەو دەردەچێت و ئەم لێیان تێ ناگات بۆی لێک بدەمەوە. هەندێک جار بەزمانی وەک یەکێک بەخت دابەش بکات، دەدوا. لە ساتێکدا بەقین و بوغز و جنێودانەوە پاڵی بەکەسێکەوە نا. جینیّ لەبارەی ئەو دیمەنەوە داوای لێکدانەوەی لێ کردم، پێم وت:

– کەسە دڵڕەق و دڕندەکە بەو کەسە نائومێدە دەڵێت مادامەکی خۆی سەرۆکی بەشی پاسەپۆرتە ئەوا پاسەپۆرتەکەی ناداتێ.

– لەبەرچی؟

– دەشێ بڕی بەرتیلەکەی بەلاوە کەم بێ. هەندێ جار ئەگەر کەسێک لەو نائومێدانە بەرەنگاری ببێتەوە ئەوا بۆ جێگەیەکی دەنێرێ لەوێدا نینۆک و

ڕیشی درێژ دەبێت، بەر لەوەی بۆ دادگەی بنێرن.

پێشنیازم بۆ جینێ کرد، کە ڕاستەوخۆ چاوی بە خودی فەرمانبەری هەرێمەکە بکەوێ، لێ ڕەتی کردەوە.

– من ڕقم لەو سەرۆکە بیروکراتییانە دەبێتەوە.

– ئەی ڕقت لە کوڕەکەی پۆل کلۆدێل نییە؟ ئەویش کونسوڵگەرە.

– نەخێر، کارەکە لەوە گاڵتەجارترە.

لە دواین چرکەدا، بەر لە داخستنی فەرمانگەکە کەسە لاوازەکە لەگەڵ جینێدا پەیڤا. پێی وت بۆ بەخشینی پاسەپۆرت بە گەنجەکە دەکرێ کارئاسانیی بۆ بکا ئەگەر پەروەندەکەی هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانی تێدا بێت.

لە ڕێگەدا، لەژێر نمەباران و بایەکی بەهێزدا کە وەک ئەوە وا بوو زللەمان لێ بدات، ئێمە خۆمان دەگرت و لە شوێنێکەوە دەچووینە شوێنێکی تر، پێی وتم:

– ئەوەی ئەو درندەیە لە منی داوا دەکات، وەرگرتنی پارەیەکی زۆرە، وا نییە؟

– زۆر ڕاستە، تۆ ئێستاکە تەواو حاڵی بووی کە چی لێت دەوێ.

هیچ تاکسییەکی بەتاڵ بە ئەوێدا تێ نەپەڕی. ئیدی هیچ کەپری دوکانێک و دەروازەی تەلارێک لە باران نەیدەپاراستین. ئاسمان بەخووڕ دەباری وەک ئەوەی خوێنبەرەکانی تووشی بەربوون بووبێتن.

وەختێک لە قاوەخانەی پاریس دانیشتین شڵپەی ئاومان دەهات. داوای دوو بادە ویسکیمان کرد. بەشپرزەییەوە جگەرەی پانتێرای pantera دەکێشا. گەلێک بێزار و دڵتەنگ بوو، بۆ ئەو کەسە داماو و بێ دەسمایە و گرفتار و دڵشکاوانەی، کە بەزەبری دەسەلات و سامان بەکاریان دەهێنن. بۆ چرکەیەک بێدەنگ بووین ئینجا پێم وت:

– لەو بڕوایەدای ئەوانەی ئەمڕۆکە لەبەر ناوداریت ڕێزت لێ دەگرن

بەهەمان پایەی ڕێزگرتن ئەگەر ئەو جینێیەی بەرشەلۆنە، یا هەر شوێنێکی تر بوایت؟

پێ دەچوو لە پرسیارکردندا زۆرم لێ کردبێ. لێم ڕاما و ئینجا وتی:

– ئەگەر ئارەزووت لێیە بۆ نانخواردنی شێوان لە مەنزە Minzah میوانی منی.

هۆڵەکە لە گەشتیارە ئەمەریکاییەکان جمەی دەهات. خزمەتکارە مەغریبییەکان بەخۆشحاڵییەوە خزمەتمان دەکەن، وەک هاوڕێیەک مامەڵە لەگەڵ جینێدا دەکەن نەک وەک ڕێبوارێکی ئاسایی.

جینێ بەزاراوە خۆماڵی و بەزمانگیرییەوە نوکتە و قسەی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە. گەشتیارە ئەمەریکاییەکان بەدەم نانخواردنەوە هەر قسەیان دەکرد، تەنیا لە کاتی قوتداندا نەبێ. جینێ بەگاڵتەجاڕییەوە پێی وتم:

– وریا بە! (بە ڕوویەکی گەشەوە لێم ڕوانی) گوێت لێمە؟

ئەوان لە هەر کوێیەکدا بن. لە ڤێتنام بن یان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا یاخۆ لە چێشتخانەیەکدا بن هەر مەکینەی فرۆکەکانیان دەجوونەوە.

پیانۆژەنەکە لە ئاوازێکەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاوازێکی تر. جینێ وتی:

– هەرگیز ژەنینی پیانۆم لەمە خراپتر گوێ لێ نەبووە. ژەنینەکەی هەر لە جووینەوەی ئەوانە دەچێ، کە خواردن و قسەکانیان دەجوونەوە.

جینێ خۆشحاڵە، لێ بە ئیشتیها و ئارەزووەوە خواردن ناخوات. جگە لە جگەرەکێشان و قوتدانی کەپسوولەکانی نیبۆتاڵ Nembutal توانای شتێکی تری نەماوە.

پاش نانخواردنی شێوان نزیکەی نیو سەعاتێک لە بۆلڤار پیاسەمان کرد. هەندێ ڕۆژنامە و کۆواری کڕی و گەڕایەوە ئوتێل. لێم پرسی:

– بێجگە لە ڕۆژنامەکان لەم ڕۆژانەدا چیی تر دەخوێنیتەوە؟

– هیچ شتێک ناخوێنمەوە.

وەختێک نزیک بەئوتێلەکە بووینەوە پێم وت:

– وا دیارە دابەزین و مانەوەت لەم ئوتێلەدا بەدڵە.

– بەڕێوەبەری ئوتێلەکە دەمناسێ. کتێبەکانی منی خوێندووەتەوە. هەندێ جار لەبارەی هەندێکیانەوە گفتوگۆم لەگەڵدا دەکات. بەلانی کەمەوە لە ئوتێلەکەیدا ئەو هەستەی پێ بەخشیم، کە من میوانی ئەوم، نە وەک دابەزیوێک لە ئوتێلەکەیدا.

خزمەتکارێکی مەغریبی کە لە ئوتێلەکەدا کاری دەکرد هەندێ هەڵسوکەوتی جینێی بۆ گێڕامەوە: زۆرجار بەجلی خەوەوە بە پێی پەتی بۆ داواکردنی پاکەت و دەفتەری تۆمار لە ژوورەکەی خۆیەوە دادەبەزێتە هۆڵی پێشوازی. هەندێ جاری تریش بۆ داواکردنی شتێکی تر زیاتر لە جارێک دادەبەزێ، بەبێ ئەوەی تەلەفۆنی ژوورەکەی بەکار بهێنێ.

**١٢-١٠-١٩٦٩**

لە سەعات یازدە و نیوی سەرلەبەیانیدا لە قاوەخانەی پاریس چاوم پێ کەوت. محەمەد زەرادی هاوڕێی لەگەڵدا بوو. بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لەگەڵیدا داوەتی چێشتخانەی مێرادۆری کردین. تا ئێستاش یەکێک لە گورچیلەکانی کەمێک ئازاری دەدا. لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا بۆ دیاریکردنی ئەو دۆخەی سێ پزیشکی مەغریبیی داوا کرد. هەرسێکیان بەشرینقەی جیاوازی ئازار ڕەوێنەوە دەرزییان لێ دا. نزیک بە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بەجێمان هێشت. لەگەڵماندا زۆر میهرەبان بوو. بۆ پشوودان بۆ ئوتێلەکە سەرکەوت. ڕۆیشت و بەبێ ئەوەی کاتێک بۆ دیدار لەگەڵیدا دەستنیشان بکەم.

**١٣-١٠-١٩٦٩**

لە سەعات شەشی سەرلەئێوارە لە ئوتێلەکەدا بە دیداری گەیشتم، نەخۆش و

ناسـاغ بوو. گـەلێک بە هێـواشی ڕێـی دەکرد. بەرەو قـاوەخـانەی براسـۆری دوفرانس ڕۆیشتین.

وەختێک دانیشت پێی وتم:

– هیـوادارم کەسـێکی وەک پـەڕەشـووتوانە هـەڵاتووەکە نـەیەت وەڕسـمـان بکات. ئیتـر قـاوەخـانـەی پاریس ناچێتـە دڵەوە. ئەو قـاوەخـانەیە خـەڵکانێکی لاپرەسەن هاتوچۆی دەکەن. دانیشتن لێرەدا گەلێک ئارامگەیێنە.

**١٤-١٠-١٩٦٩**

لە ئوتێلی مـەنزە چاوم پـێ کـەوت. تەندروسـتـیی بـاشـتـر بوو. قـورئـانی بەوەرگێڕاوە فرەنسییەکەی بەدیاری پێ بەخشیم. پێی وتم:

– بە ڕوونـی لێـی تێ نەگـەیشـتـم. گـەلێک لەو بەدواداچـوونانەی کـە لە پەڕاوێزەکانیدا نووسراون پێویستییان بە زانیـارییـەکی باش هـەیە لەبارەی مێژووی عەرەبەوە. تۆ ئەم کتێبەت خوێندووەتەوە؟

– بەڵێ.

– بێگومان بە بەها و باڵایە بەزمانی عەرەبی.

– پەرجووی زمانی عەرەبییە.

دواتر لەبارەی داهێنانی ئەدەبییەوە دوا. گەلێک بە مالارمێ سـەرسام بوو. هـەندێک دێری لە چامـەی "شنەی دەریا"ی بەنموونە هێنایەوە Brise Marine . داوام لێ کرد ئـەو دێرەم بۆ بنووسێ، کـە پێی سـەرسـام بووم. مـن هـیچ پەڕە کاغـەزێکم پێ نەبوو. لـە لاپەڕە سـپـیـیـەکـەی دووەمـی کـتـێـبی قـورئاندا بۆی نووسیم[١]. sur le vide papier que le blancheur defond

ئەو لـە ڕاسـتـی و دروسـتـیی ئەو دێرە دڵـنیـا نەبـوو، هـەر بۆیە نـیـشـانەی

---

١. sur le vide papier que le blancheur defond

ئەم دێرەی نەهاتووەتە یاد، سەرەڕای ئەوەی کە دووجار نووسیبووی.

پرسیاری بۆ دانا. لەبارەی مانای ناوی مالارمێوە Mallarme پرسیارم لێ کرد، بەخەندەوە وتی:

– ناوەکەی لاوازی و سستیی سێکسی دەگەیەنێ MAL-ARME . واتە ئامادەساز و چەکدار نییە لە ڕووی سێکسییەوە، لێ تەواو چەکدار و ئامادەساز بوو لە ڕووی ئاوەز و ژیری و داناییيەوە.




ئەم دێرە بەباشی و بە ڕوونی دیار نییە، سەرەڕای ئەوەی کە دووجاریش نووسییەوە.

– ئاخۆ ئەو وتارەی لەبارەی دیموکراسییەوە لە شیکاگۆدا نووسیبووت بە تەواوی هەمووی بڵاو کرایەوە و کۆواری ئیسکوێر Esquire بڵاوی کردەوە؟

– نەء. نیوەی بڵاو کردەوە، لێ ئەمە بۆ من هەلێکی لەبار بوو تا نیوەکەی تر بە کۆوارێکی تر بفرۆشم. من ئەمە دەزانم کە ئەوان ئیمزاکەی من دەکڕن، نەک ئەوەی من لەبارەی دیموکراسییەوە لە ئەمەریکادا دەینووسم.

١٩٦٩-١٠-١٥

محەمەد زەراد بەمەبەستی پەیداکردنی پارەی تێچووی پەساپۆرتەکەی سەفەری بۆ شوێنی لەدایکبوونی خۆی کرد، کە شارۆکەیەک بوو دەکەوتە دەوروبەری شاری تەتوانەوە. جینێ لێی پرسیم:

- پێت وایە لەو شوێنی لەدایکبوونەی ئەو برە پارەیەی دەست بکەوێ و بیدەنێ، یان هەمان گرفت و ئاستەنگی تووش دەبێ، کە لە فەرمانگە فەرمی و بەرپرسیارەکان تووشی بوو؟

- وەک پێشتریش پێم وتووی هەموو شتێک ڕاستەوخۆ بە پێوەندیی کەسەکان بە بەرپرسەکانەوە گرێ دراوە، یان بەوانەی لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا نزیکایەتی و ئاشنایەتییان هەیە. لە دۆخی نەبوونی پێوەندیگەلێکی لەو جۆرەش ئیدی بۆ کارئاسانیی ئەو گرفت و ئاستەنگانە پارە و سامان دێتە ئاراوە و ڕۆڵ دەبینێ.

حەسەن واکەریم هات و بەتەنیشتمەوە دانیشت، لەبارەی چۆنیەتیی یارمەتییەکانی ئەو لەمەڕ بەدەستهێنانی پاسەپۆرت بۆ محەمەد زەراد پێکەوە قسەمان کرد. ئامادەییی خۆی نیشان دا.

ئەو چەند فەرمانبەرێک لەو فەرمانگەیەدا دەناسێ، هەروەها بەڕێوەبەری تیپی (ئیرۆزس)ە بۆ سەمای شانۆی میللی. وەک هاوڕێیەک بە جینێم ناساند، کە پێی دەکرێ بۆ بەدەستهێنانی پاسەپۆرت بۆ محەمەد زەراد هاوکاریمان بکات. جینێ دڵ و چاوی ڕوون بووەوە. واکەریم ئەوەی بۆ جینێ دووپات کردەوە، کە ئەو دەتوانێ بەڕاستی یارمەتیمان بدات. وەختێک بە جینێم وت کە واکەریم بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆیی مەغریبییە گرینگیی زیاتری پێدا. جینێ لەبارەی چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی هونەرمەندەوە قسەی بۆ کرد بەوەی لەسەر هونەرمەند پێویستە لە دژی هەموو ئەو دیاردانە بوەستێتەوە کە کار دەکەنە سەر ئازادیی ڕادەربڕین و گەشەکردن و

پێشکەوتنی، ئەمەش بۆ ئەوەیە نەکەوێتە نێو قیر و لیتەییەکانی شارستانییەتەوە.

هەروەها دەبێت پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی سەما و مۆسیقای وڵاتەکەی بکات. بۆ ڕاستیی قسەکانی جینێ شانۆی (نو)ی ژاپۆنی وەک نموونە هێنایەوە، کە توانیویەتی هونەرێکی میلليی دێرین لە ڕەسەنایەتی و خەسڵەتیدا بخوڵقێنێ و بهێنێتە ئاراوە.

**١٦-١٠-١٩٦٩**

لە براسۆری زو فرانس بووم. محەمەد زەراد لە تەتوان گەڕایەوە و هەموو ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی پێ بوو، کە لەلایەن فەرمانگەی پاسەپۆرتەوە لێی داوا کرابوو. بۆ ئەوەی ئەو بەڵگەنامانەی بەخێرایی دەست بکەوێ، هەندێ پارەی خەرج کردبوو. ئێمە چاوەڕێی حەسەن واکەریمان دەکرد. جینێ لێی پرسیم:

– لەو بڕوایەدای واکەریم بتوانێ یارمەتیمان بدا؟

– بەڵێ.

واکەریم هاتە ژوورەوە. داوای لە زەراد کرد بە تەنیا بیبات بۆ فەرمانگەکە. لە بەردەمماندا بۆیە ڕەشپێستەکەی قاوەخانەکە وەستا و وتی:

– بیستومە ئەم پیاوە نووسەرێکی مەزنە.

– بەڵێ وایە.

– هەروەها دەستبڵاو و چاو و دڵتێرە.

– ئەمەشیان هەر ڕاستە.

جینێ لەگەڵیدا خەندەیەکی پڕ لە خۆشەویستیی گۆڕییەوە. بۆیەکە بەدەم تەوقەکردنەوە لەگەڵ جینێدا وتی:

تۆ پیاوێکی باشی

جێنیش بە زمانی بازاڕی گوتی:

– تۆش پیاوێکی ڕووخۆشی.

کڕیارێک بانگی کرد و ڕۆیشت. بە جینێم وت:

– ئەگەر بەڕێگەی یاسایی و شەرعی نەمانتوانی پاسەپۆرت بەدەست بهێنین، لەم حاڵەتەدا ئاخۆ بیر لەوە ناکەیتەوە پەنا بدێرە بەر کوڕەکەی کونسوڵگەر پۆل کلۆدێل؟

– هەرگیز. لە بریی ئەوەی پەنا بۆ کەسێکی کونسوڵگەری فرەنسی بەرم، زۆرم پێ باشترە لە جیاتیی ئەوە برێ پارە بدەم.

**١٩٦٩-١٠-١٧**

بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی ببمەوە کتێبی (ڕشانەوە)م پێ بوو. لە سەربانەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتین. لێی پرسیم:

– هەتاکو ئێستاش ئەم تاعوونە دەخوێنیتەوە؟

– وا خەریکە تەواوی دەکەم.

– ئەی (بانێژە)ت خوێندووەتەوە.

– هێشتاکە نەمخوێندووەتەوە.

– بۆچی؟

– چاوەڕێی کۆتاییی مانگمە تا دانەیەکی تر لێ بکڕم.

– بەڵام لەبەرچی؟

– لەبەرئەوەی ئەو دانەیەی لای من پێشکێشی تۆی لەسەر نووسراوە.

– ئێ پاشان؟

– من بەوە ڕاهاتووم لە چاخانەکاندا بخوێنمەوە، هەر بۆیە نامەوێ ئەو دانەیە پیس بێ یان بزری بکەم. دەمەوێ ئەوەیان وەک یادگاری لای خۆم

هەڵبگرم و بیهێڵمەوە.

کتێبی (ڕشانەوە)ی لێ وەرگرتم و لاپەڕەی یەکەمی کردەوە و بەدەم لێکردنەوەی ئەو لاپەڕەیەوە وتی:

– هانێ کتێبەکەم بگرە و ئەو لاپەڕەیەی کە لەسەر نووسراوە ئاوهانێ لێی بکەرەوە. شانۆگەرییەکە بخوێنەوە و پاشان ئەو لاپەڕەیەی پێوە بلکێنەوە، خوێندنەوەی کتێب زۆر لەوە باشترە، کە لەبەرئەوەی دیارییە و بزر نەبێ نەخوێندرێتەوە و وازی لێ بهێنرێ.

بۆی خەنیمەوە و ئینجا پێم وت:

– کتێبەکانت نرخیان گرانە.

بەخەندەوە وتی:

– ئاوها دەکرێ قازانجی زۆر بکەم.

– بۆچی کتێبەکانت لەسەر شێوەی کتێبی گیرفان چاپ ناکرێن؟

– نازانم، ئەمە هەڵەی من نییە، وەشێنەرەکەم بەو کارە هەڵدەستێ.

بۆ ئەوەی وتووێژەکەمان بگۆڕم پێم وت:

– ساڵی پار پێت وتم دوو ساڵە سارتەرت نەدیوە.

– بەڵێ، لەمەودوایش ئیتر نایبینم. لە ساڵی ڕابردوودا ڕۆژێکیان لە زانکۆی سۆربۆن وانەی دەوتەوە، وەختێک بۆ دیدەنیی چووم. کچە خوێندکارێک لەبەر دەرگەکە ڕای گرتم و پێی وتم لە ژوورەوەدا جێگە بۆ هیچ کەسێک نەماوەتەوە، لەوێدا خەڵکی تریش هەبوون دەیانویست بچنە ژوورەوە.

– بێگومان کچە خوێندکارەکە تۆی نەناسیوە.

– ئەو کچێکی خوێندکار بوو، منیش نەمدەویست ناوی خۆم بۆ چوونە ژوورەوە بەکار بهێنم.

هەسـتـاين و ڕۆيشـتين لە بۆلڤار پـيـاسـە بكەين. نزيك بە قـاوەخـانەی كلاريدج claridge پرسـيارى لىٚ كردم، كە ئاخۆ لە تەنجەدا كتێبخـانەيەك هەيە سـەر بەخـانەى گـاليـمـار بێت. پارەى پىٚ نەمـابوو. منيش لەوە دڵنيـا نەبووم، كـە كـتـێـبـخـانەى دوكـولون librairie des colonnes سـەر بەخـانەى گاليمارە.

– لەوانەيە ئەم كتێبخانەيە سەر بەو خانەى چاپ و پەخشە بێت.

خـاتوو جيرۆڤى بەوپەڕى ڕێز و شـۆخـييەوە پێشـوازيى لىٚ كـردين. پێكەوە بەجـيـا لە ئێـمـە قـسـەى لەگەڵدا كرد. لەگەڵيدا بۆ ئۆڤـيـسـەكەى لە نهـۆمى يەكەمـدا سـەركەوتن، لەوێدا وتووێژيان دەست پىٚ كرد. پێشـتـر براين جـێـسن پێـى وتبـووم جـيـنىٚ هەرگـيـز پارە لە هيچ بـانكێكدا دانانىٚ. تـاكـە بانـكى سـەرەكيى ئەو خانەى گاليمار و لقەكانيەتى لە هەموو جيهاندا، كە ئەوانيش مـامـەڵە لەگەڵ خـانەى گـاليـمـاردا دەكەن. وەختێك لە پاريس دەبىٚ و پارە و پوولى پىٚ نامـێنىٚ دەچێتـە خـانەى گـاليـمـار و بە كيسـەيەكى بـچـكۆلانەى پڕ پارەوە دەردەچێت، كە لەبن هەنگڵيدا دەيشـارێتەوە، وەك ئەوەى دزيبێتى.

ئەو دەمەى لە كتێبخانەكەوە دەرچووين پێى وتم:

– لەو بڕوايەدام بەڕێز ڕۆبـەر بيرۆڤـى مێردەكەى خـاتوو جـيـرۆڤى دەتوانىٚ لە بەدەسـتـهـێنانى پاسـەپۆرتدا هـاوكاريمان بكا. لەم قاوەخـانەيەدا چاوەڕێى دەكـەين. لەگـەڵ خـێـزانەكـەيدا قـسـەم كـردووە، پـاش چەند چركـەيەكى تر دەگات.

چووينە قـاوەخـانەى كـلاريدجەوە. ئەو داواى قـاوەيەكى بە شـيـرەوە كرد، منيش ويسكيم داوا كـرد. جارێكى تر نوقـمى نێو قسـەوباسـى شيعـر بووين. لەبارەى بۆدلێرەوە قسـەمان كرد، لەبارەى ڤێرلين و ڕامبۆوە وتووێژمـان ساز دا، لە پەرستگەكەى مالارمىٚ وچانمان گرت. پێى وتم:

– حەز دەكەم قەسيدەى (شنەى دەريا)ى مالارمێت بۆ بخوێنمەوە.

– داوای دیوانە شیعرییەکەی لە خاتوو جیرۆفی Gerofi دەکەم.

– بیرێکی باشە.

دیوانە شیعرەکەی پێ دام و وتی:

– تکات لێ دەکەم بە بەڕێز جینێ بڵێ مێردەکەم لە چەند چرکەیەکدا دەگەڕێتەوە.

سوپاسم کرد و دەرچووم. واکەریمم بینی بەرەو قاوەخانەکە دەهات. ئەو لە قاوەخانەکانی تردا بەدوای ئێمەدا گەڕابوو. پێکەوە چووینە ژوورەوە.

بە جینێی وت:

– لەو بڕوایەدام هیوایەک هەبێ بۆ بەدەستهێنانی پاسەپۆرت.

جینێ لەبارەی هەوڵ و هاوکارییەکانی بەڕێز رۆبەر جیرۆفییەوە قسەی کرد داخۆ ئەو بۆ مەیسەرکردنی پاسەپۆرت دەتوانێ چیمان پێشکێش بکات.

واکەریم وتی:

– لەبەرئەوەی ئەو بیناسازە، هەر بۆیە پێوەندییەکی بەرفراوانی بەو فەرمانگەیەوە هەیە.

سەعات نزیکەی پێنجی سەرلەئێوارە بوو بەڕێز جیرۆفی گەیشت. سڵاوی لێ کردین و دانیشت. جینێ وتی:

– خێزانەکەم لەگەڵمدا قسەی کردووە. بۆ هاوکاری و یارمەتیدانتان ئەوپەڕی توانا و کۆششی خۆم دەخەمە کار. سبەینێ سەرلەبەیانی پێوەندی بە فەرمانبەرێکی هاوڕێمەوە دەکەم لەو فەرمانگەیەدا.

واکەریم وتی هەروەها ئەم ئێوارەیەش لەو فەرمانگەیەدا چاوی بەفەرمانبەرێک دەکەوێ، کە دەتوانێ یارمەتیمان بدا. سواری ئۆتۆمۆبێلەکەی بەڕێز جیرۆفی بووین. تا ئەو ساتەش جینێ هێشتاکە نامیلکەکەی مالارمێی پێ بوو. کاتێک گەیشتین، واکەریم چووە

فەرمانگەکەوە و ئێمەش لەناو ئۆتۆمۆبێلەکەدا چاوەڕێمان دەکرد. جینێ بەدوای قەسیدەکەدا گەڕا و تکای لە بەڕێز جیرۆفی کرد، کە قەسیدەی بەڕێز مارین بەدەنگە گڕە ناسکەکەی بخوێنێتەوە. بۆ ئەو هەڵبژاردنە جوانەی هەموومان لەگەڵیدا هاوڕا بووین. واکەریم گەڕایەوە و وتی ئەو فەرمانبەرەی کە ئەو دەیناسێ لەوێ نەبووە. جینێ شڵەژا و بۆ بەدەستهێنانی پاسەپۆرتیش سووربوونی زیاتر بوو.

۱۹-۱۰-۱۹٦۹

نزیکەی سەعات یازدەی سەرلەبەیانی چاوم بە جینێ کەوت. ڕووەو ڕێگەی ئیسپانیا ڕۆیشتین. لە قاوەخانەی پویرتا دیل سۆڵ puerta del sol دانیشتین. لە ناکاو دەرکەوتنی جۆرج لاپاسادی هاوڕێی جینێ ناکامی کردین. لاساباد گەلێک نیگەران دیار بوو. بە شپرزەییەوە دەدوا. کەسایەتیی ئەو نەچووە دڵمەوە.

سەرلەئێوارە، لەگەڵ جینێ و لاپاسادا لە قاوەخانەی براسۆری دۆفرانس چاومان بەیەکتر کەوت. جینێ پێی وتم:

– ئێمە لەلایەن بنەماڵەی جیرۆفییەوە داوەتی چای خواردنەوەین. تۆش لەگەڵماندا داوەتی.

بۆ خۆپاراستنم لە جۆرج لاپاساد George lapassade ئەوەندەی نەمابوو ئەو داوەتنامەیە ڕەت بکەمەوە. بەڕێز جیرۆفی GEROFI هات و بە ماشێنەکەی خۆی هەڵی گرتین. لە ماڵی ئەودا ئیمیلۆ سانزمان EMILIO SANZ بینی. پێشتر لە ماڵی ئێدوارد ڕۆدیتی Edouard Roditi بینیبووم. لەگەڵ ئەویشدا نەمدەتوانی هەڵبکەم. ئەو لەو جۆرە کەسانەیە کە گوڵێکی پێ بوو. بەدەم قسەکردنەوە دەستاودەستی پێ دەکا، یان بەر لەوەی وەڵامی پرسیارێک بداتەوە، یان ڕای خۆی لەبارەی بابەتێکەوە دەربڕێ بۆن بە

گوڵەکەوە دەکا و ئەم جۆرە ڕایانە دەردەبڕێ. ناوماڵەکەتان کراوە و دڵگیرە. بەسەر هەندێ ماندووبوون و بێتاقەتیدا زاڵ بووم. داوام لە خاتوو جیرۆفی کرد بادەیەک ویسکیم بداتێ. گفتوگۆ لەبارەی ئەو ئەدیبانەوە دەستی پێ کرد کە سەردانی تەنجە دەکەن. خاتوو جیرۆفی تێنسی ولیامزم بیر کەوتەوە کە لە ساڵی (٦٤)ەوە سەردانی تەنجەی نەکردووە. ئەو ویسکییەی هێدی هێدی دەمخواردەوە بووە مایەی خاوبوونەوەم. خەریک بوو خەو دەیبردمەوە، لێ دەنگی جینێ بە ئاگای هێنامەوە کە دەیوت:

– ئەوەتا خۆم خستە گۆڕستانی ئەدەبەوە.

لەبارەی شانۆوە وتوویژیان بوو، گوێم لێ بوو جینێ دەیوت شێوە و شێوازی شانۆ خەریکە کەڵکی نامێنێ. پێم وت:

– ئەی تۆ چی بەکەڵکدار دەبینی وەک شێوازێک بۆ نووسین لە ئێستادا؟

وتی:

– شێوازێکی تر کە تاکو ئێستاکە بوونی نییە. ئەو شێوازە نووسینانەی، کە تاکو ئێستا ماوەتەوە بەتەواوی بەسەرچوون. بیرم کردەوە: ئەوەی ئەو دەیڵێت مافی ڕەوای خۆیەتی مادامەکی کارەکانی ئەو بەچاپێکی باش و نایابەوە هاتوونەتە بڵاوکردنەوە، کەواتە ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕەوایە. ئەگەر لە چلەکاندا بەم شێوەیە بیری بکردایەوە ئەوا کارەکانی خۆی نەدەنووسی. هەر جینێی سواڵکەر و دز دەمایەوە، هەر جینێی سزادراو بە حەپسی هەتاهەتایی دەمایەوە.

وەختێک هەستاین و خۆمان بۆ دەرچوون ئامادە کرد، ئیمیلیۆ سانزم بینی کتێبێک لەسەر ڕەفەیەک دادەگرێ و دەیداتە جینێ و داوای لێ دەکات بەئیمزای خۆی وەک دیارییەک پێشکێشی بکات. جینێ سەیری کردم و بە چاوەکانی ئاماژە و هێمایەکی دامێ. شانەکانی خۆم بۆ هەڵتەکاند و لە خەیاڵی خۆمدا پێم وت: "نەکەی ئەوە بکەی. بیهێنەوە یاد خۆت کە تۆ چەند

بێزت لەو دەوڵەمەندە بەفیز و لەخۆباییبووانە دەبووەوە". جینێ پێی وت:

– بمبوورە لە ئێستادا ئامادە نیم هیچ ئیمزا و دیارییەک لەسەر هیچ کتێبێکم بنووسم.

لە ئەندێشەی خۆمدا بە جینێم وت: دەستخۆش، براڤۆ BRAVO لە ئاسانسەرەکەدا پێی وتم:

– ئەو کەسە کێ بوو؟

– لە خانەوادەیەکی گەلێک دەوڵەمەندە، وەک پێیان وتووم، ئەو خەزنەدارە.

– لە هیچ شتێکدا نەچووە دڵمەوە.

– هەروەها منیش هیچ شتێکیم بەدڵ نەبوو.

**٢٠-١٠-١٩٦٩**

لە براسۆری دۆفرانس لەگەڵ براینێدا بووم. نزیکەی لە سەعات شەش و نیوی سەرلەئێوارە جینێ لەگەڵ هاورێکەی محەمەد زەراد بۆ ئەوێ هاتن. براین رۆیشت. تا سەعات هەشت و نیو پێکەوە گفتوگۆمان کرد. زەرادی هاورێی ئەوێی جێ هێشت. لەگەڵ جینێدا بۆ گەران بەدوای لاپاسادی هاورێیدا بەرەو بازاری ناوەخۆیی رۆیشتین. لە قاوەخانەی سەنترالدا دۆزیمانەوە، کە لەگەڵ هەندێ لاوی مەغریبیدا لەبارەی ناوەکانی غەناوە، حەماشە، جیلالە و هەداوە گفتوگۆیان بوو. سرووت و بنەچە و رەسەنایەتیی ئەو ناوانەی زۆر بەلاوە گرینگ بوو. بەرەو مەیخانە و چێشتخانەی ماریا رۆیشتین. شووشەیەک مەیمان داوا کرد، جینێ تەنیا یەک پەرداخی خواردەوە. نەیویست لەگەڵماندا نانی شێوان بخوا. من و لاپاساد تا ئوتێل بەرێمان خست، لاپاسادم بۆ لای براین برد تاکو پێی بناسێنم. لەبەر ماندووییم خەوم لێ کەوت و ئەوانم بۆ وتووێژ لەبارەی تەنجەوە لە رۆژانی مافیا و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانیان بەزەبری دەمانچە لەناو بازاری

ناوەخۆییدا بەجێ هێشت. نزیکەی سەعات دوو بەئاگا هاتمەوە. تاکو ئەو کاتەش هەر گفتوگۆیان بوو. لای ئەوان ڕۆیشتم و لاپاسادم لەناو سەرسامی بە قسەکانی براین بەجێ هێشت. پێ دەچوو گەلێک سەرسام بووبێ بەو زانیارییانەی براین هەیبوو لەبارەی جووەکانی تەنجە و ئەو بیانییانەی، کە جوانترین زەوییەکانی ئەوێیان بە هەرزانترین نرخ کڕیبووی.

۲۱-۱۰-۱۹٦۹

جینێ و براین و لاپاساد و من بۆ پیاسەکردن چووین بۆ کۆڵانەکانی بازاڕی ناوەخۆیی. لە گەڕەکی بەنشەرقی ماڵەکەی* مانۆلۆماندا. لەوێدا پیرەمێردە ئیتاڵییەکە (ئەلبرتۆ)مان بینی. چاوەڕێی هەر کەسێکی دەکرد بچێ بۆ ئەوێ. هەندێ کورسیی شەق و شڕی بۆ هێناین، وەختێک لەسەریان دانیشتین دەلەرزانەوە و ئەملا و ئەولایان دەکرد. هۆڵەکە وەک یەخچاڵ سارد بوو. دیوارەکانی شێدار بوون. کەلوپەلەکانی ناوی پیس و ڕەنگە بنچینەییەکانیان ون بووبوو. براین لەبارەی ناودارێتیی ئەو ماڵە لە ڕۆژانی تەنجەی نێودەوڵەتیدا دەستی بە پەیڤین کرد. لاپاساد وتی:

– لە ئەمڕۆدا ئەم شارە مردووە. هیچ شتێک لە مەزنیی ئەم شارە نەماوەتەوە.

خەونەکەی جینێم بیر کەوتەوە، وەختێک لە ئیسپانیادا بۆ پاراستنی خۆی لە با بەهەڵتروشکاوی لە پاڵ دیوارێکدا دەخەوت و لەوێوە خەونی بە تەنجەوە دەبینی، تەنجەش لە چاوی ئەودا پەناگە و پەسێوی ناپاک و تاوانباران بوو.

پیرەمێردە ئیتاڵییەکە پێی وتین نیو شووشە مەیی هەڵگیراوە ماوەتەوە بۆتانی بهێنم؟ بیرم کردەوە: دەشێ ئەو نیوەیەی ماوەتەوە ترشابێ و

---

* سووڕخانەی نێربازان.

تامیشی نەمابێ. سوپاسگوزاری بووین. پێی وتین:

– ئێوە بەچاوی خۆتان دەبینن. هیچ شتێک لێرەدا نەماوەتەوە. کەش و فەزاکەی مردووە. بۆ ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق ڕۆژانە، هەمیشە و بە بەردەوامی پێنج بۆ شەش کەس بۆ چوونە ژوورەوە چاوەڕێی نۆرەی خۆیانیان دەکرد. وەلێ لە ئەمڕۆدا لەوانەیە سێ یان چوار کەس بچنە ژوورەوە. زۆرجاریش ڕۆژەکە بە تەواوی تێ دەپەڕێ، بەبێ ئەوەی پێشوازی لە تاکە کەسێک بکەین.

لە بزربوونی ئەو زەمەنەی ئەو قسەی لێوە دەکرد هاوڕابووین. لێ دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی لە ئەمڕۆدا مەحاڵە.

**٢٢-١٠-١٩٦٩**

لە سەعات پێنج و نیو بە هاوڕێیەتیی واکەریم بەرەو فەرمانگەی پاسەپۆرت ڕۆیشتین. پێشتر واکەریم لەگەڵ گەورە فەرمانبەرێکی تایبەت بە فەرمانگەکە دیدارێکی بۆ جینێ ڕێک خستبوو. چووینە ئۆفیسەکەیەوە. بەگەرموگوڕی و دڵفراوانی پێشوازیی لێ کردین. لە ژوورەوەدا جینێ جۆرێک لە ئاسوودەییی پێوە دیاربوو. فەرمانبەرەکە لەبارەی ئەو کارەی محەمەد زەرادی هاوڕێی پێی هەڵدەستێ، پرسیاری کرد. جینێ پێی وت لە ماڵەکەیدا لە پاریس کاری باخەوانێتیی پێ ڕادەسپێرێ. لە دڵی خۆمدا پێ کەنیم:

جینێ و لە ماڵەکەیدا لە پاریس باخچەی هەبێ. فەرمانبەرەکە بە فرەنسی پێی وت:

II va, donc, agir avec vous comme un domestique جینێ بۆ چرکەیەک ڕاما و ئینجا پێی وت:

– ببوورن کە پێتان دەڵێم بەوەی من هەرگیز لەگەڵ خۆمدا ئیشی پێ ناکەم. ئەو تەنیا کاری باخچەکەی ماڵەکەمی پێ ڕادەسپێردرێ. هەوڵیش

دەدەم کەسێک بدۆزمەوە وانەی زمانی فرەنسیی پێ بڵێتەوە.

فەرمانبەرەکە خەنییەوە. پێ دەچوو درکی بەوە کردبێ، کە جینێ بەهیچ کلۆجێک بەوە قایل نابێت کە خەسڵەتی Domestigue بخرێتە پاڵ مرۆڤەوە، چونکە وشەکە لە میانەی ماناکانیدا کۆیلایەتی و دەستەمۆکردن دەگەیەنێ.

– لەم ڕووەوە لەسەرتان پێویستە نامەیەکی پابەندبوون بنووسن. ئەمەش وەک گەرەنتی بەرپرسیارێتیی ئێوە لە دەرەوەدا بەرانبەر بە ئەو لە فایلەکەیدا هەڵدەگیرێ و دەپارێزرێ.

جینێ لە بەرانبەر نووسینەوەی پابەندەکەدا قایلبوونی خۆی ڕاگەیاند، بەوەی لە سبەینێدا دەینووسێ. پاشان ئەو بارودۆخەی ڕوون کردەوە، کە ناچاری دەکات بەپەلە سەفەر بۆ پاریس بکات. فەرمانبەری فەرمانگەکە بەڵێنی ئەوەی پێ دا بەهەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵ بدات تا لە سبەینێدا یان دووسبەی پاسەپۆرتەکەی محەمەد بداتە دەستی. بە دڵخۆشییەوە لە فەرمانگەکەوە دەرچووین. جینێ پێی وتین:

– وادیارە ئەم پیاوە کەسێکی ڕێکوپێک و باشە.

لە بازاڕی ناوەخۆییدا چاوم بە لاپاساد کەوت. جینێ چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی بنوێ. لاپاساد لەگەڵمدا بۆ چێشتخانەی ماریا هات. لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا لاپاساد پێی وتم:

– جینێ کۆتاییی پێ هاتووە. کوانێ جینێی سەرکێش؟ کوانێ ئەو جینێیەی لە بەرشەلۆنە بوو، لە جەزائیر بوو، لە تونس بوو، یان لە یۆنان بوو؟

لاپاساد ڕاستی کرد. جگە لە وێنە و دیمەنێکی ڕابردوو شتێک لە جینێدا نەمابووەوە. هەر کاتێکیش پرسیاری یەکێک لە کتێبەکانیم لێ کردبا هەمیشە ئاوها وەڵامی دەدامەوە.

– ئاه..! ئەو کتێبەم لە دێرزەمانەوە نووسیوە.

ئێوارەیەکیان پێم وت:

– لەم ڕۆژانەدا هیچ باش دیار نیت.

بێ هیوایانە تەماشایەکی کردم.

– ئەمە ڕاستینەی منە. من هەمیشە خەمبارم.

بیرم کردەوە: ئاخۆ ئەو بەم شێوەیە لەگەڵ ئەوانی تردا دەدوێ؟

لاپاسادم لە بازاڕی ناوەخۆییدا جێ هێشت. ئەو شەوی خۆی هەیە و منیش شەوی خۆم. حەز و ئارەزووەکانمان جیاوازە. ئەو بەدوای کەسێکدا دەگەڕێ لە خۆی بچێ، منیش بەدوای پێچەوانەکەی خۆمدا دەگەڕێم. سەرەڕای ئەو پلە و پایە هزرییەی هەیەتی، وەلێ من بوهێمییەکەی ئەوم چووەتە دڵەوە. ڕێک وەک ئەوەی ڕۆلان بارت لێرەدا دەیکرد. وەک لاپاساد لە هەموو کۆڵان و قاوەخانەکاندا بەدوای نێچیرە چێژگەیێنەکەیدا دەگەڕا، بەڵام ڕۆلان بارت لە قاوەخانەی سنترال دادەنیشت و چاوەڕێی لەنگانەوەی نێچیرەکەی دەکرد خۆی فڕێ داتە باوەشییەوە و سووتکی جگەرەکەی لای لێوی بکەوێتە سەر چاکەتەکەی.

**٢٣-١٠-١٩٦٩**

محەمەد زەراد ئەمڕۆکە پاسەپۆرتەکەی وەرگرت، لەگەڵ عەرەبی یەعقوبیدا ڕێک کەوتین ئاهەنگێک بە گۆرانییەوە لە ماڵی ئەودا ساز بکرێت. نزیکەی سەعات هەشتی سەرلەئێوارە ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد. مەغریبی و فرەنسی و ئینگلیزی و ئەمەریکی ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. سەرۆکی تیپی گۆرانیبێژەکان وەک خەڵووز پێستی ڕەش بوو. هەر لە یەکەم چرکەوە جینێ بەتەواوی لەگەڵیدا گونجا و تێکەڵی بوو. وەک ئەوەی عەیامێک بێ یەکتر بناسن. لە کاتی پشوودا پێکەوە گفتوگۆیان کرد. سترانی سوودانی خەمئامێزە و سەماکانیش ڕەوتێکی دیاریکراویان هەیە. گەنجێک بە تەکمەوەیە لەگەڵ لاوێکی تردا بە نۆرە سەما دەکەن. لاوەکەی تەنیشتم هەر

ماوەی جارێک هەندێ وشە و بڕگەی گۆرانییەکانم لە زمانی سوودانییەوە بۆ دەگۆڕێتە سەر زاراوەی میللی، منیش بۆ جینێی دەگۆڕمە سەر زمانی فرەنسی. جینێ پرسیاری تەمەنی لە سەرۆکی تیپەکە کرد و پیرەمێردەکە بەخەندەوە وەڵامی دایەوە:

– بەتەواوەتی نازانم، بەڵام وەختێک قەیسەری دووەم لە ساڵی ١٩٠٥دا سەردانی تەنجەی کردبوو من ئەو کات تازە پێم گرتبوو.

جینێ ئاوڕی بەلای مندا دایەوە:

– چەند جوان و گورج و گۆڵە. ئەم پیاوە گەلێک جوان و ئێسک سووکە. (ئەمەی خستە سەر) سەیری کە، چۆن کیف دەکێشێ وەک ئەوەی تەمەنی بیست ساڵان بێ.

لەناو کەسە داوەتکراوەکاندا وێنەگرێک هەستا و چەند وێنەیەکی گرتین. جینێ گەلێک خۆشحاڵ بوو کاتێک لەگەڵ تیپی گۆرانیبێژەکان وێنەی دەگیرا، وەختێکیش لەگەڵ بیانییەکاندا وێنەی دەگیرا پێی قەڵس دەبوو. لاپاساد وازی لە کێشانی کیف و لەقاندنەوەی سەری لەگەڵ ئیقاعی بامبارای خەمگین ناهێنێ. ئاهەنگەکە نزیکەی تاکو سەعات دوو و نیوی سەرلەبەیانی درێژەی کێشا. لە ئامادەبوونی بیانییەکاندا سەرنجم دا جینێ بێزار دیاربوو. بەردەوامیش جێگەکەی خۆی دەگۆڕی. کاتی دەرچوونمان جینێ بڕێک پارەی شڕ و لوولدراوی لە گیرفان دەرهێنا و خستییە مشت سەرۆکی تیپی گۆرانیبێژەکانەوە. هەرچەندە نرخی تیپی سترانبێژەکان پێشتر درابوو. جینێ و سەرۆکی تیپەکە سەرنجی خەندەئامێزیان بۆ یەکتر گۆڕییەوە و جینێ ڕوو بەخەندە و بە خۆشحاڵییەوە پێی وت:

– خوات لەگەڵ.

پیرەمێردەکە بە دڵخۆشییەوە وەڵامی دایەوە:

– خوا ئاگەدارت بێ.

١٩٦٩-١٠-٢٤

سەرلەئێوارە.

لە قاوەخانەی براسۆری دوفرانس بووین کاتێک جینێ پرسیاری ئەوەی لێ کردم، کە ئاخۆ واکەریم دەیەوێ بڕێک پارەی بە قەرز بدەمێ، ئەمەش وەک هاوکاریکردنی بەرانبەر بەدەستهێنانی ئەو بۆ پاسەپۆرتەکەی، وا کەریم بە تەنیشتمەوە دانیشتبوو. بەبیری بڵاوەوە تەماشای شەقامەکەی دەکرد. جینێ داوای لێ کردم بۆ پێدانی قەرزەکە پرسیاری لێ بکەم. ئەوەم بە واکەریم وت، ئەویش وتی:

– بەڕێز جینێ سوپاس، من و تۆ ئێستاکە بووینەتە هاوڕێ، ئەگەر لە تواناتدایە من تەنیا داوای شتێکت لێ دەکەم. ئەویش ئەوەیە لەو شتەی کە بەلای منەوە زۆر گرینگە یارمەتیم بدەی.

– من ئامادەم لە هەرچییەکدا تۆ بتەوێ یارمەتیت بدەم؟

واکەریم وتی:

– داوات لێ دەکەم لە ڕێی نامەیەکەوە یەکێک لە هاوڕێکانت لە ئەمەریکا ڕاسپێری. لەوێدا یارمەتی و کارئاسانیم بۆ بکا، تا لە پەیمانگەی خوێندنی سەمادا وەربگیرێم.

جینێ قایل بوو نامە ڕاسپاردەکەی بۆ بنووسێ. چووین بۆ مەنزە. لە هۆڵی ئوتێلەکەدا دانیشتین. کاتێک جینێ بۆ هێنانی کاغەز بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، واکەریم پێی وتم:

– ئەو ڕاسپاردەیەی ئەو بۆم دەنووسێ لەلای من لە ملیۆنێک فرەنک باشترە.

– ڕاست دەکەی، ئەگەر تۆ بەوەرگرتنی ئەو پارە و پاداشتە قایل بوویتایە، کە دەیویست بتداتێ، هەڵبەتە بەو کارە هەموو ئەوەت هەڵدەوەشاندەوە کە

لەگەڵیدا بنیاتمان نابوو.

جینێ گەڕایەوە و دوو نامەی بۆ نووسی: یەکێکیان بۆ بارنی ڕوسیتی Barney Rossets هاوڕێی کە نوێنەری خانەی گروڤ پریس بوو Grove press بۆ بڵاوکردنەوە، ئەوی تریش بۆ ریچارد سیفەر Richard Seaver خاوەنی پێشووی خانەکە. لە کۆتاییی نامەکەی بارنیدا تێبینیم کرد بەم ڕستەیە کۆتاییی بەنامەکە هێنابوو:

دۆلاری ئەمەریکیم گەلێک خۆش دەوێ! J aime tellement les dollars americains!

**١٩٦٩-١٠-٢٥**

لەسەر ڕێگەی ئیسپانیاماڵئاواییم لە جینێ کرد. ئەوم لەگەڵ جۆرج لاپاساد و چەند مامۆستایەکی فرەنسی بەجێ هێشت، کە لە ڕەباتەوە هاتبوون تا ڕۆژێکی پشووی خۆیان لەگەڵ لاپاساد ببەنە سەر. پێشتر جینێم لەوە ئاگەدار کردبووەوە بەوەی هەندێ لەو وێنانەی کە لە ماڵی عەرەبی یەعقوبی لەگەڵ سترانبێژەکەدا گرتبوومان لەوێ بۆم داناوە، بەرانبەر بەمە سوپاسی کردم و ڕۆیشت.

**١٩٦٩-١٢-٢١**

من و محەمەد زەراد لە بازاڕی گەورەدا یەکترمان بینی. بەر لەوەی پێکەوە قسەیەک بکەین، بە ڕووی یەکتردا پێ کەنیمان، ئەو دڵخۆش دیار بوو. پرسیارم لێ کرد:

- چی ڕووی داوە. ئەی جینێ کوانێ؟

- نازانم ئەو ئێستا لە کوێیە، وا مانگێکە من لە جەبەل تاریق ئیش دەکەم. وەختێک بۆ فرەنسا چووین بە مەدریددا تێ پەڕیمان، هەندێک ئیسپانیایی لە

فڕگەدا پێشوازییـان لێ کردین، ڕۆژنامـەنووسیشـیان تێدا بـوون. هـەندێکیان وەک هـاوڕێیەکی دێرینی جینێ قسـەیان لەگەڵیدا دەکرد. هـەندێ پرسـیاریان ئاراستە کرد و وەڵامەکانیان دەنووسییەوە. هـەروەها بڕێک وێنەیان گرتین.

– ئەدی تۆ، هیچ پرسیارێکیان لێت نەکرد؟

– بـەڵێ، پرسـیـاریان لە منیش کـرد. من بـەو هـەندە وشـە ئیسـپـانییـەی کـە دەمـزانی وەڵامم دەدانەوە: من هـاوڕێـی جـینێم لەگـەڵیـدا سـەفـەر بـۆ پاریس دەکـەم، لەگـەڵ هـەندێکیـانـدا چووین بۆ شـوێنێکی حـەوانـەوەی تایبـەت. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێدا مـاینەوە ڕێزێکی زۆریان لێ گـرتین. وەختێک گـەیشـتینە پاریس سـەرم سـووڕما لەوەی وەک ئیسـپانیا ڕێزیـان لێ نەگرت و گرینگییان پێ نەدا. بـۆ خـانەیـەکی گـەورەی پڕ لە کـتێب ڕۆیشـتین. (گـالیـمـار) جـینێ ئەمەی بەگاڵتەوە پێ وتم:

– من لێرەدا دەژیم.

ئیـدی زانیم ئـەوێ خـانەی بڵاوکـردنەوەیە. جـینێ بـەهـەندێ لە هـاوڕێکانی ناسـاندمـی و پاشـان داوای لە کـچێک کـرد، کـە بە مـاشـێنەکـەی خـۆی لەناو شـاردا بمـگـەڕێنێ و جوانیی شـار ببینم. شـارەکە گەلێک جوان و دڵگیر بوو. وەلێ مـرۆڤ تـێـیدا بزر دەبێ، وەک بزربـوونی دەرزییـەک لە ناکـاودا. نزیکەی سـەعاتێک بـە مـاشـێنە جوانەکە لـەناو شـاردا گـەڕاین. مـاشـێنـەکە وەک کـۆتر دەیسـووڕانـدینەوە. کـچـەش دەیتگوت کـۆترە. (پێ کـەنی) کـۆتر کـۆتر لێ دەخوڕێ.

– ئەی باشـە لەو گـەڕانەدا چۆن لە یەکتر دەگەیشتن.

– هـەر تـەنیـا زەردەخـەنەمـان بۆ یەکـتر دەکرد. هـەندێ جـاریش بـە جـووڵە و ئاماژە یەکترمـان تێ دەگەیاند. کیژەکە گەلێک سـەنگین بوو. بۆ خانەی کتێب و بڵاوکردنەوەکە گـەڕاینەوە و جینێ بۆ ئوتێلێکی بچـووکی بردم و ژوورێکی بچـووکی بۆ بەکـرێ گـرتم، خـوێندکـارێکی فـرەنسی دۆزییـەوە و منـی پێ

ناساند. جینێ مەسرەفی دەکێشام.

هەر کاتێک جینێ سەرقاڵ بوایە لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجەدا دەردەچوومە دەرەوە. من و لاوەکە لە هەمان ئوتێل دابەزیبووین. جینێش لە ئوتێلێکی تردا دابەزیبوو. پاش چەند ڕۆژێک هەندێ پارەی پێ دام و وتی ئەو بەمەبەستی ئەنجامدانی هەندێ کاری پێوەندیدار بەکتێبەکانیەوە و هەروەها بۆ ئامادەبوون لە نواندنی یەکێک لە شانۆگەرییەکانی، سەفەر بۆ جێگەیەکی دوور دەکات. پاش سەفەرکردنی، ئەو لاوەی لەگەڵمدا بەجێی هێشتبوو هات بۆ ژوورەکەم و ئیتر پاش ئەوە هەردووکمان لەو ژوورەدا لەسەر هەمان نوێن و پێخەفەکەی من دەنووستین. بەقورسی و درەنگ لێی تێ گەیشتم ئەمەی بۆ ئەوەیە، کە پارەی زۆر خەرج نەکەین و شتێکمان پارە پاشەکەوت هەبێ تا جینێ دەگەڕێتەوە. لەگەڵ خۆیدا بۆ گەلێک جێگەی دەبردم. هەموو جارێک لەوە دەترسام لە شوێنێکدا بەجێ مبهێڵێ و بزر بم و تووشی بەڵایەک بم لەم شارە گەورە و جەنجاڵەدا. لە سێ ڕۆژی یەکەمدا کەسێکی باش و مامەڵەی ژیرانە بوو لەگەڵمدا، وەلێ لە ناکاو هەڵسوکەوت و کەسایەتیی بەتەواوی بەرانبەرم گۆڕا. ئاخۆ دەیویست لە جینێم دوور بخاتەوە؟ ئیرەییی پێ دەبردم؟ بەشێوەیەک دەردەکەوت وەک ئەوەی شێت بووبێ: بەئارەزووی خۆی دەچووە کۆگا بازرگانییەکانەوە و کەلوپەل و شتگەلێکی دەکڕی کە من پێویستم پێیان نەبوو، هەر خۆمیشی ناچار دەکرد پارەکەیان بدەم، وام هەست دەکرد پارەکانم دەفڕن و گیرفانەکانم بەتاڵ دەبنەوە. بیرم کردەوە خۆم لەوە ڕزگار بکەم و هەندێ لەو پارەیەی پێم مابووەوە هەڵی گرم، نەوەک سەرەنجام ببمە سواڵکەرێکی بزربوو لە شەقامەکانی پاریسدا. بەو شێوەیە بەو هەندە پارەیەی کە لام مابووەوە گەڕامەوە تەنجە و ئەوەی پێم مابووەوە بەخێزانەکەمم دا و سەفەرم بۆ جەبەل تاریق کرد و هەر لە هەفتەی یەکەمیش لەوێدا کارم دەستکەوت.

– ڕات بەرانبەر بە جینێ لە دەرەوەی تەنجەدا چۆنە؟

– هەمان ئەو ڕایەم هەیە کە لێرە لەسەری هەمە. گەلێک بەخشندە و چاکەکارە، ئەگەر ئەو نەبوایا ئێستا ڕۆژانەم یان تەنیا پێنج شەش درهەمێک بوو، یان بێکار بووم.

کێ دەڵێ وا نییە!

۹-۸-۱۹۷٤

سەرلەئێوارە. لە سەعات شەش و چارەکدا لەگەڵ مەجیدۆی هاوڕێم لە قاوەخانەی ئیسکیما دانیشتبووم. ئەوم بینی تێپەڕی. کتێب و دەفتەرەکانم هەڵگرتن و پیا ڕاگەیشتم، دەستم خستە سەرشانی. بەخێرایی ئاوڕی دایەوە. بەگەرموگوڕییەوە باوەشمان بەیەکتردا کرد. بەو یەکتربینینە لە ناکاوە شڵەژا. پێکەوە ڕۆیشتین و بەدەم ڕێگەوە پرسیاری لێ کردم:

– لە ژیانتدا چیت ئەنجام داوە؟

بە شانازییەوە پێم وت:

– هەندێ کتێبی تازەم نووسیوە. بەشێکیان گۆڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بڵاو بوونەتەوە. بەشێکیشیان جارێ بڵاو نەبوونەتەوە.

هیچ شتێکی نەوت. بە بەردەوامی تەماشام دەکا. ئەمجارەیان جلەکانی خاوێن. لێی چوومە پێشەوە، پانتۆڵ و کراسێکی سپیی لەبەردایە و جووتێ پێڵاوی لە کوتاڵ دروستکراوی شینی وەرزشەوانیی لە پێدایە، وەک جاران دەستەکانی ناخاتە گیرفانییەوە. وا دەردەکەوێت کە تەندروستیی باش بێت، ڕووخساری گەش و ڕۆشن بوو. بەژنی بەرز و ڕێکتر دیار بوو. بیرم کردەوە: دەشێ وەک جاران حەبی نیمبوتاڵ بەکار نەهێنێ.

– لەبارەی تۆوە کتێبۆکەیەکم نووسیوەتەوە. گۆڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لە نیویۆرک بڵاو بووەتەوە.

هیچ شتێکی نەوت. بەردەوام تەماشای دەکردم، لە بێدەنگییەکەی سەرم

سوورِما. ئەمە ئەوە وەک جاران پەرۆشی قسەکردن نەبێ لەبارەی کتێبەوە؟ ئەدی بۆچ پرسیاری ئەوەی لێ کردم کە چیم کردووە؟ (ئەمەم خستە سەر) هەندێ وێنەم لە کتێبۆکەکەدا بڵاو کردووەتەوە.

– وێنەی کێ؟ وێنەی من؟ شتی وا چۆن دەبێ؟

– هەندێ لەو وێنانەی لەگەڵ ستراتبێژەکان لە ماڵی یەعقوبی عەرەبی بۆیان گرتبووین.

– ئێستا هاتەوە یادم.

گەیشتینە بەردەم قاوەخانەی براسۆری دوفرانس، پێشنیازی بۆ کردم لەگەڵیدا شتێک بخۆم. بەدەم چوونە ژوورەوەمان پێم وت:

– وا پێنج ساڵ بەسەر دوایەمین جاردا تێپەڕی، کە لێرە بووم.

– ڕاست دەکەی، وایە.

لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان لەسەر یەکەم مێزی نزیک بە دەرگەکە دانیشتین. یەکسەر پرسیاری لێ کردم:

– بەرانبەر بە کێشەی بیابانی مەغریبی چۆن بیر دەکەیتەوە؟

– بۆ سەربەخۆبوونی هەموو مەغریبییەک ئامادەیە بەرگری بکا.

– مەبەستت سەربەخۆییەکی تەواو، یان ببێتە بەشێک لە خاکی مەغریبی ئەگەر سەربەخۆیی بەدەست بهێنێ؟

– مەغریب وەک بەشێک لە خاکی خۆی بەرگری لەو بیاوانە دەکا.

– ئەمە شتێکی ترە (بێدەنگی) ئەو ناوچەیە بەکانزاکان دەوڵەمەندە، بەتایبەتیش بە نەوت. پێویستە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە بیانییەکاندا نەمێنێتەوە. ئا ئەمە گرینگە. ئەوێ دەبێتە کوێتێکی تر ئەگەر تەکنەلۆجیای نوێی تێدا بەکار بهێنرێ.

پێم وت:

– ئەمە پێویستی بەدەستێوەردانی دەوڵەتێکی پێشکەوتوو هەیە لە ڕووی تەکنەلۆجیاوە بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە.

– ئەمە ئاسایییە، گرینگ ئەوەیە لەلایەن ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالییەوە بەتەواوی قۆرخ نەکرێ (بێدەنگی) ئاخۆ بەلای زۆربەی مەغریبییەکانەوە ڕزگارکردنی گرینگە؟

– بێگومان. (بێدەنگی) ئەوەتا پێشبینییەکەی نیتشە ڕاست دەرچوو.

– لەبارەی چییەوە؟

– لەبارەی زاڵبوونی هێزە سەربازییەکانەوە.

– ئەم تێگەیشتن و لێکدانەوەیە هەڵەیە. نیتشە وتوویەتی دەبێ فەیلەسووف فەرمانڕەوایی جیهان بکات.

– بەڵام، لە ڕاستیدا پیاوانی سەربازی فەرمانڕەوایی جیهان دەکەن.

– گوێ بگرە، من تەواو لە نیتشە دەگەم، پێویست ناکا تۆ لەبارەی فەلسەفەکەی ئەوەوە قسەم بۆ بکەی. لەبارەی بیاوانەکەوە قسەم بۆ بکە ئەگەر شتێکی گرینگ لەبارەیەوە دەزانی.

وتم:

– خەڵک لەوێدا تاکو ئێستاکەش بە ئامرازە سەرەتاییەکان دەژین. ئەگەر تێکەڵ بە شارستانییەتی سەردەم نەبن ئەوا وەک هیندییەکانی ئەمەریکا یان بەرازیل بەکۆمەڵ لەناودەبرێن.

– مەبەستت لە کۆمەڵگەی سەرەتایی و شارستانیی هاوچەرخ چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە مرۆڤی هاوچەرخ دەبێت لەگەڵ ئەو ئامرازانەدا بژیێت، کە لە ڕێی داهێنانەوە لە هەموو بوارەکانی زانیارییە مرۆییەکان بڵاو بوونەتەوە. بیاواننشینەکان جگە لە ئاین گرینگی بەشتێکی تر نادەن. ئەوان دوور لە پێشکەوتنەکانی جیهانی دەژین.

– من لەوێدا دیدارم لەگەڵ گەلێک ڕووناکبیردا ئەنجام داوە. ئەوان بە ڕەوانی بەزمانی فرەنسی قسەیان دەکرد.

– وەلێ لەوانەیە تۆ تەنیا چاوپێکەوتنت لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی بیاوان ئەنجام دابێ.

(بێدەنگی) پرسیاری ئەوەی لێ کردم، کە ئاخۆ من ڕاستەوخۆ تاهیر بنجەلون دەناسم. وتم بەڵێ. ئینجا لەبارەی خەتیبی و عەرەوییەوە پرسیاری لێ کردم. وای دەرخست کە دەستی بەخوێندنەوەی ئەوان کردووە. بیرم کردەوە لە ساڵی (٦٩)دا کاتێک لێرە بوو. جگە لە (کاتب یاسین) کەسی تری نەدەناسی.

لێم پرسی:

– ڕات چییە لەبارەی دەست لەکارکێشانەوەی نیکسۆنەوە؟

– بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەوە زیاتر هیچ چارەسەرێکی تری نەبوو. ئەو دزێکی گەورە بوو.

لێم پرسی ئاخۆ ئەو وای دەبینێ، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئەو گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

– بڕوا ناکەم، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە (بێدەنگی) عەرەب هەڵەیەکی گەورەیان کرد وەختێک بەو خۆشحاڵی و دڵفراوانییە لە ڕادەبەدەرەوە پێشوازییان لە نیکسۆن کرد.

– عەرەب لە چینییەکان زیاتر ناچاری ئەو پێشوازیکردنە کرابوون. ئەوان ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە جەنگدان.

– چینیش لە بەردەم مەترسیی پەلاماری سۆڤیەتدا بوو، بەڵام، هەرچییەک بێت، عەرەب و چینییەکان ڕێزیان لە دزێکی سیاسیی مەترسیدار گرت (بێدەنگی) لەشفرۆشی و داوێنپیسی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە تەنجەدا بڵاو دەبێتەوە.

– مەبەستت لە نێربازییە.

– بەڵێ.

– بەڵام تەنجە هەمیشە بەهەشتی کەسانی ئاڵۆش و سێکسی بووە. لەو بڕوایەدام ئیمپریالیزم ئەم ئازادییە سێکسییە بازرگانییەی وەک میرات بۆ جێ هێشتین.

– دەمەوێ پرسیارت لێ بکەم: ئاخۆ لە مەغریبدا گەنجانێک هەن دان بەوەدا بنێن کە نێرەمووکن؟

– بێگومان هەن.

دوای چرکەیەک وتی:

– لەو بڕوایەدام بەرانبەر بە شتە حەرامکراوەکان ڕەشپێستەکان لە سپیپێستەکان ئازادترن. لەمەدا ڕای تۆ چییە؟

دەشێ لەبەر ئەوە بێ، کە تاکو ئێستاکەش پارێزگاری لە سروشتی سەرەتاییی خۆیان دەکەن. ئەگەر وای دابنێین ڕووتکردنەوەی جەستە لە ڕوانگەی ئاین و داوونەریتەوە حەرامە، ئەوا ڕێژەی ئەوانەی لە جیهاندا خۆیان ڕووت دەکەنەوە لەلای ڕەشپێستەکان زیاترە وەک لەلای سپیپێستەکان و نەژادەکانی تر.

(بێدەنگی) وتی:

– شەوێکیان لە باماکۆ لە شوێنێکی پڕ درەخت ڕێم دەکرد. لاوێکی ڕەشپێستم بینی. لێم نزیک بووەوە و وتی:

– دار و درەختەکان ئاتاجی پیاوانن.

پێم وت:

– هەروەها پیاوانیش پێویستیان بە دار و درەختەکانە.

– بەڕێز من لە دەربڕین و ئارەزووەکانی تۆ تێ دەگەم.

زەردەخەنەمان بۆ یەکتر کرد و ئینجا ئەو ئەمەی خستە سەر:

– من کەسێکی ڕۆحانیم Animiste

– ئیدی بەو شێوەیە بەربەستەکان لە نێوانمان نەمان و یەکترمان ناسی.

پاش کەمێک تەماشای کتێبەکانمی کرد و وتی:

– وای دەبینم تاکو ئێستاکەش هەمیشە کتێبەکانت لەگەڵ خۆت هەڵدەگری.

– لەو ڕۆژەوەی لە شاری عەرائیش فێری خوێندن و نووسین بووم، ئەمە بووە بەخوو لەلام. ئەوە بۆ (١٨) ساڵ دەچێ بۆ هەر کوێیەک بچم کتێب و دەفتەر لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرم. ئیدی ئەمە نەریتی نووسین و خوێندنەوەی لە قاوەخانەکاندا پێ بەخشیم. بێدەنگی و چۆڵبوونی ماڵ لە جووڵە لە فام و هۆشیاریم کەم دەکەنەوە.

(بێدەنگی)

– دوای گەڕانەوەی محەمەد زەراد لە پاریس تا ئێستا نەتدیوە؟

– پاش گەڕانەوەی تەنیا جارێک دیومە. لە بازاڕی بەڕانی چاومان بەیەکتری کەوت. ئەو سەفەرەکەی خۆی کە لەگەڵ تۆدا بەڕێگەی ئیسپانیاوە بۆ پاریس ئەنجامی دابوو بۆ منی گێڕایەوە.

– من پێشتر ئەوەم زانیبوو، کە ئەو ناتوانێ لە ئەورووپا هەڵبکات. نەمدەویست ڕێگری لە ئارەزووی ئەو بکەم بۆ چوونی بۆ پاریس. بێزاری و جاڕسیی ئەو هەر لە سەرەتای گەشتەکەدا دەرکەوت، کە هێشتاکە لە مەدرید بووین. هەندێ کەس لە تیپی شانۆی کۆمۆنیستەکان میواندارییان کردین، کە بە نیازی نواندنی شانۆنامە "کارەکەرەکان" منیان هەبوو. ئەوم بەتەنیا دەبینی لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکان خەریکی پرسیار لێکردن و وێنەگرتنی من بوون. پێشتر تێم گەیاندبوو، کە من خاوەن خانووی تایبەتی خۆم نیم لە پاریس. وای لێ تێ گەیشتم کە ئەو بڕوای بەوە هێناوە، کە من

له پاریس له ئوتێلەکـاندا دەژیم. پاش چەند ڕۆژێک لە مـانەوەم لە پاریس ناچار بووم لەسـەر بانگهێشتنی چەند هاوڕێیەک بۆ دیدەنییـان سـەردانی تۆکیۆ بکەم. کەسێکی گەلێک دیندار بوو. بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لە چێشتخانەکاندا گۆشت بخوات، چونکە بڕوای وابوو کە هەموو گۆشتێک لە دەرەوەی وڵاتەکەی ئەودا بۆنی بەرازی لێ دێ.

– ئاخۆ پەشیمانی لەوەی کە تۆ لەگەڵ خۆتدا بۆ ئێرەت هێناوە؟

– هەرگـیـز، نە. ئەمــە ئەزمـوونێک بوو بۆ هـەردووکـمـان. هەروەها من دەمــویست یارمــەتیی بدەم چۆن خــۆی ئەوەی لێ داوا کـردبووم. هەردوو نـامــیلکە شــیــعــری (بارکی لاو)ی پۆل ڤــالیــری و (لە کــلاوڕۆژنـەی گرتووخـانەوە)ی پۆل ڤێرلێنم پێ بوو. داوام لێ کـرد ئەم دێرە شیـعـرییـەی ڤالێریم بۆ ڕاڤە بکات "je me voyais me voir"

– لەناو ڕامـانی خـۆیدا قـووڵ بووەوە. من لە دۆخی خـواوەندی بووم لەگەڵ خۆمـدا، بەناو خۆمـدا شـۆڕ دەبوومـەوە. جـوانترین شـتێک لەو دێرەدا، منی جـوولاو بوو، ئەو منـەی ئەوەندە گـەورە دەبـوو، تاکـو دەبووە نیـشـانـەیەک بۆ نیگەرانی: من کێم؟

کتێبەکەی ڤێرلینی گرتە دەستەوە و هیچی نەوت. وێنەکەی ڤێرلین بەسەر ڕووی کـتـێـبـەکـەوە زەق دیار بـوو. وام بەخــەیاڵدا هات، کــە لـە نێــوان هەردووکیاندا لێکچوونێکی فسیۆلۆجییانە لە سەر و ڕووخساریاندا هەیە.

١٠-٨-١٩٧٤

لە بەردەم قاوەخانەی پاریسدا چاومان بەیەکتری کەوت. ئەو بەرەو ئوتێلەکە دەڕۆیشت. هەندێ وشـەمـان لەبارەی ئەو ڕۆژنامـانەی کرێبـوونی گۆڕییـەوە. ئەمڕۆکە ئارام نایەتە بەرچاوم. شتێک لەبارەی منەوە لەسەریدا دەخولێتەوە. دەشێ لەو کـتـێـبـۆکـەیەی لەبارەی ئەو نـووسـیـم بێـزار بێت، لێ دوێنـێ هیچ

شـتـێکی پـێ نەوتم. منیش بـە سـاردییـەکـەوە بەڕێم خـسـت. سـەرلەئێـوارە، سـەعـات پێنج، لە شـەقـامی مـحـەمـەد خـامس یەکـترمـان بینی. لە بەردەم قاوەخانەی پاریس ڕاوەستاین. دەستی بۆ درێژ کردم و وتی:

– چاوەڕێی بینینی یەکێک دەکەم...

وەک چۆن سـەرلەبـەیانی بینیـبـووم هـەر ئاوها دەهـاتە بەرچـاوم. بیـرم کردەوە: لەوانەیە ئیتر حەز نەکات بمبینێ.

**١١-٨-١٩٧٤**

(لە ٤٥: ١١ەوە تا تێپەڕبوونی ٢)

لە قاوەخانەی پاریسدا بینیم ڕۆژنامەی (الرأي)ی مەغریبیی دەخوێندەوە. من ئەو کـات بەرەو بـازاڕی ناوەخـۆیی دەڕۆیشـتم، بیـرم کـردەوە: ئـەمـە دوایەمین جار دەبێت لەگەڵیدا قسە بکەم، باشە ئەگەر بەهەمان ساردوسڕیی دوێنێ مامەڵەم لەگەڵدا بکا. ئەو کاتەی دەچوومە ژوورەوە بینیمی. خـەنییەوە و ڕۆژنامـەکـەی پێـچـایەوە. تـەوقـەی لـەگـەڵدا کـردم. لە بان چاویلکەکـەیەوە تەماشای کردم. من بەڕاوەستاوی مامەوە. داوای لێ کردم دانیشم. وتی:

– هەواڵی نوێ لەبارەی بیاوانەوە چی هەیە؟

– هیچ هەواڵێکی نوێ نازانم. بیستومە لە (٢٠)ی ئەم مانگەدا دانوسـاندن لە نێوان مەغریب و ئیسپانیادا دەست پێ دەکات.

هیچ شـتـێکی نەوت. دەمـویست پێی بڵـێم، کـە من گـرینگی بەسـیـاسـەت نادەم. پێم وت:

– وا دیارە ئەمـجـارە تەنیـا گـرینـگی بەسـیـاسـەت دەدەی. لـەو بڕوایەدای ئیـدی ئەدەب کـاریـگەریی بەسـەر مـرۆڤـەوە نەمـێنێ؟ بەلای تۆوە ئاخـۆ ڕۆڵی ئەدەب تەواو کۆتایی پێ هاتووە؟

– هیچ کـاتێک گرینگیم بە ئەدەب نەداوە. من ئەو کـاتەی لـە زینداندا بووم

هۆنراوه و ڕۆمـانم نووسـیـوه. تـەنیـا بۆ ئەوەشم نووسین تـا لە بەنـدیخـانە دەرباز بم.

خەنیمەوه و لە خەیاڵی خۆمدا پێم وت:

– جینێ، ئاخۆ گەورەییت لە نەوازش و خاکیبوونتایە کاتێک بەم شێوەیە دەدوێی؟

– بەڵام تۆ پاش دەربازبوونیشت لە گرتووخانە کتێبگەلی ترت نووسیوە.

– بەڵێ، پێنج شانۆنامـەم نووسیون، شانۆ شـتێکی ترە (بێدەنگی)، شـانۆ ناچێتە خانەی ئەدەبەوە.

– ئەدی کتێبی ڕۆژمێری دزەکە.

– ئەویشم لە بەندیخانە نووسیوە.

– کەواتە تۆ وای دەبینی بەوەی هەندێ نووسـەر ئەدەبێکی باش نانووسن، ئەگـەر لە بارودۆخـێکی گـەمـارۆدراودا نەبن، وەک لە گـرتووخـانەیەکی ڕاستەقینە، یان بەندیخانەیەکی وەهمیدا نەبن.

بەچاوەکانی لێم ورد بووەوە و وتی:

– گـوێ بگرە، تۆ لەبارەی خـۆمـەوە شـتگەلی زۆرم لێ پرسـیـار دەکـەی. منیش لە ئێستادا دەترسم لەبارەی خۆم و ڕا و بۆچوونی تایبەتیمەوە قسەت لەگـەڵدا بکەم. تۆ لەسـەر منت نـووسی، بەبێ ئەوەی داوای ڕوخـسـەتم لێ بکەی، هەمـوو ئەو شـتـانەی کـە لە هەردوو جـاری پێـشـووتردا پێم وتی شتگەلێکی تایبەت بوون لە نێوان هەردووکماندا.

– لێ من بەنیازپاکییەوە لەسەرتم نووسی.

– ئێ با واش بێت. دەبوو داوای ڕوخسەتم لێ بکەی.

هەروەها کۆمەڵێک وێنەیشت بڵاو کردبووەوە، کە لەوانەیە خاوەنەکانیان حـەز بەبڵاوبوونەوەیان نەکـەن. ئاخـۆ تـۆ داوای ڕێگەپێدانت لێ کـردن تاکـو

بڵاویان بکەیتەوە؟

- نەء، بەڵام وابزانم ئەوان لارییـــان لە بڵاوکـــردنەوەی وێنەکـــانیـــان و قسەکردن لەبارەیانەوە نییە.

- ناکرێ تۆ ئەمە بزانی. (بێدەنگی) نووسەرێک کە ناوی موریس ویست بوو، من هەندێک نامەی سوپاسگوزاریم بۆ نووسی، ماوەیەکە داوای لێ کردووم ڕێگەی پێ بدەم ئەو نامانە بڵاو بکاتەوە. من سەرپشکم نەکرد ئیدی ئەو نامەکانی بڵاو نەکردنەوە.

- بیـرم کـردەوە: کـەواتە ئا ئەمـەیە هۆکـاری سـاردوسـڕییـەکـەی لە بەرانبەرمدا. ئەو دادگەییم دەکا. پێویستە منیش بەرگری بکەم، ئەگەرنا دەدۆڕێم.

- ئەدرەسی تۆم نەدەزانی. ئەوی لەسەر تۆ نووسیم هیچ خراپەکارییەکی بەرانبەر بەتۆ تێدا نییە. ڕووی کرایەوە.

- گرینگ نییە. دەبا ئەوە لە بیر خۆمان بەرینەوە.

- دەتەوێ دانەیەک لە کتێبەکەت بدەمێ؟

- تۆ دەزانی من بەئینگلیزی ناخوێنمەوە.

- دەتوانی بیدەی بەیەکێک لە هاوڕێکانت تاکو بیخوێنێتەوە و لەبارەی کتێبەکەوە ڕای خۆیت پێ بڵێ بەوەی من چیم لەبارەتەوە نووسیوە.

- ئەوە گرینگ نییە. وازی لێ بهێنە با لە بیر بچێتەوە.

کەسێکی تورک هات و لەگەڵماندا دانیشت. جینێ لەبارەی براین جێسنەوە و بەچییەوە خەریکە پرسیاری لێ کرد.

- ئەو لە نێوان لەندەن و پاریسدا هاتوچۆیەتی.

جینێ لەبارەی بیلال سدیق براینەوە پرسیاری لێ کرد.

تورکەکە پێ کەنی.

– ئەمجارەیان کەتنێکی زۆر گەورەی کرد.

– چی کرد؟

– دزیی لە هاوڕێیەکی ئێمە کرد. پێکەوە بۆ کەنار دەریا ڕۆیشتبوون. کابینەیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردبوو. کلیلەکەی لای بیلال بوو. پاش ئەوەی ئەمەریکاییەکە بۆ مەلەوانکردن بۆ دەم دەریاکە دەچێ، ئەو دەچێتە کابینەکەوە و ئامێری ڕیکۆردەکەی و هەزار درهەمی لێ دەدزێ و هەڵدێ.

جینێ بەخۆشحاڵییەوە وتی:

– بیلال شتێکی باشی کردووە. بەڕاستی دەزانێ چی دەکات.

تورکەکە وتی:

– بەم کارە دەڵێی باش؟

جینێ وتی:

– بێگومان بەکارێکی زۆر زۆر باشی دەزانم. لەمەودوا بیلال وەک هاوڕێیەکی خۆم دەستنیشان دەکەم.

تورکەکە بەنائومێدییەوە وتی:

– بەڵام ئەمەریکاییەکە هاوڕێمان بوو. هاوڕێی براین و من و بیلال.

جینێ وتی:

– تەنانەت ئەگەر هاوڕێش بێت، بەتایبەتیش ئەو ئەمەریکاییە. لەسەر هەموو کەسێکی نائەمەریکایی پێویستە لە هەر کوێیەکدا بوو دزی لە ئەمەریکایی بکات.

تورکەکە وتی:

– من بۆ ئەمەیان لەگەڵ تۆدا نیم.

– ئەگەر لەگەڵمدا بی یا نەبی من پشتگیریی بیلال دەکەم لەوەی

کـردوویـەتی. بیـــلال پیـــاوێکی زیرەک و مـــەزنە. دەزانـێ چۆن دەژێ. لەنـێــو دەوڵەمـــەندەکـانـدا پیـاوێکی وەک ئەو هـەرگـیـز لـە برسـانـدا نـامـرێ. بیـلال ئەوپەڕی جوانە.

بیـرم کردەوە: لەبەرئـەوەی جینێ نـاتوانێ ئەوەی مـەبەسـتـێتی بیکات، بۆ پڕکردنەوەی ئەوە، بۆیە بەتەماشاکردن ئەوە پڕ دەکاتەوە.

تورکەکە وتی:

– من دزی لە کـەس ناکەم. لەگەڵ براینـدا کارم کردووە و پۆڵ بۆڵز و ولیام و برۆز و زۆرێک لە هـاوڕێکانی براینیش دەناسـم، بەڵام هـەرگـیــز دزیم لە کەسیـان نەکردووە. لێ بەبێ ئەوەی دزییان لـێ بکەم. ئەوان خۆیان خـەڵات و دیاریم دەدەنێ.

جینێ لێی پرسی:

– ئەم پۆڵ بۆڵزە کێیە؟

– ئەویش وەک تۆ کـتـێب دەنـووسێ (بە پـەنجـەی ئامــاژەی بـۆ من کـرد) لەبارەی ئەو پرسیار لە شوکری بکە. ئەو نووسینەکانی بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.

جینێ پرسی:

– ئاخۆ ئەو ئەمەریکاییە؟

– بەڵێ.

جینێ وتی:

– ئەگەر ئەو دەوڵەمەندێکی ئەمەریکاییە، کەواتە دەبێ لەویش دزی بکرێ.

تورکەکە وتی:

– بەڵام ئەو کەسێکی چاکە و شایان بەوە نییە دزیی لێ بکرێ.

جینێ وتی:

– کەسە چاکەکانی ئەمەریکا کەسانێکن کە دەوڵەمەند نین. من ئەمەریکاییەکان باش دەناسم. لە دژی ئەمەریکاییە دەوڵەمەندەکان من پشتیوانی لە هەموو دزەکانی جیهان دەکەم.

تورکەکە وتی:

– بیلالیش دزیی لە براینی هاورێی دەکرد. ڕۆژێکیان براین لە گەرماوەکەی ماڵی خۆیاندا خۆی دەشووشت، بیلال کلیلی ئەو سندووقەی براین پارەکانی تێدا دانابوو برد و بیست هەزار فرەنکی لێ دزی.

جینێ وتی:

– هەر تەنیا بیست هەزار، دەبوایە لەوە زیاتری لێ بدزیایە.

– وەلێ براین دەوڵەمەند نییە.

– با واش بێت. لێ لەسەر مرۆڤ پێویستە هەمیشە و بەبەردەوامی دزی لە کەسانێک بکات، کە لەو زیاتری هەیە. بیلال دزێکی کەڵەمێرد و لێهاتووە.

لە جینێم پرسی:

– ئەی ئەگەر بیلال یان کەسێکی تر دزیت لێ بکا، تۆ کاردانەوەت بەرانبەری چۆن دەبێت؟

– ئەستەمە کەسێک بتوانێ دزی لە من بکات.

وتم:

– ئەی ئەگەر زانی چۆن دزیت لێ بکا؟

– ئەوە دەبێتە مایەی ڕابواردن بۆم. ئەگەر کەسێک دزیی لێم کرد و هەموو ئەوەی لێمی دزیبوو خەرجی نەکردبوو هەوڵ دەدەم بەهەمان کارامەییی دزەکە خۆی ئەوەی لای ماوەتەوە لێی بدزمەوە.

تورکەکە وتی:

– کەسی دز ئابڕوومەند نییە.

جینێ لێی پرسی:

– لەبەرچی؟

– لەبەرئەوەی لەناو خەڵکدا ڕێزی لێ ناگیرێ.

– کەواتە تۆ خۆت بە کەسێکی ڕێزدار دەزانی، لەبەرئەوەی دزی ناکەی.

– بەڵێ.

– ئەی بیلال؟

– کەسێکی بێ ڕێزە.

– وەلێ ئەو خۆی دەیەوێ کەسێکی ڕێزدار نەبێ.

– کەوابوو ئەو ئازادە. بۆ نموونە، من. لەنێو خەڵکدا بەکۆنەدز ناسراوم، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بە شەقامەکاندا ڕێ دەکەم یان دەچمە ناو خەڵکەوە بەلامەوە گرینگ نییە ڕێزم لێ دەگرن یان ناگرن. من کەسی دزم خۆشدەوێ. ئێمە هەموومان دزین. براین جین مۆزیکی جەهجۆکەی دزی و بە بیانییەکان فرۆشت، نیکسۆن دزیی کرد و پاشان دەستی لەکار کێشایەوە، بیلال لە ئەمەریکاییەکە دزیی کرد و هەڵات.

ئەوەتا دەبینی هەموومان دزین. لێ لێرەدا دزی ئابڕوومەند هەیە، کە دزی لە دەوڵەمەندەکان دەکا و بەشێک لەو دزییە دەداتە هەژاران، هەروەها دزی ناپاکیش هەیە، وەک تاوانبارێک دزی لە هەژاران دەکات و لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆی دابەشی دەکات.

تورکەکە وتی:

– ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بیلال خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە. ئەگەر ئەو دزی بکات و بچێتە بەندیخانەوە کێ ژن و منداڵەکانی بەخێو دەکات؟

جینێ وتی:

– خــەمی بیــلالت نەبێ. ئەو دەزانێ چۆن دزی دەكـات تـاكـو نەچێــتــە بەندیخانەوە. ئەو گرەو لـەسـەر ژیانی خۆی دەكات، ژیان بۆ خۆی سـەركێشی و گـرەوە. ئەگـەر ئەو دزی نەكـات كـەسـێك نـادۆزێتـەوە ژیانی خـۆی و ژن و منداڵەكانی لە ئەستۆ بگرێت. پاش چركەیەك جینێ لە توركەكەی پرسی:

– پێم بڵێ، وەختێك مێرمنداڵ بووی لەگەڵ هیچ پیاوێكدا نەخەوتی؟

توركەكە بەپێكەنینەوە وتی:

– هەرگـیـز. لە ژیانی سێكسـیی خـۆمدا هەمـیشـە پیـاو بووم. هـەرگـیـزاو هەرگیز نەمهێشتووە هیچ كەسێك سوار پشتم بێت.

جینێ بەپێكەنینەوە و بەزمانی خۆماڵی پێی وت:

– تۆ درۆزنـی. پێــتـــەوە دیارە كـــە درۆزنی. بە مـنداڵیت هـەر دەبێ لـەگـەڵ پیـاواندا نووسـتـبێـتی، دەمـوچاوت لەوە دەچـێ (لووسكەیەكی لـەشـفـرۆش) بووبێتی.

– هەرگیز، من هەمیشە وەك پیاو ژیاوم تەنانەت لە منداڵیشمدا.

دوای چركەیەك جینێ بە توركەكەی وت:

– بۆچوونت بەرانبەر جوو چۆنە؟

توركەكە قوڕگی خۆی پاك كردەوە و ئحم ئحمێكی بۆ كرد و وتی:

– جـــووەكـــان وەك كـــەســـانی تر، بـاش و خـــراپیـــان هـەیە، لێ جـــووە ڕاستەقینەكان ئەگەر بەڵێنت بدەنێ بەڵێنەكەیان دەبەنە سەر.

– چۆن ئەمەم بۆ ڕاڤە دەكەی؟

توركەكە جگەرەیەكی داگیرساند و وتی:

– بەسـەرهـاتێكی خـۆمت بۆ دەگـێـڕمـەوە. بەر لە چەند سـاڵێك بۆ جـەژنی گەورە تەنیـا سێ ڕۆژ مابوو. بۆ ئەوەی بەرانێك بكڕم پێویستم بـە چل پەنجا هەزار فرەنكێك هەبوو. ئا لەم قـاوەخـانەیەدا دانیـشـتـبووم. لای ڕاسـتـەوەم

هاوڕێیەکی مەغریبیم دانیشتبوو کە یەکترمان دەناسی لای چەپیشمەوە جوویەک دانیشتبوو، کە هەر بەدەموچاو دەمناسی. داوام لە هاوڕێ مەغریبییەکە کرد ئەو بڕە پارەیەم بەقەرز بداتێ. بەو پێیەی ئەویش بۆ کڕینی پێویستییەکانی جەژن پێویستیی بەبڕێک پارە هەیە. بۆیە نەیدامێ، دەمزانی درۆ دەکا. پاش ئەوەی لەوێ ڕۆیشت جووەکە پێی وتم کە ئەو پەنجا فرەنکی بەقەرز دەداتێ. وا دیار بوو ئەو گوێی لە گفتوگۆی نێوان من و ئەو هاوڕێیەم بووبێ. لەو بڕوایەدا نەبووم سەرلەئێوارە بێت و پارەکەم بۆ بهێنێ، کەچی هات و پارەکەی دامێ. ئەوەتا خۆ بینیت بەڵێنەکەی هێنایە دی.

جینێ بە تانە و توانجەوە پێی وت:

– بەڵام وەفاداریی ئەو جووە تەنیا پێوەندیی بەخۆتەوە هەیە، ئەوە پێوەندیی بە من یاخۆ کەسێکی ترەوە نییە. بەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵ تۆ ئەو جووە نابێتە نوێنەری زۆربەی جووەکان، ئەوەی لە تۆم خواست دەربڕینی ڕای خۆت بوو لەبارەی جووەکانەوە بەگشتی.

تورکەکە وتی:

– لەو بڕوایەدام هەموو جوویەک ڕێز لە ئاینەکەی خۆی دەگرێت، هەر بۆیە لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە و بەڵێنەکەی دەباتە سەر و هەموو ئاینداریێکیش هەر وایە.

جینێ وتی:

– من کەسێکم ئاینم نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم ڕێز لە قسەی خۆم بگرم ئەگەر بمەوێ. ئاین پێوەندیی بەوەفادارییەوە نییە، مرۆڤی بێ ئاین دەکرێ وەفادار بێ و مرۆڤی ئایندارییش دەشێ ناپاک بێ.

لە بەردەمماندا لاوێکی مەغریبی ڕاوەستا و تەوقەی لەگەڵ کردین و وتی:

– حەز دەکەم لەگەڵتاندا شوێنێک بۆ خۆم بکەمەوە و دانیشم.

هەموومان بێدەنگ بووین، ئەویش دانیشت. تورکەکە وتی:

– من دەست بەئیمانی خۆمەوە دەگرم.

جینێ پێی وت:

– منیش بێ ئیمانیی خۆم دەپارێزم.

گەنجەکە هاتە نێوەوە:

– دەبێت مرۆڤ بڕوای بەشتێک هەبێت لەم جیهانەدا، جیهان زۆر لەوە گەورەترە، کە مرۆڤ تێیدا بڕوای بە هیچ ئاینێک نەبێ.

جینێ پێی وت:

– ئەوە چی دەڵێی؟

لاوەکە وتی:

دەڵێم مادامەکی مرۆڤ ئەڤین و هیوا و شکستی و نوشستی تێدایە، هەر بۆیە بۆ ڕزگاربوونی خۆی دەبێت بڕوای بەشتێک هەبێت.

لەوێ دەرچووین (ح) لە حەوشەی چاخانەکەدا دانیشتبوو. جینێ ئاغزی ئەو جگەرە پانتیرەی کە دەیکێشا فڕێ دایە سەری (ح) هەستا و خۆی گەیاندە جینێ، بەتوندی گرتی و پێی وت:

– جینێ گوێ بگرە دێم بۆ مەنزە و فڕێت دەدەمە ناو مەلەوانگەکەوە. هەی سەگ، هەی سپڵە و نامەرد.

هەردووکیان پێ کەنین و جینێ پێی وت:

– وەرە بۆ ئەوێ دەبینی کاممان ئەوی ترمان فڕێ دەدات. وەرە و ببینە.

سەرلەئێوارە ٣٠: ٦ بۆ ٢٥: ٨ (قاوەخانەی براسۆری دۆفرانس)

لە میانەی شووشەکەوە بینیم، لەگەڵ گەنجێکدا دانیشتبوو. بەدەستی ئاماژەی بۆ کردم بێمە ژوورەوە. بە لاوەکە ناساندمی:

– محەمەد قەترانی. هاوەڵمە.

پرسیاری لێ کردم ئەگەر شتێکی نوێ لەبارەی بیاوانەوە هەبێ، پێم وت:

- پرۆژەیەکی دانوستاندن لە نێوان حکوومەتی مەغریبی و ئیسپانیادا لە ئارادایە. ئاوهام بیستووە.

قەترانی وتی:

- وای دەبینم کە گرینگی بە ئیسلام دەدەیت و زۆر شتیش لەبارەیەوە دەزانی.

جینیّ وتی:

- ئەمە ڕاستە. چاوم بە گەلێک عەرەبی موسڵمان کەوتووە و زۆر شتیان لەبارەی ئاین و مێژووییانەوە بۆ گێڕاومەتەوە.

داوای پێنووسێکی لێ کردم، وێنەیەکی کەعبەی کێشا. بۆ هەر لایەکی پیتێکی دانا.

لاوەکە پرسی:

- بەردە ڕەشەکە (الحجر الاسود) لە کوێدایە؟

گەنجەکە لە وێنەکە ڕاما و وتی:

- نازانم.

جینیّ نووکی پێنووسەکەی لای ڕۆژهەڵاتەوە دانا و وتی:

- بەردە ڕەشەکە لێرەدایە، ئێرەی قیبلەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. پاشان دوو هێڵی تیرداری بۆ لای ڕاست کێشا و وتی:

- یەمەن بەم ناوەوە ناو نراوە، چونکە دەکەوێتە لای ڕاستی کەعبەوە (بە هێڵی دووەمیش ئاماژەی بۆ لای شام کرد)

بەر لە ئیسلام کەعبە مێزی گردبوونەوەی هەر چوارلایەکە بووە (قیبلەنوما) بووە.

جینیّ لە لاوەکەی پرسی:

- ئەدی عەرەب بەر لە ئیسلام چۆن بە دەوری کەعبەدا دەسووڕانەوە؟

قەترانی وتی:

- لە ڕاستەوە بۆ لای چەپ.

جینێ وتی:

- وا نییە، لە چەپەوە بۆ لای ڕاست، ئینجا محەمەد هات و ناچاریانی کرد لە ڕاستەوە بۆ لای چەپ بخولێنەوە.

قەترانی پرسی:

- لەبەرچی ؟

جینێ وتی:

- چونکە دەیویست داوونەریتی پەرستارییان بگۆڕێت.

قەترانی وتی:

- ئەم هەموو زانیارییە لەبارەی ئیسلامەوە دەزانی و ناشبیتە موسڵمان. خوا بخەرە دڵتەوە.

جینێ وتی:

- خۆم دەخەمە ناو دڵی خواوە.

گەنجەکە لە وێنەکەی کەعبە ڕاما و وتی:

- حەمورابی ویستی کەعبە بڕووخێنێ، لێ خوا باڵندەگەلێکی بۆ نارد تاکو سوپاکەی بەردباران بکات و ئیدی نەیتوانی لێی نزیک ببێتەوە (ئەمەی بە سووربوونەوە بۆ جینێ دووپات کردەوە) حەمورابی دەناسی؟

جینێ وتی:

- هەموو کەسێک مێژووی دێرینی خوێندبێتەوە حەمورابی دەناسێ. بێگومان دەزانم حەمورابی کێیە.

دوای چرکەیەک جینێ وتی:

- لێرەدا خەڵک ئەوەندە بە ئاینەوە دەمارگیر نین، تەنانەت

بەسالاچووەکانیشیان. وەختێک لە ساڵی (٦٩)دا لێرە بووم. ئێرەم بەجێ هێشت و بۆ تەتوان چووم. لە یەکێک لە قاوەخانەکانی (فەدان) دانیشتم. لە نزیکمەوە پیاوێکی پیر، کە کراسێکی پانوپۆڕی لەبەردا بوو دانیشت. تەماشای یەکترمان کرد و بەبێدەنگی سڵاومان بۆ یەکتر گۆڕییەوە. تا ڕادەیەک هەردووکمان هاوتەمەن بووین. بەزاراوەی خۆماڵیی مەغریبی قسەم لەگەڵدا کرد. ئەمە دڵخۆشی کرد. لەبارەی شار و شتگەلێکی ترەوە قسەمان کرد.

لە چرکەیەکدا ئەم پرسیارەی ئاراستە کردم:

– تۆ بڕوات بە خوا هەیە؟

– نەخێر. من کافرم. من ئیمانم بەبێ ئیمانیی خۆم هەیە. داوای لێبووردن دەکەم، کە دان بەبێ بڕوایی خۆم دەنێم و بەتەنیشت تۆشەوە دانیشتووم. وتی:

– بۆتا. تۆ ئازادی. ئێمە هەمووان ئادەمین. هەر یەکێک لە ئێمە مافی خۆیەتی کە بڕوا بەچی بکات، یان بەهیچ شێوەیەک بڕوا بە هیچ شتێکیش نەکات.

(بێدەنگی) لە شەنغیت (نەوەی مائولعەینەین) بانگهێشتنی دانیشتنێکی تایبەتی کردم لەگەڵیاندا. ئەوان پێنج یان شەش کەسێک دەبوون. پێڵاوەکانیان داکەند. وەختێک ویستم ئەوەی ئەوان کردیان منیش بیکەم، ئەوەی میوانداریی کردبووم تکای لێ کردم ئەگەر بتوانم ئەوە نەکەم. بەپێڵاوەکانمەوە مامەوە. لەبارەی زۆر شتەوە قسەوباسمان کرد. لەنێو ئەو بابەتانەی قسەمان لێوە کرد مەسەلەی ئیمان و بێ ئیمانی بوو. لە نێوان من و برایەکی حەفید مائولعەینداا گفتوگۆ لەسەر هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ئیسلام و مەسیحیدا گەرم بوو. پێیانم وت:

بیست سەدە بەسەر ئاینی مەسیحی و چواردە سەدەش بەسەر

دامەزراندنی ئاینی ئیسلامدا تێپەڕی. ئەو ململانێیە بووە مایەی ڕژانی خوێنێکی زۆر، کەچی ململانێکەش تاکو ئەمڕۆکە هەر درێژەی هەیە. ئەگەر کارەکەش هەر وا بێ، ئیدی بەڕێزان چۆن دەتانەوێ چارەسەرێک بۆ ناکۆکییەکان بدۆزنەوە، لەم ساتەوەختەی ئێستاوە کە کۆبوونەوەی تێدا ئەنجام دەدەین، خۆم بەنوێنەری هیچ ئاینێک نازانم، تاکو بەرگریی لێ بکەم.

حەفید مائولعەینەین وتی:

– وایە، ئەمەی تۆ دەیڵێی ڕاستە.

ئەو کەسێکی میهرەبان و ڕۆشنبیر بوو، خۆی و براکەی بە فرەنسییەکی ڕەوان قسەیان دەکرد، ئەوانی تریش کە لەوێدا ئامادە بوون فرەنسییەکی باشیان دەزانی.

پاش چرکەیەک لێم پرسی:

– ئەی لەگەڵ فەڵەستینییەکاندا چەندێ مایتەوە؟

– لە جاری یەکەمدا شەش مانگ مامەوە، لە جاری دووەمدا سێ مانگ.

لێم پرسی:

– کە لەگەڵیاندا بووی هەستت بەچی کرد؟

– هەستم دەکرد کە یەکێکم لەوان. یاسر عەرەفات سێ جار ماچی ڕوومەتی کردم، ئەوی ئەو دەیکرد منیش ئەوەم دەکرد. ئەوی ئەوان دەیانخوارد ئەوەم دەخوارد و هەروەکو ئەوانیش لە خێوەت دەخەوتم.

– لە هیچ پەلامارێکدا بەشداریت نەکردووە؟

– نەء، چونکە لە هەموویان بە تەمەنتر بووم، چەکیان پێ دام، لێ خۆشیم لە تەقەکردن بە هەوادا وەردەگرت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو کاتێک بەر هێرش دەکەوتن مەترسیم لەسەر نەبێ.

قەترانی پێی وت:

– ئەدی لەگەڵ ئەواندا لەوێ چیت دەکرد ئەگەر تۆ بەچەکەکەت پەلاماری دوژمنت نەدابێ؟

وتی:

– ڕاستت دەوێ من درۆم کرد. عەرەبێکی زۆرم کوشت.

قەترانی بەهەڵچوونەوە وتی:

– بەڕاستیتە؟ عەرەبت کوشت و لەگەڵیانیشدا بووی؟

– بەڵێ. من لەگەڵ عەرەب و دژی عەرەبیش بووم.

– چۆن ئەمە دەبێ؟

– من سەربازە ئەردەنییەکانم دەکوشت.

هەمووان پێ کەنیمان و قەترانی هێور بووەوە.

دوای چرکەیەک قەترانی لێی پرسی:

– ئاخۆ تۆ سەروەرمان عیسا دەناسی؟

– نایناسم.

قەترانی بەسەرسووڕمانەوە وتی:

– چۆن نایناسی.

– لەبارەیەوە شتم بیستووە، وەلێ خۆی ناناسم.

– ئەی مووسا؟

– ئەویش لەبارەیەوە بیستوومە.

– مەبەستم بەڕای تۆ کامیان باشترن.

– نە ئەمیان نە ئەویان.

– ئەمە ناکرێ.

– چۆن ناکرێ؟

– هەر دەبێ تۆ ئاینێک لە ئاینێکی تر بەباشتر بزانی.

– پێشتر پێم وتی من کافرم. ئەگەر تۆ ئاینی ئیسلامت لەلا پیرۆز بێت، ئەوا منیش تاکایەتیم لەلا پیرۆزە. ئەمە نابێتە ڕێگر و بەربەست لە بەردەم هەرسێکماندا کە وەک مرۆڤی بڕوادار و بێ بڕوا پێکەوە بژین.

قەترانی وتی:

– ئەوەی ئیماندار نەبێ بێجگە لەم زەوییە ناتوانێ لە هیچ شوێنێکی تردا بژی.

– بۆ جێگەیەکی تر هەیە بۆ ژیانکردن؟

– بەڵێ، بەهەشت.

– من نامەوێ بڕۆم بۆ بەهەشت.

– خوا سزات دەدا.

– ئەگەر ئەو بوونی هەیە هەر چیم پێ دەکا با بیکا.

دوای چرکەیەک قەترانی لێی پرسی:

– لەبەرچی ژن ناهێنی؟

– لەبەرچی بیهێنم؟

– بۆ ئەوەی کەسێک هەبێ گرینگیت پێ بدا.

– من خۆم گرینگی بەخۆم دەدەم.

– ئەو دوو کارە وەک یەک نین.

– گوێ بگرە، ڕۆژێکیان لە میدڵت بووم. لەگەڵ گەنجێکدا یەکترمان ناسی، کە دوو مانگ بوو ژنی گواستبووەوە. هەمان ئەم پرسیارەی تۆی لێ کردم. وەختێک کە پێم وت من پێویستم بە ژنهێنان نییە، وتی:

– ئەی کێ جلەکانت بۆ دەشوا؟

وەڵامم دایەوە:

– ئامێری جلشۆر.

من ئەوەم تێ گەیاند کە مرۆڤ بۆ ئەوە ژن ناهێنێ، تاکو جلەکانی بۆ بشۆن و خواردنی بۆ لێ بنێن و سێکس بکات. دانی بەوەدا نا کە ئەو لە پێناو ئەو شتانەدا هاوسەرگیریی ئەنجام داوە. پێم وت من پێویستیم بەژنهێنان نییە لە چوارچێوەی ئامێری جلشووشتن و ئاشپەزخانە و نوێندا. سەرەڕای ئەوەی کە باسی جوانیی ژنانی بۆ دەکردم، وەلێ مەیلی نێربازیی هەبوو.

بە جینێم وت:

– لە تەنجەدا شێتێک هەیە پێشەوەی خۆی بەدواوەی ئۆتۆمۆبێلەکاندا دەخشێنێ و ئینجا خۆی لەو نافورەیەدا دەشوات. خۆی زۆر ماندوو ناکات. نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بە دەستگێڕی لە چێشتخانەکاندا گوڵ دەفرۆشێ. بەو بڕوایەی کە گوڵ پاقژی دەکاتەوە، گوڵ و مەی پێکەوە دەخوات و دەخواتەوە.

**١٢-٨-١٩٧٤**

نزیکەی سەعات پێنجی سەرلەئێوارە لە بۆلڤار لەگەڵ قەترانیدا چاوم پێ کەوت. هێدی هێدی پیاسەیان دەکرد. لە سەعات نۆی شەودا هاتنە هۆڵی چای خواردنەوەی مەدام بۆرت. لەگەڵ لەشفرۆشێکی مەغریبی دانیشتبووم. چارەکە سەعاتێک لەوێدا مانەوە و بەبێ ئەوەی شتێک بخۆنەوە دەرچوونە دەرەوە. وای بۆ دەچم ژنە مەیگێڕەکە لە خزمەتکردنیدا دواکەوتبێ. هۆڵەکە لە خەڵک جمەی دەهات و گەرماییەکی خنکێنەری هەبوو. جلەکانی جینێ پیس بوون و ڕیشی نەتاشیبوو، لێ لەگەڵ قەترانیدا دڵخۆش دیار بوو.

**١٣-٨-١٩٧٤**

(لە قاوەخانەی براسۆری دوفرانس، لە (٨)ی ئێوارەوە بۆ ٣٠: ٩)

لەگەڵ قەترانیدا بووم. پێم وت:

– سەمۆئێل پێکێت لێرە بوو، لەگەڵ پیرەژنێکدا.

– سۆزانی هاوسەری بوو؟

– نازانم.

– لەوانەیە سۆزان بووبێت.

– ئەی سارتەری هاوڕێت، بەم دواییانە نەتدیوە؟

– بەبۆنەی ئەو هەڵوێستەی سارتەر لە دژی عەرەب و فەڵەستینییەکان بەبێ هەڵاواردن هەیەتی من هاوڕێیەتیم لەگەڵیدا نەماوە.

– ئاخۆ بەنیازی بەم زووانە یاداشتەکانت لەبارەی فەڵەستینییەکانەوە بڵاو بکەیتەوە؟

– کتێبەکە تا ڕادەیەک ئامادەیە، بەڵام پێویستە دەسنووسەکەی بەجوانی پاکنووس بکەم. پاش گەڕانەوەم بۆ پاریس کاری تێدا دەکەم.

سبەینێ بۆ رەبات دەچێت، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاودێریی هەواڵەکانی کۆنگرەی حەوتەمین لووتکەی عەرەبی بکات.

**١٤-٨-١٩٧٤**

(لە قاوەخانەی براسۆری دوفرانس لە ٣٠: ٦ بۆ نزیکەی ٣٠: ٩ی شەو) لە میانەی جامەکەوە سڵاومان بۆ یەکتر گۆڕییەوە. چوومە ژوورەوە. پێشنیازی بۆ کردم لە تەکیدا دانیشم.

لێم پرسی:

– سەفەر بۆ رەبات ناکەی؟

– لە فڕۆکەکەدا جێگە نەمابووەوە. بەدڵنیاییەوە سبەینێ دەڕۆم.

دوای چرکەیەک لێی پرسیم:

– پێم بڵێ، ئەمڕۆکە مەغریبییەکان چۆن بیر لە مارشاڵ (لیوتی)* دەکەنەوە؟

---

* سەرکردەیەکی فرەنسییە، لە ماوەی داگیرکردنی مەغریب لەلایەن فەڕەنساوە دوازدە ساڵ لەوێدا ماوەتەوە.

– ئەوان وەک کۆڵۆنیالیزم لێی دەڕوانن. کە سەرەڕای ئەوەی دەیویست کۆڵۆنۆلیزمی فرەنسی لەلای مەغریبییەکان بەمیهرەبان و میانڕەو بناسێنێ، وەلێ لەلای ئەوان وەک ئەو کۆڵۆنیالیزمە ناسرا، کە بەو داگیرکارییە خزمەتی بە وڵاتەکەی خۆی کرد لە مەغریبدا. لەم ڕووەوە بەم وتەیە ئەوەی دەربڕی: "پاراستنی دەوڵەتێک لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە مانای ئەوە نییە دەوڵەتە پارێزگارەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی دەوڵەتە پارێزراوەکە بکات"

– ئاخۆ ئەو لەنێو ڕەشە خەڵکەکەدا بەتەواوی ناسراوە؟

– بێگومان، تەنانەت خەڵکە نەخوێندەوار و عەوامەکەش دەیناسن و هەندێ چیرۆکیش لەبارەی ئەوەوە، کە لەگەڵ خەڵکی مەغریبدا ڕوویان داوە لێ دەگێڕنەوە. بۆ نموونە دەگێڕنەوە لە (وەجدە) هاووڵاتییەکی ناسراو بە نیشتمانپەروەرێتی و کەسایەتییەکی ناودار لە پۆستی بەڕێوەبردنی مەغریبدا هەبووە. وەختێک فرەنسا وەک پارێزەری مەغریب گەیشتە سەر خاکی ئەوێ، ئەو کەسایەتییە ئەوەی ڕەت کردەوە، کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لەو سۆنگەیەشەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند. ئیدی لەبەر ئەو هەڵوێستەی لە شارەکەی دووریان خستەوە، لێ پاشان ڕێگەیان پێ دا بگەڕێتەوە. ئەو بەوەوە خووی گرتبوو لە بەردەم دەرگەی ماڵەکەیان دابنیشێ. لە سەروبەندی سەردانی لیوتی بۆ وەجدە ئەو دەیزانی بە بەردەم دەرگەی ماڵەکەیدا تێ دەپەڕێ. ئەو بڕیاری دابوو لە بەردەم دەرگەی ماڵەکەی خۆی دابنیشێ، ئەو کاتەی لیوتی بە ئەوێدا ڕەت دەبێ. وەختێک کاروانەکە گەیشتە بەردەرگەی ماڵەکەی ناچاریان کرد بە پێوە ڕابوەستێ، هەر بۆیە بەتووڕەیییەوە هەستا و بەدەم پێوەدانی دەرگەکەوە چووە ژوورەوە. وەختێک لیوتی ئەوەی دیبوو فەرمانی دابوو بۆ لێپێچینەوە لە بەردەمیدا ئامادە بێ. کاتێکیش لە بەردەمیدا ئامادە بوو بوو لیوتی پێی وتبوو:

– من ڕێز له كەسانی وەک تۆ دەگرم.

دوای چركەیەک وتی:

له ساڵی ١٩٢٨دا بۆ خزمەتی سەربازی چووم بۆ سووریا. یەكەم شتێک لەوێدا بینیم قسەوباسی خەڵكی بوو لەبارەی مەزنێتیی جەنەراڵ جۆری (هەوڵی دا ناوەكەی بیر بكەوێتەوە) قۆڵبڕاوەكە. ئەمە ئەو جەنەراڵە بوو، كە دیمەشقی بۆمبباران كردبوو. وەختێكیش وێرانكاریم له هەموو جێگەیەكدا بینی ئیدی وێنەی مەزنیی ئەو له زەینمدا بەتەواوی سڕایەوە.

– چەندێ له خزمەتی سەربازی مایتەوە؟

– یازده مانگ، خۆی خزمەتەكەی دوازده مانگ بوو. لێ من مانگێک مۆڵەتی پچڕپچڕم وەرگرت.

– له كوێدا فێری خوێندنەوە و نووسینی عەرەبی بووی؟

– له سووریا. ڕۆژێكیان له سەربازگەكەمان بانگەوازێک كرا بۆ ئەوانەی دەیانەوێ فێره زمانی عەرەبی بن. من تاقه كەسێک بووم، كه چوومه پێشوازیی ئەو بانگەوازەوە و فایلی خۆم پێشكێش كرد. سەعات پێنجی سەرلەبەیانیان وانەكان دەوترانەوە، بۆ مەشقی سەربازی دەبوایه له سەعات شەشی سەرلەبەیانی له سەربازگەكە دەرچین. هەر بۆیه من له سەعات چوار له خەو ڕادەبووم. ئیدی بەم جۆره كۆمەڵێک هاوڕێی سووریایم پەیدا كرد.

– بەم زووانه سەردانی سووریات كردووە؟

– گەلێک جار سەردانی دەكەم. لەوێ هاوڕێی زۆرم هەن. لەوانەش جەنەراڵ غازی، كه له هەموو ڕۆیشتنێكم بۆ ئەوێ دەبمه میوانی ئەو.

قەترانی لێی پرسی:

– ئێستا بەچییەوە خەریكی؟

– پێشتر دزیم دەكرد و ئەمڕۆكەش كتێب دەنووسمەوە.

– یانی کتێب دادەنێی؟

– بەڵێ.

قەترانی بەدەم پێکەنینەوە تەماشای منی کرد و ئینجا بەزاراوەی میللی پرسیاری لێ کردم:

– ئاخۆ ئەوەی ئەو دەیڵێ ڕاستە؟

– بەڵێ کۆمەڵێک کتێبی هەن.

– ئەوەی پێوە دیار نییە، کە بتوانێ کتێب دابنێ.

ئینجا بە جینێی وت:

– من نەمدەزانی کە تۆ نووسەری. دەبوا ئەمەت پێشتر بەمن وتبا.

جینێ بە خەندەوە ئاوڕی لێ دایەوە.

– باشە لەبەرچی دەبوا پێت بڵێم کە من نووسەرم.

– لەبەرئەوەی پێویست بوو ئەوە بزانم کە تۆ نووسەری.

– بەڵام ئەمە بەم شێوەیە ناوترێ. هەر دەبوو هۆیەک بۆ ئەوە هەبوایە تاکو پێت بڵێم کە من نووسەرم.

– تۆ خۆت دەڵێی کە دز بووی ئیتر ماقووڵە ببی بەنووسەر!

– من هەندێ کتێبم لە زینداندا نووسی، هەر لەبەر ئەو کتێبانەش لە زیندان مەرەخەس و ئازادیان کردم.

بە قەترانییەوە دیار نییە کە بڕوا بەقسەکانی جینێ بکا. سەراسیمە بوو، نەیدەزانی ئەوە ڕاستییە یان سوعبەتە؟

قەترانی پێی وت:

– پێ دەچێ زۆرت خەم و ناسۆر چەشتبێ. لێ من لە تۆ زیاترم چەشتووە.

– تەمەنت چەندە؟

– بیست و پێنج ساڵ.

– چەندێ لە دەریاوانی مەغریبی مایتەوە؟

– نزیکەی پێنج ساڵ.

– دایک و باوکت ماون؟

– بەڵێ.

– من بێ دایک و باوکم. من منداڵێکی پەڕاگەندەم. (قەسیدەکەی بۆدلێرم لەبارەی نامۆییەوە بیر کەوتەوە و جینێ پرسیاری لێ کرد)

– هیچ زیندانی بوویتە؟

– نەخێر.

– من حەوت ساڵی تێدا بووم.

– هیچ سواڵت کردووە؟

– نەء.

– من ئەمەم بۆ ماوەیەک کردووە و لە شەقامەکان و لەژێر پردەکاندا دەنووستم.

ڕۆژەکانی دزەکم بە فرەنسی بۆ نووسی و پێم وت:

– ئەم کتێبەی بخوێنەرەوە و زۆرت بەدڵ دەبێ، ئەگەر هەوڵ بدەی لێی تێ بگەی.

قەترانی لە کاغەزەکە ڕاما و لێی پرسی:

– ئەم کتێبەی تۆ باس لە چی دەکات؟

– لە چوارچێوەیدا لانەوازی و ناسۆری و بێ داڵدەیی ژیانی خۆم دەگێڕمەوە: کە چۆن دزیم دەکرد و چۆن لەگەڵ پیاواندا، لە پێناو بژێویی ژیان و شتگەلێکی تر دەنووستم.

دوای چرکەیەک قەترانی لێی پرسی:

– تاکو ئێستاش هەر دەنووسی؟

– نەخێر.

– لەبەرچی؟

– شتێکم نەماوە بۆ وتن.

– هەوڵ بدە کتێبێک لەبارەی ئەو فەڵەستینییانەی لەگەڵیان ژیای بنووسی.

– دەکۆشم ئەم پرۆژەیەم پاش گەڕانەوەم بۆ پاریس تەواو بکەم. لەو بارەیەوە دەسنووسێکی زۆرم هەن وەختێک لەگەڵیان بووم نووسیومن.

هەمان ئەو پرسیارەم لە جینێ کرد، کە دەمێک ساڵ بوو ئاراستەم کردبوو:

– تا ئێستاش ڕێگەت بە خانەی گالیمار نەداوە کتێبەکانت بەشێوەی کتێبی گیرفان لە چاپ بدات؟

– نەخێر.

– لەبەرچی؟

– چونکە نامەوێ کتێبەکانم ببینم وەک ڕۆژنامە و بلیتی یانسیب لە کۆشکەکان بفرۆشرێن.

بۆ ئەوەی بێزاری نەکەم نەمویست لەبارەی ئەو بابەتەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم.

**١٤-١٠-١٩٧٤**

(لە قاوەخانەی پاریس لە ٣٠: ٧ بۆ ٩ی سەرلەئێوارە)

محەمەد قەترانی بەڕاکردن پێم گەیشت:

– دوێنێکە بەدواتدا گەڕاین.

جینێ دڵخۆش دیارە. دوای ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا کردم، پرسیاری لێ

کردم و دانیشت.

– خەریکی چیت؟

– وەک جاران، دەخوێنمەوە و هەوڵیش دەدەم چیرۆکی نوێ بنووسم. ئەی ئێوە بەچییەوە خەریکن؟

– لە فاس بووین. لە ئوتێلی ئەلمەرینیین دەمماینەوە. شوێنی ئوتێلەکە گەلێک دڵگیرە، وەلێ ئەندازیارەکەی دەبوا لەوە جوانتری بکردایا.

لێم پرسی:

– لەوێ لەگەڵ خەڵک قسەتان کرد؟

– زۆر نا. خزمەتگوزارانی ئوتێلەکە لەگەڵماندا گەلێک میهرەبان بوون. زۆر کەم دەردەچووین، ئەویش بۆ شارە دێرینەکە دەچووین. لە ئوتێلەکەدا یەکێک وەک کەسێکی لێهاتوو خۆی پێ ناساندم. نازانم ئەوە کام چرووک و بێ نموودێک بوو ناوی منی پێ وتبوو. سەرەڕای ئەوەی کە کەسێکی بێ ئاگا و ناهۆشیار بوو، وەلێ تا ڕادەی بێزارکردن خۆهەڵکێش و خۆبەزلزان خۆی نیشان دەدا، مەغریبییەکانی نێو ئوتێلەکە بە سڵاوەکانیان ئەوەندەی تر گەورەیان دەکرد و خزمەتگوزارەکانیش بە جۆرێک سڵاویان لێ دەکرد، کە وەخت بوو ناوچەوانیان بەر ئەژنۆیان بکەوێ. سەری پڕ بوو لە پڕوپووچی و خورافات.

– ئەو کەسە کێ بوو؟

– یەکێک لە خزمەتکارەکان پێی وتم کە ئەو کەسێکی گرینگە، لێ ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرد. شەوێکیان لە ئوتێلەکەدا بەهۆی ئەو ئۆملێتەی خواردبووم ئەوەندەی نەمابوو بمرم، تووشی ژەهراویبوون و ژانە سکێکی بەرباد هاتم. پێ دەچوو ئەو خواردنە لە هێلکەیەکی بۆگەن یان شتێکی لەو جۆرە دروست کرابێ. لە "ماڵ" لە (گوندەکەی قەترانی) هێز و تینم بۆ گەڕایەوە. ڕیشسپیی گوندەکە ئەوپەڕی میهرەبان بوو لەگەڵمدا. ئەوەی من

هیـوام دەخـواست، ئەوە بوو لەوێدا بمرم، لەوێشـدا بمنێـژن، لێ بڕوا ناکـەم ئەوەیان بکردایە، چونکە من کەسێکی کرستیان و ناموسڵمانم.

قەترانی بەپێکەنینەوە وتی:

– نا وا نییـە. چونکە من هـەموو ئەوانەم تێ گـەیاندووە کە پرسـیاری تۆیان لە من کـردووە بەوەی تۆ عـەرەبت خـۆش دەوێ و لەگـەڵ فـەڵەسـتـینیـیـەکـان بوویتـە لە چادرگەکانیـان، هـەروەها لەبارەیانەوە کتێبێکیش لە فرەنسا بڵاو دەکەیتەوە.

جینێ وتی:

– ئەمە ڕاستە، گەلێکیش هاوڕێی فیداییم هـەن.

پاش چرکەیەک بە جینێم وت:

– لەم دواییـیـانـەدا سـمـۆئیل پێکیت و هاوسـەرەکـەی لێـرە بـوون. بەم دواییانە زوو زوو سـەردانی تەنجـەی دەکرد، نامیلکەی یاداشـتـەکانم لەگـەڵ تۆدا لە تەنجـە بەدیاری پێ بەخـشـی (ئەو یاداشـتـانەی بە زمـانی ئینگلیـزی بڵاو بووبوونەوە، کە لە وەرگێڕانی پۆڵ پوولز بوو تاکو ٦٩)

– پێم بڵـێ پێوەندیی براین جیسن بە پۆڵ پوولزەوە چۆنە؟

– ئەوان دوو هـاوڕێی دێرینن لە تەنجە.

جینێ کەمێک سـەری قەترانیی خوراند.

– ئەدی تۆ، چی دەڵێی؟

– من نازانم ئێوە ئێستا باس لە چی ئەو دەکەن.

– براڤـۆ! ئەگـەر شـتـێک لە ئارادا نەبوو بۆ تـێگەیشـتن ئـەوا پێـویـست بە تێگەیشتنی هیچ شتێک ناکا.

قەترانی تووشـی هـەڵامەت بووبوو. جینێ وەختێک بینی دەکۆکێ پێی وت:

– تۆ سـەرەڕای ئەوەی هـەڵامـەتتـە، وەلێ واز لـە کـێـشـانی کـیف و

خواردنەوەی بیرەی سارد ناهێنی.

(ئەمەی خستە سەر) ئەوەتا منیش لە تۆوە بە سووکی تووشی هەلامەت بووم.

پاشان ئاوڕی لە من دایەوە و وتی:

- دەزانی، قەترانی بووە مایەی نەخۆشی و دەرمانیش بۆم.

قەترانی زەردەخەنەی هاتێ و بەزاراوەی خۆماڵی پێی وتم:

- ئەو کەسێکی سەیروسەمەرەیە، بەڵام میهرەبانە. هیچ پیاوێکی وەک ئەوم نەبینیوە.

جینێ بەدڵخۆشییەوە پرسی:

- لەبارەی منەوە چیت پێ دەڵێ؟ ئەوی ئەو وتی من بەباشی لێی تێ نەگەیشتم.

بە سوعبەتەوە پێم وت:

- دەڵێت تۆ هەم نەخۆشی و هەم دەرمانی بۆی.

جینێ وتی:

- هیواخوازم وا بێت، ئیتر بۆ خۆمان نەخۆشی و دەرمانەکە بەیەکسانی دابەش دەکەین، ئومێدەوارم کاتێک یەکێکمان تووشی هەلامەت دەبین ئەوی ترمان ببێتە مایەی چاکبوونەوەی.

دوای چرکەیەک بێدەنگی جینێ لێی پرسیم:

- پێم بڵێ، ئەگەر بمانەوێ بەزووترین کات پەساپۆرت بۆ محەمەد دەربهێنین هەر دەبێ وەک جاران بەرتیل بدەین؟

- وەک پێشوو پەساپۆرت بەئاسانی دەرنایە.

- بەهەر نرخێک بێت دەمەوێ پاسەپۆرتی هەبێت. بۆ ڕێکخستن و تەواوکردنی هەندێ کاروباری خۆم من دەچم بۆ پاریس. لە پێنج شەش

ڕۆژێک زیاتر لەوێ نامێنمەوە. چونکە وا پێویست دەکا لە نزیکەوە چاودێریی کۆنگرەی رەبات بکەم.

لێم پرسی:

– وەک پێشتر پێت وتووم تاکو ئێستاکەش سووری لەسەر ئامادەبوونت لە کۆنگرەی شانۆی عەرەبی لە عێراق؟

– بێگومان ئامادە دەبم. ئەگەر نەخۆشی یان هەر شتێکی تر نەبنە ڕێگر لە بەردەم ئامادەبوونمدا. چونکە بە فەرمی بانگهێشتن کراوم.

***

من بیرەوەرییەکانی خۆمم لەگەڵ جینێدا بەپێی ڕیزبەندیی مێژوویی نووسینەتەوە، بەپێی ئەو بەروارانەی چاوم پێ کەوتوون دام ڕشتوون و نووسینەوەشیانم دووبارە نەکردووەتەوە، چونکە وام هەست کرد ئەو بەدووپاتکردنەوەی نووسینەوەیان قایل نابێ.

چەندین جار، بە تەنیا یان بە هاوڕێیەتیی قەترانی سەرپێییانە سەردانی تەنجەی دەکرد (پاش مردنی جینێ قەترانی بەرووداوی ئۆتۆمۆبێل گیانی لەدەست دا) دوای ئەوەی خانوویەک بۆ قەترانی لە عەرائیش دەکڕێ لەوێ ژیانی دەگوزەرێنێ. پاشتریش بۆ ژنهێنان هانی داوە تاکو لە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ لەشفرۆشەکان خۆی بپارێزێ، ئەمە جینێ ئاوها بۆی گێڕامەوە.

لە سێزدەی فبرایەری ساڵی ١٩٨٠دا سەردانی پاریسم کرد، بەمەبەستی ئەوەی "نانی ڕووت" لە بەرنامەی لابوستروٚف پێشکێش بکەم. جینێ شوقەیەکی یەک ژووریی لە بێجال بەکرێ گرتبوو، ئەوێک بە ژیانی ئوتێلە گەورەکان یان بچووکەکان ڕاهاتبوو. لەوێ لە بەردەم دەرگەکەی بەپێی پەتی پێشوازیی لە تاهیر بنجەلوون و من کرد. باوەشمان بەیەکدا کرد و وتی:

– تۆ کتێبێکی باشت نووسیوە.

هەموو کەلوپەلی نێو ژوورەکە بریتی بوون لە قەرەوێڵەیەکی یەک کەسی،

کتێبێلێک لەسەر زەوی و لە گۆشەی ژوورەکەدا هەبوون، ئامێرێکی تەلەفۆن لەسەر مێزێکی بچووک و تەپلەکێکی جگەرە بەتەنیشت نوێنەکەیەوە دانرابوون، ڕاخەرێکی بچووک بۆ کەسانێک بیانەوێ دانیشن، هیچ کورسییەکی لێ نەبوو. هەلاوی مێز لە گەرماوەکەوە بلاو دەبووەوە، پەنجەرەی ژوورەکە داخرابوو، چونکە جینێ تووشی هەلامەت هاتبوو. جینێ لەسەر نوێنەکەی ڕاکشابوو و تاهیر و منیش لەسەر ڕایەخەکە دانیشتبووین.

کاتێک لەوێ دەرچووین تاهیر پێی وتم: "جینێ زۆر کەم دەردەچێتە دەرەوە مەگەر بۆ کرینی کۆوار و ڕۆژنامە و پسکیت و مۆز دەربچێت، چونکە بە ئازاری ددانەکانییەوە دەناڵێنێ، ئەگەریش بچێ بۆ چێشتخانە ئەوا زۆر کەم و خواردنێکی سووک دەخوات" ئەوە تاکە جار بوو کە ئەو لە پاریسدا ببینم. وەکو تر تاهیر بەردەوام سەردانی دەکرد.

جینێ عەزەدینی کوڕی قەترانیی گرتە خۆی و ئەرکی بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ و لە قوتابخانەیەکی ناوەخۆیی لە ڕەبات خستییە بەرخوێندن. جینێ تا ئەو ڕۆژەی لە ١٥- ٤- ١٩٨٦دا مرد، وەک سەرپەرشتکار و بەخێوکەری ئەو کوڕە مایەوە. پێی وتم ئێستاکە ئەنیس بلافریج لە بەشی ناوەخۆیی سەرپەرشتیی پەروەردەکردنی دەکات، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵێنەی کە جینێ پێی داوە.

لە ڕەبات جینێ بوو بەهاوڕێی محەمەد بەڕادە و لەیلا شەهیدی هاوسەری. ئەوان گەلێک جار بۆ میوانداری بانگهێشتنی جینێیان دەکرد تا لەگەڵیاندا نان بخوات، جینێ لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی زوو دەخەوت. ئەو لەلای کەس نەدەمایەوە. بەلام جارێکیان لەلای ئەمان مایەوە. نەخۆشیی شێرپەنجە تا ڕادەی خنکان تەنگی بە قوڕگی هەڵچنیبوو، وەلێ سەرەڕای ئەمەش دەستبەرداری کێشانی جگەرەی جیتان نەدەبوو. کاتێک لە هۆڵی

ئوتێلی شاهانەیی لە رەبات بە هاوڕێیەتیی قەترانی و عەزەدینی کوڕی چاوم پێ کەوت. دەنگی زۆر کز و لاواز بووبوو، بە ئاستەم دەبیسترا.

سێ جار سەردانی گۆڕەکەیم کرد، لە یەکێکیاندا بە هاوەڵیی هەندێ ڕۆژنامەنووسی فرەنسی بوو، کە هاتبوون چەند وێنەیەک بگرن. لە دواین جاردا کە چاوم بە قەترانی کەوت. هەواڵی ئەوەی پێ دام بەوەی هەندێک لە نامەکانی جینێی بەشێوەیەکی کاتی داوەتە مامۆستایەک لە کۆلێجی ئاداب لە مەراکیش، چونکە ئەو مامۆستایە بەتەمای توێژینەوەیەک بووە لەسەر ئەو.

– ئەدی نامەکانی بۆ گەڕاندیتەوە؟

– تا ئێستا نەیگەڕاندووەتەوە.

وەختێک لەسەر ئەو کارەی سەرزەنشتم کرد بە قووڵی هەستی بە پەشیمانی کرد بەرانبەر ئەو کارەی کردوویەتی. پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد کە نامەکانی جینێ بفرۆشێ، هەروەها پێم وت ئەگەر ئەو ناتوانێ ئەو نامانە بپارێزێ ئەوا بەلانی کەمەوە بۆ ئەوەی پارێزراو بن دەبا بەیەکێک لە زانکۆکانی ڕۆئاوایان بفرۆشێ. بەهەڵچوونەوە وتی:

– هەرگیز کارێکی لەو جۆرە ناکەم تا لە ژیاندا بم. شتەکانی جینێم لە هەموو سامانەکانی دنیا لەلا خۆشەویست و بەنرخترە.

– بەڵام پێویستە لەسەرت لەمەودوا نەیدەیتە لای هیچ کەس و شوێنێک. چونکە خەڵکانێکی زۆری درۆزن و دزی تێکستەکان هەن. ئەگەر جینێ لە ژیاندا بمایا بەم کارەت تووڕە و زیز دەبوو.

– ئەم هەڵەیە هەرگیز لە ژیانمدا دووبارە نابێتەوە. من داوای لێبووردن لە جانی بەسزمان دەکەم.

بە بەردەوامی دەمویست ئەوە بە قەترانی بڵێم کە سیفەتی بەسزمان نەخاتە پاڵ جینێ، چونکە ئەو کەسێک بوو هەمیشە شانازیی بەخۆیەوە دەکرد، تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا بەرانبەر بەقەدەری مەرگ کۆڵی نەدا و

نەپاڕایەوە، وەلێ دەشمزانی جانی بەسزمان لەلای قەترانی واتای جانی باش و میهرەبان دەگەیەنێ. ئەوەی قەترانی و پێوەندییەکانی بە جینێوە بزانیبایا هەستی بەو خۆشەویستییە بێ سنوورەی قەترانی بەرانبەر بە جینێ دەکرد و دەیزانی کە ئەو تا ڕادەی پەرستن خۆشی دەوێ، هەر بۆیە ئەو کاتانەی ڕووبەڕووی کەسێک دەبێتەوە، کە سەرسامیی خۆی بەرانبەر بە جینێ دەردەبڕێ، تووشی هەندێ هەڵە و گەوجایەتی دەبێت لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ جینێدا، یان زیادەڕۆیی لە گێڕانەوەیاندا دەکات.

"لە عەرائیش سەردانی کردم، پاشان سەردانی کوڕەکانی عەزەدینمان کرد لە ڕەبات، پاشتر بۆ پاریس گەڕایەوە و لە ئوتێلێکی بچووکدا بەخنکان گیانی سپارد. بەسزمان بە تەنیا لەوێدا مرد".

پاش مردنی جینێ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە بەوەی جینێ لەسەر ویستی خۆی داوای کردووە لە عەرائیش بینێژن. بەڵام بەپێی قسەی قەترانی ئەوە ڕاست نییە. جینێ بە قەترانی و جاکی وتووە "جاکی هاوڕێیەکی تری جینێیە، کە گرتوویەتییە خۆی و ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆی خۆی گرتووە"

"بێجگە لە عەرائیش دەکرێ لە هەر جێگەیەکی تر بمنێژن"، ئەوە چارەنووسی جینێ بوو کە لە گۆڕستانێکی دێرینی ئیسپانیا بنێژرێ، کە زۆربەی نێژراوەکانی ئەو گۆڕستانە کەسانی سەرباز بوون لە سوپای ئیسپانیادا. وەختێکیش لە هۆکاری ناشتنی جینێ لە عەرائیش پرسیارم لە قەترانی کرد، وتی:

– ئەوە جاکی* بوو کە لە دوایین چرکەدا ئەو بڕیارەی دا. دەشێ لەبەر ئەوە ئەوەی کردبێ تاکو گۆڕەکەی جینێ لە من و عەزەدینی کوڕمەوە نزیک بێ. پاشان جاکی بە بەردەوامی سەردانمان دەکا. بەم دواییەش بڕێک پارەی بۆ

* هاوڕێیەکی نزیکی جینێیە.

هێنام دەسکەوتی کتێبە بڵاوکراوەکانی جینێ بوو، کە جینێ خۆی بەپێی وەسیەتنامەیەک کردوویە بە میراتگری ئەو دەسکەوتانە، ئێمە ئەو دەسکەوتانە بەسەر یەکتردا دابەش دەکەین.

ئەو جارەی لەگەڵ قەترانی پێکەوە سەردانی گۆڕەکەی جینێمان کرد، قەترانی وتی:

– من هەفتەی بۆ چوار جار سەردانی گۆڕەکەی جینێ دەکەم. لەوێ بە تەنیا یان لەگەڵ عیزەدیندا دادەنیشم، ئەو کاتەی قوتابخانە دادەخرێ و عیزەدین لە پشوودایە، زۆرتر لەوێ دەمێنینەوە، بەدەم بیرهێنانەوەی بیرەوەرییەکانم لەگەڵ جینێدا لە دەریا ڕادەمێنم. لە مەغریب بم یان لە دەرەوەی مەغریب. کاتێک جان لەگەڵمدا دەبێ من هەموو شتێک لە بیر دەکەم جگە لە جان. ئەو ژیانی منی بە هەموو ئەو شتە جوانانەی خۆشم دەوێن لێوانلێو کردووە. وەلێ ئەمڕۆکە بە تەنیا جێی هێشتووم، هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم هاوڕێیەکی وەک ئەو بدۆزمەوە. ئەو ژیانەی لەگەڵ ئەودا گوزەراندم بۆ هەتاهەتایە کۆتاییی هات.

جاکیش هەست بە هەمان بۆشایی دەکات. ئیتر هیچ وێنەیەک ناکێشێ. ئیدی ئەو ژیانەی لەدەست دا، کە جینێ بووبووە هێز و توانا بۆی. من و جاکی لەبارەی ژیانەوە شتێکی کەم دەزانین، ئەو زۆر شتی بەباشی لەبارەی ژیانەوە دەزانی، لەو شتە زۆرانەی کە دەیزانی هەندێ شتی فێر کردین. ئێوارەی شەشی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٧ بڕیار وابوو لەگەڵ جۆرج بۆسکی بەڕێوەبەری بنکەی ڕۆشنبیریی فرەنسی لە تەنجە و لەگەڵ دانێل لۆرانی یاریدەری بۆ نانخواردنی شێوان لە چێشتخانەی دورادۆ چاومان بەیەکتر بکەوێ. لە باری خوانا دی ئارکۆ نزیک بە چێشتخانەکە چاوەڕێیانم دەکرد. وەختێک هێشتاکە لە دەرەوە بووین، لە ناکاو، قەترانی لە بەردەممان قووت بووەوە و وتی:

– دەمزانی لە دورادۆ یان لە خوانادی ئارکۆ دەتبینمەوە، وەک چۆن خووت

پێوە گرتووە، دەزانم تا درەنگانێ شەو ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵ.

بە جۆرج و دانێڵم ناساند، کاتێک زانییان هاوڕێی جینێیە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد.

لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا، قەترانی وەڵامی پرسیارەکانی جۆرج و دانێلی دەدایەوە، کە لەبارەی هاوڕێیەتیی ئەو لەگەڵ جینێدا ئاراستەی دەکرا. لەژێر کاریگەری ئەو سەرسامییەی کە ئێمە بەرانبەر بە جینێ دەرمان بڕیبوو دەستی بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا کرد، ئەو بەشێوازێک دەیگێڕایەوە وەک ئەوەی خۆی لەوێ ئامادە بێت.

بۆ سەعات پێنجی سەرلەئێوارەی ڕۆژی دواتر بە هاوڕێیەتیی جۆرج بانگهێشتنی ئێوارە کۆڕێکی ڕۆشنبیری کرابووم، کە لەلایەن سەنتەری ڕووناکبیریی فاس و مەکناسەوە ڕێک خرابوو. بابەتەکەی من قسەکردن بوو لەبارەی بیرەوەرییەکانمەوە لەگەڵ جینێدا لە تەنجە. جۆرج بۆسکی بەڕێوەبردنی کوڕەکەی لە ئەستۆ گرت.

کاتێک لە دۆرادۆ دەرچووین جۆرج داوای لە قەترانی کرد لای ئەوان بمێنێتەوە، قەترانی قایل بوو بەمەرجێ بیانبات بۆ مەکناس، وەلێ لە سپێدەی سبەینێدا کە هێشتا لە وێستگەی شەمەندەفەردا بوون، ڕای خۆی گۆڕی، لە دواین چرکەدا بڕیاری دا لە (ئەصیلە) دابەزێ و پاشان درێژە بە سەفەرەکەی بۆ عەرائیش بە ماشێنێکی نەفەرهەڵگر بدات. وەختێک لە ئەسیلە نزیک دەبووینەوە زۆرمان لێ کرد، تاکو لەگەڵمان بێت و گوێ لەوە بگرێ کە لەبارەی جینێوە دەوترێ. لێ بەشڵەژاوی و شپرزەیی وەڵامی داینەوە و وتی:

– پێم خۆشە لەگەڵتاندا بێم، بەڵام لەم بارودۆخەدا بۆ من کات لەبار نییە. شتێک هەیە بۆ ڕۆیشتن بەرەو عەرائیش هانم دەدا. هەر کاتێک ویستتان لە عەرائیش سەردانم بکەن. من زۆر سەفەر ناکەم بەتایبەتیش دوای مردنی جان.

شەمەندەفەرەکە وەستا، بەشڵەژاوی و خەمبارییەوە ماڵئاواییی لێ کردین. بە ئاماژەی دەست بەڕێی خستین. لە کاتێکدا شەمەندەفەرەکە جووڵاو بۆی دەرچوو، ئەومان بینی سەری نەوی کردبوو، بەبێ ئەوەی تەماشای هیچ شتێک بکات ورد ورد ڕێی دەکرد. ئەو لەوپەڕی خەم و پەژارەییدا بوو.

لە کاتی سەفەرەکەماندا جۆرج لەبارەی ئەو شەوەی لە ماڵی قەترانیدا بوو قسەی بۆ کردم (دوای چوونە ژوورەوەمان یەکسەر داوای شتێکی کرد بیخواتەوە، منیش شووشەیەک مەیم پێ دا. بەڕاکشاوی لەسەر قەنەفەیەک وەکو دەریاوانێکی دێرین دەستی بە خواردنەوەی مەیەکە کرد. ئەو شەوە هەمووی بەدەم ناوهێنانی جینێوە تاکو بەیانی وڕێنەی دەکرد. لەو بڕوایەدام مردنی جینێ بۆ هەتاهەتا عەقڵی وێران کردبێ. قورس و ئەستەمە بتوانێ جارێکی تر دەست بە ژیان بکاتەوە. ئەو وا هەست دەکات مردوویەکی زیندووە. "بەڕاستی کارەساتە، وەلێ کێ دەتوانێ لەو هۆگرییەی بەجینێوە گرتبووی ڕزگاری بکات".

# تێنسی ولیامز لە تەنجەدا

## پێشەکی

کتێبەکەی شوکری دیدارێک وەسف دەکات لە جۆری سێیەمە. لە هاوینی ١٩٧٣دا، ئەو کاتەی کە زانی تێنسی ولیامز لە تەنجەدا بینراوە، شوکری یەکسەر بڕیاری دا بە دوای ئەو میوانە ئەمەریکاییە ناودارەدا بگەڕێ (وەک چۆن پێش چەند ساڵێک ئەمەی لەگەڵ جان جینێدا کردبوو، وەلێ ئەو دوورییەی لە نێوانیاندا هەبوو کەمتر بوو، چونکە مەغریبی و فرەنسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستدا یەکتریان ناسی و لە یەکتر نزیک بوونەوە) لەو هاوینەدا شوکری لە یەک کاتدا هەم نووسەرێکی گەنج و هەم پیریش بوو، ٣٨ ساڵان بوو، ئەو ماوەیەک بوو چیرۆکی ژیانی جوان و دڵگیری خۆی تەنیا لە پێناو ناندا نووسیبوو for bread alone ، کە لەلایەن پۆڵ بۆیلزەوە گۆڕابووە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەو کتێبە ژیانی منداڵێتی و هەرزەکارییەکی پڕ لە نەهامەتی و مەینەتی، سەرگەردانی و نەداری، پەرپووتی و نەبوونی دەگێڕێتەوە. پاشان ڕێگەی چۆنێتیی فێربوونی نووسین و خوێندن (لە تەمەنی بیست ساڵییەوە دەستی بە خوێندن کردووە) ئیدی بەم شێوەیە داهاتووی خۆی دارشت و بوو بەنووسەر و مامۆستا. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر پێویستە، کە ئەو ماوە و دوورییەی لە نێوان شوکری و تێنسیدا هەیە لە بەرچاو بگیرێ. هەرچۆنێک بێت شوکری بەوپەڕی سەرکێشی و کۆڵنەدان خۆی پێ گەیاند. ئەو زۆر کەم سەفەری دەکرد. بەگوێرەی ئەو و مەغریبییەکانەوە تا ئەو کاتەش ئەمەریکا وەک زەوییەکی پڕ نهێنی و پەنهان و ئەفسانە ئامێز دەبینرا، وەک چۆن بەگوێرەی ئەوروپاییە کۆچبەرەکانەوە بەهەمان شێوە دەبینرا. لەمەشدا بەربەستێکی زمانەوانی لە

ئارادا هەبوو- شـوكری بە چاكی ئیسـپـانیی دەزانی، بە فـرەنسـیـیـەكی باشـیش قسـانەی دەكرد. ئەمە و سـەرەڕای زانینی زمـانی عـەرەبی، بەڵام ئینگلیـزییەكەی (وەک ئیسـپانی و فرەنسییەكەی تێنسی وا بوو) نەیدەتوانی بەڕەوانی قـسـەی پێ بكا. هەردووكـیـان ڕەفـتـار و خـووی ناكـۆكـیـان لە دوو دیمەنی گرینگدا هەبوو. تانە و سـوعبـەتەكانی تێنسی كـتـوپڕ و لە ناكاودا هەڵدەقـوولان، لێ گـاڵتـە و سـوعبـەتەكـانی شـوكری سـووک و ئـاسـان بوون. شوكری بەدوای گفتوگۆی ئەدەبیدا دەگەڕا، بۆ نموونە وەک (دەمـویست بڵێم ئەلما وینمیللەر نـەوەی هستربراینە)؛ تێنسـیش وای بەباش دەزانی لەم جۆرە وتوویژانە خـۆی دوورەپەرێز ڕابگرێ. وەلێ لەگەڵ ئەمـەشدا پێویسـتە هەمـوو ناكۆكییە ئاشكرا و دیارەكان لە بەرچاو بگیرێن: یەكێكیان سەر بە چینێكی زەحـمـەتكێـشی مـوسـڵـمـانـە، ئەوی تریان سـەر بەچینێكی مـامناوەندیی ئەمەریكای باشوورە، مەیلی سێكسییان جودایە.

یەكـێكیــان تا ڕادەیـەک پەنهــان و نادیار و نـەناســراوە، لێ ئەوی تریان گـەلێک ناودار و بەناوبانگە، ئیـدی لەمــەوە تێ دەگـەین كـە پێک گـەیشتن و پێوەندیكردنیان پێكەوە خەریک بوو ببێتە مەحاڵ.

كاتێک دەوترێ دژەكان یەكتر ڕادەكێشن. دەشێ مەبەست وتنی ئەوە بێت. كە سـەرەڕای ناكۆكییەكان لێكچوونەكان هەر دێنە كایەوە. شـوكرییش وەک تێنسی هەردووكیان لە ڕابردووی خۆیان هەڵاتبوون. هەردووكیان بایەخیان بەهەموو شتێک نەدەدا و لە زۆر ڕووەوە یەک بوون.

(كاتێک بـە ئۆتۆمۆبێلەكەم بە بۆڵڤار باسـتۆردا تێ دەپەڕیم، كە گەورەترین و فراوانترین شـەقامی تەنجـەیە، هەمـوو جـارێک شـوكریم بە تەنیـا دەبینی، لاواز و بێـتــاقــەت دیار بوو، خــەم و پەژارە لە ڕووخــســاریدا دەبینـرا، یان پیاسـەی دەكرد یان لە یەكێک لە قاوەخـانـەكان دانیشـتـبوو، هەمـیـشـەش هـەندێ كتێبی پێ بوو)

شوكری لەو هاوینەدا هەستی بە دڵخۆشی دەكرد و ڕووخۆش دیار بوو، لێ تێنسی بەو ئەندازەیە نەبوو. ئەو لەگەڵ هاوڕێیەكی نەشیاو تازە گەیشتبووە تەنجە، ئەو نارێكییە شوكری بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێش و چێژگەیێنانە دەیگێڕێتەوە (وەک چۆن- ئای پاكسە- دەربڕی پەیكەری فریشتەیە لە هاوین و دووكەڵدا) تێنسی بۆ تەواوكردنی شانۆگەری: THE DEVIL BATTERY SIGN دوودڵ و نیگەران بوو. بەتایبەتیش پاش ڕەتكردنەوەی نیشتەجێبوونی لە ئیتاڵیا لەوپەڕی نیگەرانیدا بوو، وەک چۆن پێشتر نیشتەجێبوونی لە تەنجەدا ڕەت كردبووەوە، چونكە ئەو نیشتەجێبوونەی بەوە ناوزەد كرد، كە هیچ شتێكی تازەی لەمیانەیدا ئەنجام نادرێ، دەشێ گەلێک كاریش بەباشی ئەنجام درابێ، وەلێ دیدارەكان لەگەڵ شوكریدا جۆرێک لە سەركەوتنی چاوەڕواننەكراویان تێدا بەدی دەكرا. بێگومان ئەو سەرسامییەی شوكری پیادەی كرد بووە مایەی وروژانی تێنسی، ئەمەش دەستپێشخەرییەكی خودیی لەلای ئەودا خوڵقاند.

شوكری ئەو مافەی بەخۆی بەخشی، كە تێنسی ئاگەدار بكاتەوە و ئاماژە بەوە بكات، كە دەبێت دەستبەرداری هاوڕێ نەشیاوەكەی بێت (بەلانی كەمەوە هەر ماوەی جارێک ئەوە بكات)، هەروەها ئامادەییی خۆی دەربڕی بەوەی ببێتە نموونەیەكی باش بۆ میهر و دڵنەرمی لەگەڵ كەسانی ڕەفتار ناجۆر. هەر چۆنێک بێت، پێكەوە گونجان، سەردەنجامیش ئەم زنجیرە وتووێژە زارەكییە ڕاستەوخۆ و درەوشاوەی لێ كەوتەوە. كە لە یەک كاتدا بەبێ پچڕان و وەستان، لەسەرخۆ و بە وردەكارییەوە ئەنجام دراون. لە سەرەتادا وا دەردەكەوێ بەوەی شوكری كەوتبێتە ژێر كاریگەری پیلانەكانی توانا و كارامەییی تێنسی بەپێكەنین لە بارودۆخە جیاوازەكاندا.

پێی وت: كتێبەكانت، بەتایبەتی شانۆگەرییەكانت، خەمئامێزن وەلێ خۆت هەردەم دڵخۆش دیاری.

تێنسیش (کە مافی خۆیەتی) ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە کتێبەکانی خەم ئامێز بن، ئەمەی بۆ دەخاتە سەر.

خەم و ناسۆری دەشێ ببێتە مایەی شادمانی، زۆرجاریش دەشێ شادمانی و ئاسوودەیی ببێتە مایەی پەژارە و دڵتەنگی.

وەک چۆن گشت خەمێک نابێتە مایەی خەفەبوون، هەر ئاوهاش هەموو شادییەک نابێتە مایەی خۆشحاڵی و ڕابواردن.

(بەهەرحاڵ شوکری ئەوە دەزانێ کە دەکرێ بەپێکەنین دۆخی وەڕسی و بێتاقەتی لە بیر بکرێت)، پاشان کە بیر دەکاتەوە (بەوەی کەسایەتیی تێنسی لەگەڵ نووسینەکانیدا لە یەکتر ناچن ئیدی ڕای خۆی لەمەڕ ئەو دەگۆڕێ. ئەم گۆشەگیرە دیسان لەوەش تێ دەگات کە تێنسیش حەز بەتەنیایی دەکات، بەڵام لەو تەنیایی و تەریکبوونەوەیەش دەترسێ. لەم ڕووەوە تێنسی بەو وەڵامانەی کە شایان بە ناوهێنانن بەرپەچی ڕەخنەگرەکان دەداتەوە: ئەوان پێستمان دادەماڵێن، وەلێ ئێمە دەزانین چۆنیان نوێ بکەینەوە. لە کۆتاییدا، ئاشنایەتی و دۆستایەتییەکی بێگەرد و خاوێن لە نێوان ئەو دووانەدا دروست بوو. ئەم ئاشنایەتییەش کاریگەری بەسەر ئێمەوە دەبێت، چۆن بەبێ گومان پێوەندیی بەشتێکی سەرپێیییەوە هەیە) (دەشێ یەکتر ببینین) کاتێک تێنسی باوەشی بە شوکریدا دەکرد ئاوهای دەوت، ئەمەی بەر لە ڕۆیشتن بە چەند چرکەیەک دەوت، یان دەیوت، (دەشێ تاهەتایە چاومان بەیەکتر نەکەوێتەوە)

زۆربەی دیدارەکانیان چاوەڕوانکراو نەبوون، بگرە ڕێککەوت بوون: لە شەقام، لە قاوەخانە، لە شوقەکەی پاوڵ بوڵز ڕوویان دەدا، بەڵام دیدگاکانی شوکری یەکبوون و پێکەوە گرێدانێکی توندوتۆڵ و سەیریان تێدایە. ئەمیش وەک هەموو مەغریبییەک، چیرۆکنووسێکی خۆڕسک بوو، ڕەنگ و بۆی خۆماڵی و کەسانی لاوەکی (ژیان لە قاوەخانەکانی تەنجەدا، ئەو شوقە

قـێزەون و شـەرمـئـامـێـزەی کە یەکـێکیـان نمایشـت و دەیخـەنە ژێر دەست تێنسیـەوە ئەزمـوونێکی بریندارکەر و شـۆکئـامـێزە لە پۆسـتـەخانەدا) ئەمـانە وەسـفگەلێکن کە بەوردی نـووسـراونەتەوە و واش دەردەکەون کە بەڕێککەوت ڕوویان دابێ، ئـەگـەر حـیکایەتـی شـوکـری لەبارەی تێـپـەڕبوونی تێنسـی بە تەنجــەدا، کــە لە مـــاوەی هـاویندا سێ هــەفــتـــەی خـــایاند کــاریگـەری پێ بەخشـیبێ، ئـەوا ئەم کارە پێوەسـتـە بە سـات و چرکەکانەوە، بەزنجـیـرەیەک دیمەنەوە کەوا دەردەکەوێ چۆن لە خـۆتێهەڵقورتانەوە کارامـەیی دێتە کایەوە. شـــێـــوازی دەربڕینی تێنـســیـم زۆر بەلاوە جـــوانە و دەچێــتـــە دڵمـــەوە، لە چرکـەیەکـدا شــوکــری وامـــان پێ دەڵێت. ئەوانەی ئـەو دەیانڵــێت لـەوپەڕی ڕاسـتگۆییـدان. لەمەش جوانتـر و نایابتـر ئەو چۆنایەتییـەیە کە دەیگەیـەنێتـە ئێمە.

جانین لامبرت

١٦-٧-١٩٧٣

له ماڵەکەی خۆی سەردانی پاوڵ بۆڵزم Paul Bowles کرد. بەئیسپانی پێی وتم:

- رۆژی یەکشەم تێنسی لێرەدا دەبێت.

- دواجار دەگەڕێتەوە تەنجە.

ساڵی ٦٤ دواجار بوو سەردانی تەنجەی کرد. چای ڕەشم بەلیمۆوە دەخواردەوە. بیرم کردەوە: من دەمێکە لە شوقەکەی پاوڵ مەیم نەخواردووەتەوە، دوایەمین جار ڤۆدگام لای ئەو خواردەوە. هاوڕێیەکی ئەمەریکایی گەشتیاری هەبوو بەپاپۆڕێکی رووسی بڕێک شووشە مەیی بۆ هێنابوو. وەختانێک کە خەریکی گۆڕینی سەرگوزشتەی ژیانم بووین."تەنیا لە پێناوی ناندا"* ڕۆژانە تا ڕادەی مەستی لەو مەیەم دەخواردەوە.

بۆ بیست ساڵ دەچێ پاوڵ مەی ناخواتەوە. بەدەگمەنیش مەی پێشکێش بە هاوڕێ و میوانەکانی دەکا، بەڵام دەشوترێ ئەو هەمیشە شووشەیەک مەی دەشارێتەوە و لە کاتی پێویستدا دەری دەهێنێ و پێشکێشی دەکات. بیرم کردەوە تێنسی تا ئێستاش مەینۆشە، کەواتە هەر دەبێ پاوڵ هەندێ شووشە مەی بکڕێ.

---

* نانی ڕووت.

لەوێدا زۆر نەمامەوە. دەبوا لەگەڵ محەمەد زەفزاف لە قاوەخانەی مانیلا چاومان بەیەکتر بکەوتبا. وەختێک زەفزافم بینی بیرەی دەخواردەوە و پەنجەکانی بە تەڵەکانی ڕیشە تەنکەکەیدا دەهێنێ و پرچە پڑ و پەخشەکەی لوول دەدا.

پێم وت:

– ڕۆژی یەکشەم تێنسی ولیامز دەگاتە ئێرە. ئەمە پاوڵ بۆیلز پێی وتووم. من هەر ئێستا لای ئەوەوە هاتووم.

– ئەو ئەمڕۆ لێرەدایە. بەر لە چەند چرکەیەک ئەوم لە نیگارگەکەی ئەحمەد یەعقوبیدا بینی[1] ئەو هاوڕێیەکی گەنجی ئەمەریکایی یان ئینگلیزیی لەگەڵدا بوو. من لاوێکی مەغریبیم لەگەڵدا بوو، کە لە پۆڵۆنیادا[2] لە بەشی نیگارکێشیدا دەیخوێند.

– سەیرە (ئەمەم خستە سەر) چ جۆرە لێکدانەوە و بۆچوونێک بەرانبەر بە تێنسی لە لاتدا دروست بوو؟

بەدەم خەندەوە وتی:

– پێم وایە لە کەسانی نەناس دەترسێ. وەلێ ڕووخساری ئەوە ئاشکرا دەکات، کە پاش ئەوەی شارەزا و هۆگریان دەبێت لێیان نزیک دەبێتەوە. ئەو پانتۆڵ و چاکەتێکی جوان و پاکی لەبەردا بوو. لەو جۆرە نووسەرانە نییە جلوبەرگەکەی پشتگوێ بخا. هاوڕێ لاوەکەی ئامێرێکی نایابی وێنەگریی پێ بوو. تێنسی دڵخۆش دیار بوو. هەندێ جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی یەعقوبی وای لێ کرد بەدەنگی بەرز قاقا پێ بکەنێ.

– ئەدی یەعقوبی لەگەڵ تۆ و هاوڕێکەتدا، چۆن مامەڵەی دەکرد؟

– لەو بڕوایەدام پاش ئەوەی تێنسی گەیشتە ئەوێ، ئیتر حەزی نەدەکرد

---

١. لە ساڵی ١٩٣١دا لەدایک بووە و لە ئەمەریکا ساڵی ١٩٥٨ مردووە.

٢. عزالدین ئەلدویب.

لەگەڵیدا بمێنینەوە.

لە قاوەخانەی پاریس، ئەم بەیانییە یەعقوبی داوای لێ کردین سەردانی شوێنی کارەکەی بکەین. من هیچ گلەییی لێ ناکەم. ڕەفتاری ئەو هێشتاکە سەرەتایی و خێڵەکییە.

زەفزاف وەک تارماییـیـەک لە شـەودا دەهاتە بەرچاوم: ئەو پێستێکی کەمێک ئەسمەری هەیە و پۆشاکەکەی بەری هەمووی ڕەشن. بە سوعبەتەوە پێم وت:

– بەم دیمەنەی هەتە نایترسێنی؟ تۆ بەم ڕیشە نووک تیژ و پرچەتەوە، کە لە هێلانەی هەڵۆیەک دەچێ هەر لە شەیتان دەچی.

بە توانجەوە وتی:

– توانیم بایەخـدانی بوروژێنم. سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا وشـەمـان گۆڕییەوە کەچی بەسەرسامییەوە تەماشای دەکردم. ئەگەر یەعقوبی پەلەی لە دەرچوونی من و هاوڕێکەمـدا نەکردایا، دەبووینە هاوڕێی یەکتر. وام هەست کرد بەوەی یەعقوبی دەیەوێ کاریگەری بخاتە سەر تێنسی، ئەمەش مافی خۆی بوو، وەلێ دەبێ هەر تۆ لای هاوڕێکەت پاوڵز چاوت پێ بکەوێ.

بادەکەی خۆی لە بیرەی سارد پڕ کرد. هەندێ دڵۆپە ڕژانە سەر داری مێزی خواردنەوەکە. هەندێ دڵۆپەش لە کاتی خواردنەوەدا دەڕژان. سمێڵی سپی بوو. بە زمانی سمێڵی لستەوە و پاشان بە دەستی سڕییەوە و ئینجا وتی:

– بە ڕۆژ بیرە بەچێژە و بە شەویش مەی، "میرا" ئاوها ئامۆژگاریی کردووم.

– میرا کام ژنە؟

– هەتاکو ئێستا نایناسی؟

– نەء.

– ڕۆژێک هەر دەیناسی. سبەی یان دووسبەی "ئەلجوماری" لە دارولبەیزاوە دەگاتە ئێرە و بە ئەوت دەناسێنێ.

– ئەم ئارامییەی تۆ درۆزنانەیە. لە چاو منەوە تۆ هەمیشە وەک تاوانکارێکی مەترسیدار و دزێکی گەورە دیاری!

بە قاقاوە پێ کەنیمان. ئەمە سروشت و خوومان بوو، کاتێک بە دیداری یەکتر دەگەیشتین. هیچ خەم و شیکایەتێک لە ئارادا نامێنێ.

– هەوڵ بدە ببی بەهاوڕێی تێنسی، تاکو کتێبێکی لەسەر بنووسی وەک چۆن ئەوەت لەگەڵ جان جینێداjean genet کرد.

– هەوڵ دەدەم، چون ژیانی ئەویش سەرنج ڕاکێش و وروژێنەرە.

داوای بیرەی تازەمان کرد. دەمزانی تا سەعات سێ و چواری سەرلەبەیانی دەخۆینەوە و قسەوباس لەبارەی پڕۆژە ئەدەبییەکانمانەوە دەکەین. هەندێ جاریش تاکو خۆرکەوتن دەمانخواردەوە، لە خواردنەوەشدا فاگی[1] باربووی دەکردین و بەدەنگمانەوە دەهات.

١٩٧٣-٧-١٧

ڕۆژێکی یەکجار گەرمە، سەعات دە و نیوی سەرلەبەیانییە. لە حەوشەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتم. بینیم لەوێدا دانیشتبوو ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیی دەخوێندەوە. بەتەنیشتمەوە ئەو گەنجە دانیشتبوو، کە زەفزاف لەبارەیەوە قسەی کردبوو، هەمان کامیرە نایابەکەی پێ بوو. تەماشای وێنەکەیم کرد کە لەسەر بەرگی شانۆگەری (پشیلەیەک لە بان سەربانێکی تەنەکەییی گەرمدا) بوو. بۆ ماوەیەک لێی ڕامام. لە تەماشاکانیدا تا نهۆش خەونە ڕۆمانسییە دێرینەکانی دیارە. ئەم وێنەیەی هی ساڵی چلەکانیەتی. هەنووکەش تەمەنی لە شەستەکاندایە و منیش لە وێنەی سەر ئەم کتێبەی

١. ژنە مەیگێڕێکە لە مەیخانەی ئەندەلووس.

گـــەورەتر دیارم. ئەو لـە (٢٦)ی مـــارســـدا لـەدایک بـوو، منیش لـە (٢٥)ی مارسدا. لە نێوانماندا ڕۆژێکی تێکەڵ هەیە. ئاخۆ لە ناکاو لە بەردەمی قووت ببمەوە وەک چۆن لەگەڵ جینێدا لە بازاڕی ناوەخۆیی ئەوەم کرد؟

ئەو دەنووسێ و منیش دەنووسم. ئەو ناوداره و من ناودار نیم. ئەمـــەیە جیاوازییەکە لە نێوانمان. زۆر ئاساییە تازە دز خۆی بە کۆنە دزێکی لێزان بناسێنێ. ئەو هەندێ کاری لە ڕۆژانی هەژاریی خۆیدا ئەنجام داوە و منیش هەمان کار لە ڕۆژانی پەژارەیی و سەرگەردانیی خۆمدا ئەنجامم داوە و پێی هەستاوم.

بۆیەکـە دوو شـووشـە کـۆکا کـۆلای بۆ دانان، ئینجا بۆ بادەکەی تێنسی خواردنەوەی ڤێرنی برانکای تێ کرد.

جـارێکیـان لەو جـۆرە خـواردنـەوەیەم خـواردووەتەوە، لێ بەدڵم نـەبووە. بۆ خـوێندنەوەی ڕۆژنـامـەکـە چاویلکەیەکی ئەسـتـوور بەکـار دەهـێنێ. لە لاپەڕەیەکـەوە دەچێتـە لاپەڕەیەکی تر، وەک ئەوەی تەنیا ناونیشـانەکانیـان بخـوێنێتـەوە. نزیکەی دوای نیو سـەعاتێک هـەسـتاین. چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ نیلیی لـە بەردایە و پێـڵاوێکی لە کـوتاڵ دروسـتکراوی لە پێـدایە. بە بـەردەممدا ڕەت بـوون. هێــدی هێــدی ڕێ دەکــا. هاوڕێکەی بـەدوایەوە بـە شـێوەیەک ڕێی دەکرد وەک ئەوەی بیـەوێ پیـایا ڕابگات. ئەو ڕۆژنامـەکـەی خسـتبووە بن هەنگڵیـەوە و هاوڕێکەشـی جانتایەکی بچووکی هـەڵگرتبوو. بیرم کردەوە: گەمەی یەکترناسییە مرۆییـیەکان هەنووکە دەست پێ دەکات، یان دۆسـتـایەتی دێتـە ئاراوە یان دوژمـنداری. یەعقـوبیم بینـی لێیـان نزیک دەبووەوە. گەمـەی یەکترناسینی مرۆیییانە ئاسان بووەوە. یەعقوبی هاوڕێی من نیـیـە، لێ دەیناسـم. من پێشـتـر سـەرسـامـیی خـۆم لەمـەڕ هـەندێ لە نیگارەکانی دەربڕیبوو. بـە دوایانەوە ڕۆیشـتم. لە بەردەم قـاوەخـانەی مـانیـلا چەند هەنگاوێکم مـابوو بگەم پێـیـان. یەعـقـوبی ئاوڕی دایەوە. بینیـمی.

ڕاوەستا و پێی گوتم:

– سڵاو، ئەمە هەلێکی دڵخۆشکەرە.

تەوقەی لەگەڵدا کردم و بە تێنسی و پاکسەی هاوڕێی ناساندمی boxer بە تێنسی وت:

– نووسەرێکی مەغریبی.

یەعقوبی پێی وتم:

– تێنسی بە دوای ڤێلایەکدا دەگەڕێ تاکو پشووەکەی تێدا بەسەربەرێت. دەتوانی هاوکاریمان بکەی؟ بێگومان تۆ لەم ڕووەوە لە ئێمە شارەزاتری، چونکە تۆ بەردەوام لە تەنجە دەگوزەرێی.

بەدەم ڕۆیشتنەوە بەدوای نووسینگەیەکی بەکرێداندا دەگەڕاین، لە کاتێکدا بەدوای نزیکترین نووسینگەدا دەگەڕام. شانۆگەریی "پشیلەیەک بەسەر ئاگرەوە" کە بەم ناونیشانەوە گۆڕابووە سەر زمانی عەرەبی پێشان دام و وتی:

– ئەمە بە زمانی عەرەبییە.

– ئەی ئەمە نازانی؟

– ئەمەم تەنیا بیستووە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە کتێبێکی خۆم بە لەبەرگیراوە عەرەبییەکەی دەبینم.

ئینجا پێکەنینێکی تری بەرزتری خستە سەر پێکەنینە بەرزەکەی پێشووتری:

– کتێبگەلی زۆر و کتێبخانە و خانەگەلی زۆر.

لە بەردەم هۆڵی چاخواردنەوەی خاتوو بۆرت یەعقوبی پرسیاری لێ کردم:

– ئاخۆ ئەو نووسینگەیەی مەبەستمانە لێرەوە دوورە؟

– نەء. نزیکە. لەسەر ڕێگەی مووسا بن نەسیرە.

تێنسی وتی:

– دەبا تاکسییەک بگرین.

پێم وت:

– ماوەی نێوان ئێرە و نووسینگەکەی مەبەستمانە پێویست بە تاکسی ناکات. سەرلەنوێ پێ کەنییەوە. نازانم چی وای لێ کرد پێ بکەنێ. بیرم کردەوە: یان ئەوەتا ماندووە یان ڕقی لە ڕۆیشتن لەژێر ئەو خۆرە و گڕە هەڵقرچێنەرەکەیدا دەبووەوە.

لە نووسینگەکەدا لەبارەی ئەوەی کە چیمان دەوێ قسەم بۆ ئەو کچە مەغریبییە کرد، کە بەو کارە هەڵدەستا. پێی وتین لەولاتر شوقە زۆرە. بەتەلەفۆن پێوەندیم بە نووسینگەیەکی ترەوە کرد. من بەپێوە وەستابووم. تێنسی و پاکسەی هاوڕێی لەسەر دوو کورسی دانیشتبوون. یەعقوبی بە لێبووردنەوە داوای لێ کردین کە لە هەمان شەقامدا بۆ شوێنێکی تر دەچێ. بە تێنسیم وت پاوڵ بوولز هاوڕێمە و سەرگوزشتەی ژیانم و یاداشتەکانمی لەگەڵ جان جینێ و هەندێ کورتە چیرۆکمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. بەڵێنی ئەوەم پێ دا، کە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەی لە کۆواری ئەنیتوس ANTEAUS بڵاو بووەوە بە شێوەیەکی کاتی بیدەمێ. بەشێوەیەکی پشکنەرانە لێم ڕاما و ئینجا لێی پرسیم:

– جینێ ئێستاکە لە کوێیە؟

– نازانم، کەسیش لەوانەی بایەخی پێ دەدەن نازانن لە کوێیە.

دەشێ لەگەڵ ڕێکخراوێکی سیاسیدا کار بکات وەک ڕێکخراوی "پڵنگە ڕەشەکان".

پێ کەنی و ئینجا وتی:

– سەرەڕای ئاڵۆزیی نووسینەکانی، وەلێ من ڕێزم بۆ نووسینەکانی هەیە. خەیاڵێکی جوان و بەبڕشتی هەیە. نازانم تاکو ئێستاش هەر دەنووسێ یان

وازی هێناوە؟

– باوەڕ ناکەم. چەند ساڵێکە هیچی نەنووسیوە، بێجگە لە هەندێ وتار و لێدوان نەبێ لەبارەی هەندێک بیروڕای سیاسییەوە، کە لەبارەیانەوە پرسیاری لێ کراوە.

– ئەوە دەزانم، من مەبەستم کتێبە.

– پێی وتم، کاتێک لێرە بوو، ئەو خۆی خستە نێو گۆڕستانی ئەدەبەوە.

(پێ کەنی، پاکسەی هاوڕێی بەبێدەنگی مایەوە) لەوەی زیاتر لەبارەی ئەدەبەوە وتبووی ئارەزووی وتنی شتێکی تری نەبوو. ئەو خۆی ئاوهای پێ وتم. ڕای لە بەرانبەر ئەدەبدا ڕا و بۆچوونێکی بێهوودگەرایە. بەتایبەتیش لە بەرانبەر شانۆگەریدا.

وەختێک گەیشتینە نووسینگەی دووەم ڕاسپێراوە ئیسپانییەکەمان بینی لە بەردەم دەرگەکە چاوەڕێی دەکردین. پێی وتین کە ئەو بەهاوکارێکی ئیسپانیدا، کلیلی سێ شوقەی بۆ نووسینگەکەی پێشوو، کە ئێمەی لێ بووین بۆ ناردووین، بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرین کە دەکەونە سەر ڕێگەی کیفیدۆوە Quevedo گرژییەک کەوتە سەر ڕووخساری تێنسی.

پیاوە ئیسپانییەکە داوای لێ کردین تا ئەو کاتەی هاوکارەکەی دەگەڕێتەوە بچینە ژوورەوە. یەعقوبی و پاکسە لە دەرەوەی نووسینگەکە مانەوە. من و تێنسیش چووینە ژوورەوە. کەلوپەلەکانی نێو نووسینگەکە پیس و تۆز و خۆڵاوی بوون. تێنسی بەرانبەر بە دوو ژنی داماوی مەغریبی کە چاوەڕێی شتێکیان دەکرد لەسەر قەنەفەیەک دانیشت. منداڵی یەکێکیان بە واق وڕماوییەوە تەماشای دەکردین. شتێکم نەدۆزییەوە لەسەری دانیشم. هەروا بەبێدەنگی ماینەوە. ڕاسپێراوە ئیسپانییەکە ناوە ناوە دەردەچێتە دەرەوە تاکو ئاگای لە هاتنەوەی هاوکارەکەی بێت. خۆم بەتەماشاکردنی نەخشەیەکی دێرینی تەنجەوە خەریک کرد، کە لەبارەی نەخشەسازیی

شەقام و بەشەکانی شارەکەوە بوو. گوێمان لە هاواری ڕاسپێرەکە بوو لەلای دەرگەکەوە بەهاوکارە بەسالاچووەکەی دەوت:

– ئەنتۆنیۆ پەلە بکە. کیسەڵ لە تۆ خێراترە.

پێی وتین.

– ئەوەتا ئەو پیاوەی لەگەڵتاندا دێت ئەوا گەڕایەوە.

تێنسی لەو پەرتەوازەبوونەی خەیاڵی بەئاگا هاتەوە. لە ڕاسپێراوەکەم پرسی:

– نرخی شوقەیەک بە چەند مەزەندە دەکرێ؟

– سێ شوقە هەیە. نرخی هەر یەکێکیان: دووسەد دۆلارە لە مانگێکدا.

– با بزانین. گرینگ ئەوەیە شوقەیەکی کراوە و دڵگیر بێ.

سەرلەنوێ لە کەشوهەوایەکی کپ و خامۆشدا دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە، وەلێ بەژێر تیشکی هەتاوێکی بێ سێبەردا، هەندێک سێبەر و ساباتی دوور هەبوون. نیشانەی بێزاری بە ڕووخساری تێنسییەوە دەرکەوت. ڕۆیشتن بە شەقامێکی بێ سێبەردا، کە تەنانەت لە نیو سەعات و بگرە زیاتریش ماشێنی پیادا نارِوات. قەڵس و ماندووی دەکردین.

تەلارە بەرز و گەورەکە دوو بەشی لەخۆ دەگرت. هەر بەشە و دەرگەی خۆی هەبوو. لە دەرگەی بەشی یەکەم دەچووینە ژوورەوە. دەرگەوانێکی مەغریبی لە سالۆنەکەدا پێشوازیی لێ کردین.

وتی:

– ئەسانسێرەکە تێک چووە، ئەمرۆ کار ناکات.

وەختێک ئەوەی دەرگەوانەکە وتبووی بۆ تێنسیم گێڕایەوە.

وتی:

– ئۆوا تەنانەت ئەسانسێرەکەش لە کار کەوتووە، با برۆین.

ئەسانسێرەکە خراپ و کۆن بووبوو. بیرم کردەوە:

تێنسی لە ڕۆژانی هەژاریی خۆیدا، بەر لە ئێستا کرێکاری ئەسانسێرەکە بووە، زۆر باش دەیزانی وەختێک پیاوێکی تەمەن شەست ساڵی کە سەد پایە سەردەکەوێ چۆن تووشی هەناسەسواری و تەنگەتاوی دەبێ. هاوکارە ئیسپانییەکە پێی وتین:

– با بچین بۆ بەشەکەی تر. چونکە ئەمە دوو شوقەیە.

ئەمجارەیان لەژێر سێبەرەوە دەرچووین و بەژێر سێبەردا ڕۆیشتین. لەو بەشەدا ئەسانسێر نەبوو. هاوکارەکە پێی وتین ئەو شوقەیەی بەدڵمان دەبێت لە نهۆمی دووەمدایە. لەگەڵیدا سەرکەوتم و یەعقوبیش بەدوامانەوە بوو. تێنسی و پاکسە لە خوارەوە مانەوە. گوێم لێ بوو تێنسی پێ دەکەنی.

لە نهۆمی سەرەوە لەمیانەی ئەو بۆشاییەوە کە هەبوو سەیری خوارەوەم کرد و هاوارم کرد:

– مستەر تێنسی سەرکەوە.

پێ کەنی و ئینجا هاواری کرد:

– خاتر خوا ئەم شوقەیە دەکەوێتە کام نهۆمەوە؟.

بینیم ڕاوەستابوو بەدوو چاوی پێکەنین ئامێز و بە دوودڵییەوە دەیویست سەرکەوێ. پێم وت:

– بەڕێز تێنسی، سەرکەوە. لێرە شوقەیەکی باش دەدۆزینەوە.

پاکسە نە پێ دەکەنی نە ڕووی درژە. بیرم کردەوە: سروشت و خووی ئەو هیچ کاری تێ ناکات. ئەو وەکو پەیکەری فریشتە وایە لە "هاوین و دووکەڵدا" تەرمۆمەتری خووڕەوشتی وەک ئەسانسێری نهۆمەکەی تر پەکی کەوتووە، وەلێ تێنسی وەختێک دڵخۆش و شادمان دەبێت ماندوویەتی و جاڕسیی لە بیر دەچێتەوە.

هەموو شوقەیەک ژوورێکی گەورەی تێدایە، کە دوو قەرەوێڵەی بەرانبەر

بەیەک لەخـۆ دەگرێت. پیاوە پیـرە ئیـسپانیـیـەکە بۆ لای قـەرەوێڵـەی یەکـەم ڕۆیشت. هـەردوو ئەو پەردانەی بەڕاکێشـان لادا، کە بەشێوەی ئەڵقە ئەڵقە بە دارێکەوە گیر کرابوون. پاشان وتی:

– ئەمە ژووری نووستنە، لەولاوەیش ژووری تر هەیە.

پەنجـەرەکـانی هـەرسێ ژوورەکـە دەڕواننە سـەر شـەقامی کیـفیـدۆ. لەبەری ئەوبەری شـوقـەکـە بانیـژەیەکی بچکۆلانـە هەیە، کـە حـەوزێکی بۆ شـووشـتن لەخۆ گرتووە و بەردەمی برێتییە لە زەوییـەکی ڕووتەن. تێنسی تەمـاشـایەکی زەوییە پڕ لە بەرد و خاشاکەکەی کرد و وتی:

– ئۆو. ئەمە ئەو شوقەیە نییە کە من بتوانم کاری تێدا بکەم.

لە شـوقـەکـە دەرچووینە دەرەوە. گـوێم لێ بوو پیـاوە بەسـاڵاچووەکـە بە ئیسپانی پێم دەڵێت:

– ئەگەر نایانەوێ و بەدڵیان نییە؟ شوقەی تر هەیە.

دەنگی کز و ناڕوون بوو، شتێک لە پاڕانەوەی تێدا بەدی دەکرا. پێم وت:

– بمانبـەخشـە بەوەی بێـزارمـان کـردی. ئەم بەڕێزە (ئـامـاژەم بۆ تـێنسی کرد) شوقـەیەکی گەلێک باش و نایابی دەوێ. ئەگەر دەسـتی بکەوێ ئامادەیە بەهەر نرخێک بێ بیدات.

بەدەنگێکی نائومێدییەوە وتی:

– هیچ شوقەیەکی لەمە باشترمان لەلا دەست ناکەوێ.

سـەرلەنوێ کـەمێک ڕۆیشـتین و پاشـان لەژێر هـەتاوەکەدا چاوەڕێی هاتنی تاکسییـەکمـان کرد بۆ ئـەوەی تێنسی و پاکسـەی هـاوڕێی بگەیەنێتـە ئوتێلی مەنزە.

سێ یان چوار تاکسـییـەک تێ پەڕین، وەلێ بەتاڵ نەبوون. تـێنسی هـەرکـە لە دوورەوە تاکسییەکی بدیبایە دەستی بۆ بەرز دەکردەوە و دەیوت:

– ئا ئەوە تاکسییەک هات.

منیش هەموو جارێک پێم دەوت:

– بەڵام نەفەری تێدایە.

پێم وتن:

– باشترین شوێنێک بۆ ڕاگرتنی (تاکسی) پێچی ڕێگەکەیە نزیک پۆستەخانەی گشتی.

بەژێر هەتاو و سێبەردا ڕۆیشتین. لە بەردەم پۆستەخانەی گشتی ڕاوەستاین. ماشێنێکی کرێی گەورەمان ڕاگرت. تێنسی سوار ماشێنەکە بوو، بەدوای ئەویشدا پاکسەی هاوڕێی سەرکەوت. تێنسی بەدەستی ئاماژەی بۆ کردین و زەردەخەنەی دڵنەواییش ڕووخساری داپۆشیبوو.

بەتەنیشتییەوە پاکسە وەک پەیکەری "جاویدان" لە "هاوین و دووکەڵدا" خۆی دەنواند، کە وشەکان لەسەر بنەما و ڕێسای خۆیان ناخوێنێتەوە بەدەست پیاخشاندن نەبێ. یەعقوبی پرسیاری لێ کردم:

– ئێستاکە خەریکی چیت؟

بەدەم تەماشاکردنی ئەو تراویلکەیەی بەسەر مەودای ڕێگە قیرییەکەوە دەبینرا پێم وت:

– من برسی و تینوومە.

بەزەردەخەنەوە وتی:

– داوەتی خواردنی ئەزلافەت* دەکەم.

لە بازاڕی ئوتێلی شەجەرەدا، چووینە چێشتخانەیەک تایبەت بەو جۆرە خواردنە. چێشتخانەکە لە کەسانی کڵۆڵ جمەی دەهات. داوای دوو

* جۆرە خواردنێکی مەغریبییە، شۆربای جۆرە نیسکێکە قاوەیی، کە لە شێوەی کوبەی نەرم و شل دروست دەکرێت، پیاز، کەرەوس، گۆشت، نۆک، تەماتە، مەعدەنووس، بەهارات، زەنجەفیل، زەعفەران و خوێی تێ دەکرێ.

قابلەمەمان بەڕۆنی زەیتون و نانی گەنمەوە کرد.

خزمەتگوزارەکە وتی، من وای بۆ چووم کە ئەو یەعقوبی دەناسێ:

– نانی گەنمی ڕووتمان نییە.

یەعقوبی داوای لێ کردم تاکو بڕۆم نانی گەنم بکڕم.

دوکانی نانەواخانەکان کەوتبوونە بەرانبەر چێشتخانەکەوە، چووم و لە نزیکترین نانەواخانەدا هەندێ نانم کڕی. بەدەم تێڕامان لەو نانانەی بەسەر دەستمەوە بوو گەڕامەوە. یەعقوبیم بینی ئەویش لە دوورەوە تەماشای نانەکانی دەکرد. نانەکانم پێ دا و وتم:

– نانەواکە پێی وتم لە گەنمێکی پوخت و خاوێنە.

نانێکی دووکەرت کرد و بۆنی پێوە کرد و تامی کرد، ئینجا بەزەردەخەنەوە وتی:

– نا، ئەم نانە لە گەنمێکی خاوێن و پوخت نییە. ئەو فرۆشیارە فێڵی لێ کردووی. من ئەو ئاردە دەناسمەوە کە گەنمەکەی بێغەل و غەشە. گوناهە نانەواکان فێڵ و گزی لە نانەکان دەکەن. ئەوەی لە نیعمەتی خوادا فێڵ بکات مایەپووچ و ڕەنج بەبا چووە.

من خەندەم بۆ دەکرد و لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەو دەیوتن هاوڕا بووم، ئەوەی بەلای منەوە گرینگ بوو ئەوە بوو کە نان بخۆم، نەک مشتومڕ و گفتوگۆی ئەوەی لەگەڵدا بکەم، کە نانەکە لە گەنمی خاڵییە یان فێڵ لێ کراوە. نانی ڕووت و بێ فێڵ لەگەڵ نانی فێڵ لێکراو ئەمەش پووچییەکی تر نییە، وەک پووچیی چاوەڕێکردنی تاکسییەک؟ نیوەی نانەکانی پێ دام و دەستمان بە خواردنی کرد. کەمێک بیبەری تفتم کردە ناو خواردنە گەرمەکەوە، هەستم بە سووتانی ناودەم و قوڕگ گیران کرد.

بەتوندی کۆکیم. دۆڵکەیەک ئاو لەسەر مێزەکە هەبوو، ئەو سێ کەسە لێیان دەخواردەوە، کە بەشداریی مێزەکەیان دەکردین. هەستام و داوام لە

خزمـەتكارەكە كـرد دوو پەرداخـی بەتاڵم بـۆ بـهێنێ. بەدەم كـۆكەكـۆكەوە لە ئاوی بۆڕییەكە پڕم كردن. یەعقوبی پێی وتم:

– باشتر وایە لەگەڵ ئەو خواردنەدا ئاو نەخۆیتەوە، بەبێ ئاو كاریگەرترە.

نە تـوانیم گـوێڕایەڵی ئـامـۆژگـارییـەكـەی بم، نەیش توانیم پاسـاوی ئاو خـــواردنـەوەكـــەی بـدەمێ، لەگـــەڵ ئـەو خـــواردنـەدا . ئەویـش دەســـــتـی بەشـیكردنەوەی سوودەكانی ئەو خواردنەی بـۆ لەش بەتایبەتی كـاریگەری بۆ سـەر گەدە و ڕیخـۆڵـە و مـاسـوولكە و دەمـارەكـان بۆ كـردم. بـۆ ئەوەی منیش شـتـێك بڵـێم پرسـیـاری نـهێنیی ئەو دوو دڵۆپـە خـوێنـەم لێ كـرد كـە تێكەڵ بەلێنـانی مـریشک دەكـرێت، كـە ئـەمـەیشـی لە كـتـێـبی دروسـتكردنی هەندێ خواردنی مەغریبیدا باس كردووە.

بە خەندەوە وتی:

– ئا! ئەوە نـهێنییە و دەیپارێزم. زۆرێك لە هاوڕێیانم لە ئەمـەریكا هـەمـان پرسـیاریان ئاراستە كردووم، وەلێ من وەڵامی هیچ كامێكیانم نەدایەوە. من بۆ ئەم نـهێنییـە هـەمـوو كـەسـێك سـەرپـشک دەكـەم بە ئارەزووی خـۆی چۆنی لێک دەداتەوە. ئەگـەر ئـاشكرای بكەم حـیـكمـەتی ئەو دوو دڵۆپە لـە لێنـانی مریشكدا بزر دەبێ.

– ئێ باشـە ئاخـۆ تۆ كەسێك دەناسـی كە خـۆی بریندار كـردبێ و ئەو دوو دڵۆپە خوێنە كـە تۆ سووری لەسـەر ئەوەی كە دەبێت هـی مرۆڤ بێت و تێكەڵ لێنانی مریشكی كردبێت؟

– زۆر كەس لەپێش چاومدا ئەمەیان كردووە و منیش لێم خواردووە.

بیرم كردەوە: هیـوا دەخوازم بەوەی مرۆڤ ڕیخۆڵە و ئەندامـە ڕژێنەرەكانی نەبوایە.

پێكەوە بەرەو نیگارگەكەی ڕۆیشـتین. تابلـۆیەک لەسـەر ڕاگیـرەكەدایە، كە هێشـتاكە تەواوی نەكردووە. لە بەرانبەریدا وەسـتام و لێی ڕامام. بەخـێرایی

لێم نزیک بووەوە و بەمیهرەبانییەوە وتی:

– نا. تکایە تەماشای مەکە. من حەز ناکەم هیچ کەسێک پێش تەواوکردنی تابلۆکانم تەماشایان بکات. تەماشای ئەو تابلۆیانە بکە کە تەواو کراون.

بە زەردەخەنەوە داوای لێبووردنم لێ کرد. بەخێرایی و سەرپێیی تەماشایەکی تابلۆ تەواو بووە هەڵواسراوەکانی قەد دیوارەکەم کرد. ئەمەش لەبەرئەوەی پێم نەڵێ: زۆر لێیان ڕامەمێنە. وازیان لێ بهێنە تا لە یەکێک لە پێشانگەکانم دەیانبینی.

بەپەلە دابەزی و ڕۆریشت، دوو کراسی هێنا و گەڕایەوە.

– ئەمانەم بەدیاری لێ وەربگرە، دوو کراسی هاوینەن.

بیرم کردەوە: دەشێ ئەم دوو کراسەی لەبەر ئەوە بۆ هێنابێتم بەوەی ئەم کراسەی بەرم بەکەڵکی لەبەرکردنی هاوین نایە.

کاسێتێکی عەلی ئەکبەر خانی خستە نێو ڕیکۆردەرەکەوە. لە یەکێک لە خانەکانی دۆلابەکە دەستەیەک نامە و وێنەی دەرهێنا و هەندێ دیمەنی سروشتیی پێ نیشان دام، کە بەر لە چەندساڵێک لە ڕۆماوە بۆ تێنسیی دەناردن. هەندێکیان بە ئامێری چاپ نووسرابوون و هەندێکیان دەس و خەت بوون، یەکێکیانی دەرهێنا و بەزۆر داوای لێ کردم بیخوێنمەوە. پێی وتم سەرەڕای ئەوەی هەڵکردن لەگەڵ تێنسیدا ئاسان نەبووە، وەلێ هاوڕێیەکی گیان بەگیانی ئەو بووە لەو ماوەیەدا. لێم پرسی:

– ئەی لە ئەمڕۆدا وەک پێشوو هاوڕێی گیانی بەگیانی تۆ نییە؟

– نا بەم شێوەیە نییە. هەتاکو ئێستاش هاوڕێیەکی باشی منە، وەک جارانیش تێکەڵ بوون و گوزەران لەگەڵیدا قورس و ئاستەنگ نییە، تەنانەت لەگەڵ هاوڕێ نوێکانیشیدا. هاوڕێیەتیمان ئەمڕۆکە جیاوازە. ئەمە لەسەرم قورسە بۆتی ڕاڤە بکەم (جگەرەیەکی ڤێرجینای داگیرساند). ئێمە تا نهۆش

هاورێین. بەڵام بەشێوەیەکی جودا لە جاران. دەشێ لەبەر ئەوە بێ کە بەڕێککەوت لێرە یان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکتر دەبینین.

نامەیەکی کۆن و نامەیەکی تازەی تیمۆسی لیری پێ نیشان دام، کە لە زیندانەوە بە یارمەتیی پارێزەرەکەی نووسیبووی. هەردووکیانم بۆ خوێندەوە. نامەی دووەمیان گەلێک کاریگەر بوو لەبارەی مەسەلەی زیندانیکردنی و چۆنیەتیی ئازادکردنیەوە نووسرابوو. وێنەی کچێکی خۆی کە لە ژنە ئەمەریکاییەکەی بوو پێ نیشان دام.

پێم وت:

– گەورە بووە.

– ئەی چۆن، بەڵێ، کچان لە کوڕان زووتر گەورە دەبن!

**١٩٧٣-٧-١٨**

لەگەڵ ئەحمەد یەعقوبی لە سەربانی قاوەخانەی پاریس دانیشتبووین. هەتاوەکە تووشی سەرەگێژەی کردبووم. لە بەرانبەر کونسوڵگەری فرەنسا بووین.

پێم وت:

– ئەرێ نەچین تێنسی ببینین؟

بەخەندەوە تەماشای کردم و ئینجا وتی:

– من چاوەڕێی خۆر ئاوابوون دەکەم. هەمیشە لەپشت ئەم تەلاری کونسوڵگەرییە، لەم شوێنە دادەنیشم و تەماشای ئاوابوونی خۆر دەکەم.

بەخەندەوە لێم پرسی:

– باشە لەبەرچی بەتایبەت ئەم شوێنە؟

– ئەمە نهێنییەکە جگە لە خوا کەسی تر نایزانێ.

– ئەدی تۆ نایزانی؟

تەماشای کردم و بەپێکەنینەوە وتی:

– با بۆ لای تێنسی بچین.

تێنسیمان لە دەرەوەی کۆگایەک نزیک بە مەنزە بینی. بەدڵخۆشی و پێکەنینێکی بەرزەوە تەوقەی لەگەڵدا کردین. وەختێک گەیشتینە قاوەخانەی پاریس، یەعقوبی ئاماژەی بۆ پیاوێکی مەغریبی کرد لە قاوەخانەکەدا و وتی:

– ئا ئەوە خۆیەتی.

بۆ تێنسی باسی کرد بەوەی ئەو بەرێزەی لە قاوەخانەکەدا دانیشتووە هاورێیەتی و بەخاوەنی ئەو ڤێلایەی دەناسێنێ، کە کەوتووەتە "جەبەلولکەبیر"ەوە ئەوەشی پێ ڕاگەیاند کە ڤێلاکە پاک و پوختەیە و مەلەوانگە و باخچەشی تێدایە. تێنسی پێکەنینێکی بەرزی بۆ کرد و وتی:

– ڤێلایەک مەلەوانیگەی تایبەت و باخچەشی تێدا بێت. من ئەمەم دەوێت، ئەمەم گەرەکە.

لە قاوەخانەکە چووینە ژوورەوە، یەعقوبی تێنسی بەهاورێ ڕێکپۆش و بەویقارەکەی ناساند.

چەند ساڵێک بوو من ئەو پیاوەم لە دوورەوە دەناسی، بۆ لە یەکتر گەیشتن بە زمانی ئینگلیزی و فرەنسی تووشی هیچ ئاستەنگێک نەبوو. لە سەروبەندی قسەکردنیان لەبارەی ڤێلاکەوە تێنسی ئەوپەڕی دڵفراوانیی نواند، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڤێلایە لە شوێنێکی شاخاوی بەهەموو مەرجە مادییەکان قایل بوو. کەسیان هیچی تریان نەمایەوە بە ئەوی تریانی بڵێ. دوو سێ جارێک بۆ یەکتر خەنینەوە و هیچیان نەوت. یەعقوبی ئەو نامەیەی دەرهێنا، کە بەنیازی ناردنی بوو بۆ (لاماما)* و داوایشی لە تێنسی کرد، کە

* ئافرەتێکی خودان شانۆی بچووک بووە لە نیویۆرک.

سـڵاو و هەواڵپـرسـینێکی لە هاوڕێ تەنجـەییـیـەکـەیەوە بۆ بنـووسێ. ئاوڕم بەلای شـەقامـەکـە دایەوە، جمـەی دەهات لەو گەشـتیـارانەی کە لە هـەمـوو شوێنێکی جیهانەوە بەشێوەیەکی نائاسایی ڕوویان لەم شارە کردبوو.

تێنسی بەدەنگێکی نزم ئەوەی بۆ (لامـامـا) نووسـیبـوو خوێندییەوە. ئینجـا وەک هەموو جارێک پێکەنینە بەرزەکەی بۆ کرد.

لە یەعقوبیم پرسی لەوەی چی بۆ نووسیوە. خەندەیەکی بۆ کرد و وتی:

– بۆچی بەلاتەوە گرینگە بزانی؟

چووختیانە پێم وت:

– سـروشت و خووی خـۆشـحـاڵییـانەی تێنسی لـە مندا هەندێ خـۆشـحـاڵی ڕادەپەڕێنێ. پاشانیش دەشێ من لە یاداشتەکانمدا بینووسمەوە.

سەرلەنوێ خەنییەوە و وتی:

– بـۆی نووسـی "من پیــاوێکی ناشـــیـــرین و پیــرم، تکایە یـەکــێک لـە شانۆنامەکانم لەسەر تەختەی شانۆکەت پێشکێش بکە".

هاوڕێکەی یەعــقــوبی بـەڕێی خـــســتـین و دەرچووین. تێنسـی دەیویست کڵاوێکی لاستیکی بۆ مەلەوانکردن بکڕێ. لە بۆلڤار لە کۆگایەکەوە دەچووینە کـۆگــایەکی ترەوە، بەدوای کــڵاوێکدا دەگــەڕاین لێی بێت و کـــەڵکی لێ وەربگرێ. هەمـوو کـۆگاکـان شـەپقـەی ژنانەیان پێشـان دەدایـن. تێنسـیش بەردەوام بەو کڵاوە لاستیکییە ژنانانەیە پێ دەکەنی. لە یەکێک لە کۆگاکاندا چەندین جـۆر کڵاویان نیـشـان داین. یەکـێکیـان بـە تووکێک داپۆشـرابوو لە خووریی بەرخ دەچوو. تێنسی ئەوەیانی گرتە دەسـتـەوە و بەدەنگی بەرز دایە قـاقـای پێکـەنین. ئەوەندە خـەنییـەوە تا ڕادەی ئەوەی هـەناسـەی سـوار بوو، پاشان پشوویەکی دا، پاش هەموو پشوویەکیش ئەمەی دووپات دەکردەوە:

– جـوانە یەکێک ئەم کڵاوە بکاتە سـەری و بچێت لە قـاوەخـانەی پاریس دابنیشێ.

من و یەعقوبی نەماندەزانی چۆن واز لە پێکەنین بهێنین.

بیرم کردەوە: هیچ نووسەرێکم نەدیوە ئەوەندەی تێنسی دڵخۆش بێت، کەچی هەر ئەویش (هاوین و دووکەڵ) و (پشیلەیەک لەسەربانە تەنەکە داغبووەکەدا)ی نووسیوە.

کڵاوێکی شینی کڕی کە بۆ ژن و پیاویش دەگونجا لە سەری بکەن. ئەو دەیویست ڕەنگی سپی بێت. دانەیەکی لێ بوو، لێ ڕیشوودار بوو، چونکە ئەو دەیویست لووس بێ. پازدە درهەمی دا و بەخاوەن کۆگاکەی وت:

– نرخی ئەم جۆرە کلێتە و کڵاوانە لێرە لای ئێوە گرانبەهان. ئەمانە لە ئەمەریکاش بە سێ دۆلارن.

وەختێک لەوێ دەرچووین تێنسی پرسیاری جێگەی خاتوو بۆرتی لێ کردم. لە سەردانی پێشوویەوە دەمزانی ئەو شوێنەی خۆش دەوێ. وەختێک لەگەڵ جین بوولزدا دەبێت، ئەوێ بەلای ئەوەوە دەبێتە دڵگیرترین جێگە. هاتنی ئەمجارەی وەک ئەوە وا بوو کە ئەمە یەکەم جاری بێ سەردانی تەنجەی کردبێ.

وەختی چوونمان بۆ هۆڵی چاخواردنەوە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی (پشیلەیەک لەسەربانە تەنەکە داغبووەکەدا)م پێ نیشان دا:

(پشیلەیەک بەسەر ئاگرەوە) ئەمە کورتکراوەی ناونیشانە عەرەبییەکەی شانۆگەرییەکەتە، ڕات چییە لەبارەیەوە؟

– گرینگ ئەوەیە لە شانۆگەرییەکەدا کەسێک هەست بکات، کە ئەو پشیلەیەکە لەسەربانێکی لە تەنەکە دروستکراوی داغدا.

– بیرم کردەوە: بێگومان دەبێت ئەو حەز بە شتگەلی گەرم و شتگەلی شیرین بکات. بیرم کردەوە بەوەی پێی بڵێم لە پێناو ئەمەدا دەبێت ئەو ناونیشانگەلی گەرم و شیرین و سانا و ساکار بۆ کتێبەکانی دابنێ:

(هاوین و دووکەڵ)، (باڵندەی لاوانی شیرین)، (لە ناکاو لە هاوینی

ڕابردوودا)، (هەست و سۆزت بزواندم)، (ئاژەڵە شووشەییەکان..)

لێم پرسی:

– بەلای تۆوە گرینگە ئەگەر ببینی یەکێک لە شانۆگەرییەکانت بە زمانی عەرەبی پێشکێش دەکرێ.

– نازانم، هێشتا بیرم لەمە نەکردووەتەوە، نازانم چۆن هەندێ لە شانۆگەرییەکانم بە زمانانی تر پێشکێش دەکرێن.

بێگومان وەختێک لەسەر شانۆ عەرەبییەکان پێشکێش دەکرێن بەجۆرێک پێشکێشی دەکەن، کە خۆیان دەیانەوێ، نەک ئەوەی من دەمەوێ، هەر بۆیە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونم یەک شتە.

چووینە هۆڵەکەی خاتوو بۆرتەوە. تێنسی وتی:

– زۆر ئەڵهای ئەم جێگەیەم دەکرد.

بەرانبەر بەو پەنجەرە کراوەیە دانیشتین کە دەیڕوانییە سەر ڕێگەکەی مووسا بن نەسیر و گۆیا.

تێنسی شنەباکەی ئەو ئێوارەیەی هەڵمژی و بەدەم هەناسەدانەوە ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئۆو! دانیشتن لەم هۆڵەدا گەلێک دڵگیرە.

یەعقوبی وتی:

– ئێرە باشترین جێگەی چاخواردنەوەیە لە هەموو تەنجەدا.

تێنسی بە خەمگینییەوە وتی:

– ئەم شوێنەم گەلێک خۆش دەوێ. هەروەها جین بوولزیش* زۆر حەزی لە هاتن بوو بۆ ئێرە.

چرکەساتێکی خامۆشی دەوروبەر مێزەکەمانی داپۆشی، لەپشت چاویلکە

* هاوسەری پۆڵ بوولز: لە چواری مایی ١٩٧٣دا لە نەخۆشخانەی سان میگێل مردووە.

هەتاوییەکەیەوە چاوەکانیم بینی نیوە کراوە بوون. دەشێ ئەو خەونێکی نوێ ببینێ، یان بیەوێ بیرەوەرییەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ ئێرە و ئێستا. ئەو چێژ لەم ڕەهاکردنی خەیاڵ و بیرکردنەوەیە وەردەگرێ. دەشێ ڕێک بیر لە جین بوولز بکاتەوە. ئەو ڕۆحێکی شادمانی هەبوو. سەرم سووڕما کاتێک ڕۆمانی (دوو ژنی خۆڕاگر)ەکەییم خوێندەوە. ئەم جۆرە دیالۆگانە نووسەرێک ناتوانێ بیاننووسێتەوە، ئەگەر ژنە نووسەرێکی باش نەبێت لە تەمەنی بیست ساڵیدا:

کریستینا خۆی بۆ سەما ئامادە کرد و بە ماریای دەستەخوشکی وت:

– هەنووکە چاوەکانت لەسەرم مەگوازەوە. ئێستاکە سەمای پەرستنی خۆر دەکەم. پاشتر بۆت دەسەلمێنم من خواوەندێکی بێ خۆر ببینم باشترە، لەوەی خۆرێکی بێ خواوەند ببینم.

لێم تێ دەگەی؟

ماری وتی:

– بەڵێ، ئەمە یەکسەر دەیکەی.

– بەڵێ، هەر لێرەش.

کچە کارەکەرێکی مەغریبی هات و هەندێ فووی کردە خامۆشیمانا و خستینییە جووڵە. یەعقوبی داوای چایەکی ڕەشی کرد. منیش داوای قاوە بە شیرێکم کرد و تێنسیش داوای چایەکی ڕەش و بادەیەک ڕۆمیی سپیی کرد. بیرم کردەوە: بەوەی ئەو تاکو ئێستاکەش هەروەکو (برێک)ی نێو شانۆگەریی (پشیلەیەک لەسەر ئاگردا)کانی بیرەوەرییەکانی (گەنجینەی خواردنەوەکان)ی خۆش دەوێ. نازانم ئەو تاکو ئێستاکەش هەر ویسکی دەخواتەوە. بوولز ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە بە هاوڕێیەتیی تێنسی و هەندێ هەڤاڵی تری ساڵی (٦١) سەردانی ئەم هۆڵەیان کردووە. تێنسی بەدمەست بووبوو. خۆی و ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتبوو بە پشتا کەوتن و بەوەش

دەنگێک بەرز بووەوە، کە بووە مایەی ئاگەدارکردنەوەی ئەوانەی لە هۆڵەکەدا بوون.

خاتوو بۆرت بەهانایانەوە چوو، فریایان کەوت و لێیانی پرسی:

– ئەم بەڕێزە کێیە؟ وێنەی ئەمم لە گەلێک ڕۆژنامە و کۆواردا بینیوە، وەلێ ناوەکەیم بیر ناکەوێتەوە. بوولز پێی وت:

– ئەمە ڕێزدار تێنسی ولیامزە.

مەدام بۆرت وتی:

– ئا! کەوا بوو خۆیەتی، ئیدی ئەوەی بەسەریدا ڕوو دەدا بەلامەوە سەیر نییە.

چۆن بەپشتا کەوتبوو هەروا مایەوە، کەس بەهانایەوە نەچوو، تاکو خۆی بە هەرا و هوریا و پێکەنینەوە هەستایەوە و دانیشت. فرانک مۆلرۆی هاوڕێی زۆر لێی تووڕە بووبوو.

تێنسی یەکەم جار تامی ڕۆمەکەی چەشت چای کردە نێو فنجانەکەوە. بیرم کردەوە: ئەو هەتا ئێستاش ڕۆم لە چای بەباشتر دەزانێ و زیاتری حەز لێیە. بەسوعبەتەوە بە یەعقوبیی وت:

– پاش گەڕانەوەت لە ئەمەریکا و هاتنەوەت بۆ تەنجە هیچ کیژی جوانت دۆزییەوە؟

یەعقوبی بەپێکەنینەوە وتی:

– بەچی حاڵەحاڵێ و ماندووبوونێکی زۆر تاکە کچێکم دۆزییەوە. ئەو کچێکی مەغریبییە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەخوێنێ.

تێنسی بەخەندەوە وتی:

– بۆچی تاقە کچێک بەشت ناکا؟

– نەء . (ئینجا ئەمەی خستە سەر) یەکێک بەشم دەکا، بەڵام من دەمەوێ

ئەو یەکە لە نێوان دەیان کیژدا هەڵبژێرم.

بە توانجەوە بە تێنسیم وت:

– ئەوەی یەعقوبی دەیەوێ دەخوازێ تەواو وەک ژنی وا بێ.

هەردووکمان دەنگی پێکەنینمان بەرز بووەوە. تێنسی وتی:

– من مێرمنداڵێکی جوانم بەسە. دۆزینەوەی منداڵێکی جوان گەلێک ئاسانە. من کاتی ئەوەم نییە بەدوای ژنە هەرزەیەکی ئاڵۆشاویدا بگەڕێم.

بەقیژە و هەراوە پێ کەنی. پێم وت:

– کەواتە تۆ حەزت لە ژن نییە؟

بەپێکەنینەوە وتی:

– نەء. ئەوان مایەی ماندوویی و جاڕسین، مایەی ڕابواردن نین.

تێنسی وتی:

– یەعقوبی گوێ بگرە، هەر دەبێ کوڕیژگەیەکی جوانم بۆ بدۆزیتەوە. مێرمنداڵێک بۆ من و هەموو کچ و ژنە جوانەکانیش بۆ تۆ.

ساڵانێک ئوتێلی نیردان پڕ بوو لە ژنی شۆخ و شەنگ.

(بەپێکەنینەوە ئەمەی خستە سەر) هەر دەبێ ئێستاکە شۆخە ژنی تر جێگەی ئەوانی گرتبێتەوە، چون ئەوان ئێستاکە لە شۆخی کەوتوون.

بیرم کردەوە: سێکسبازی هێشتاکە لە چوار و پێنجەوە دەست پێ دەکات، وەک چۆن باوک بە (برێک)ی کوڕی دەڵێ لە پشیلەی سەر ئاگرەکەدا دەیلێت.

یەعقوبی پرسیاری لێ کردم:

– ئەو ئوتێلە لە کوێیە"

– ئوتێلەکە نەماوە. خاوەنەکەی گەلێک دەوڵەمەند بووبوو، هەروەها بەم دواییانەش بەهۆی ئەنجامدانی چەند تاوانێکی سێکسی دەستگیر کرا. من

تەنیا گرینگی بە ئوتێلی لەشفرۆشەکان دەدەم.

تێنسی بەدەم جوولاندن و یاریکردن بە شانی پێی وت:

– هەر دەبێ بەدوای کوڕیژگەیەکی جواندا بۆم بگەڕێی. ئەمەت لە بیر بێ. تەنیا مێرمنداڵێک، بۆ تۆش سەرجێگەیەک دەخوازم کە هەموو کچەکانی شۆخ و شەنگ بن.

یەعقوبی کورتە پێکەنینێکی بۆ کرد و هیچی نەوت. کتێبی "نامونتەمی" وەرگێڕاوە عەرەبییەکەیم پێشان دا.

– هیچ شتێکی کۆڵن ویڵسنت خوێندووەتەوە؟

– بەڵێ، نامونتەمییەکەیم خوێندووەتەوە. کتێبێکی چاکە، هیچ کتێبێکی تری ئەویان گۆڕیوەتە سەر زمانی عەرەبی؟

– ئەوەی من بیزانم، زۆربەی کتێبەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەو لە جیهانی ئەدەبی عەرەبیدا بەسەرسامییەوە تەماشا دەکرێ.

– زۆر جوانە.

یەعقوبی کتێبەکەی گرتە دەستییەوە و لێی پرسیم:

– ئاخۆ ئەو نووسەرە دەزانێ کە کتێبەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی؟

– بێگومان دەزانێ، من شتێکم لەو بارەوە خوێندووەتەوە بەوەی دوو وەرگێڕی عەرەبی بەهاوبەشیی هەندێ لە کتێبەکانی ئەویان وەرگێڕاوە. وەختێکیش لە ئینگلتەرە بینیبوویان ڕایان گەیاند بەوەی کۆڵنی هاوڕێیان دڵخۆشە وەختێک کتێبەکانی بەلەبەرگیراوە عەرەبییەکەی دەبینێ.

ئەو کاتەی تێنسی بەزمانی ئینگلیزی و بەگرینگییەوە بەردەوامی بەقسەکانی دەدا و چاوەکانیشی خەندەیان تێدا زابوو، یەعقوبی وتی:

– بێگومان مافی کتێبە وەرگێڕاوەکانی پارێزراوە و دەسکەوتیان لێوە

وەردەگرێ.

– دەشێ وا بێت. بەڵام من هیچ وردەکارییەک لەبارەی ئەم پرۆسەیەوە نازانم.

بەسووربوونەوەوە وتی:

– مادامەکی خۆی دەزانێ کە کتێبەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، بەدڵنیاییی بەرانبەر بەوە دەسکەوتی مادی وەردەگرێ.

بە تێنسیی وت:

– ئەدی تۆ بۆچی داوا لەو خانەی بڵاوکردنەوەیە ناکەی، کە کتێبەکانتیان بە عەرەبی بڵاو کردووەتەوە و داوا لە بەرپرسەکانیان بکەی لەو ڕووەوە مافەکانت پارێزراو بن؟

تێنسی پێ کەنی و وتی:

– من؟ نا. ئەمە مایەی ماندووبوونە، من کاتم نییە. من تەنیا مێرمنداڵێکی جوان و حوشترێکم دەوێ سواری بم (ئەمەی خستە سەر) هەندێ ماف و دەسکەوتم لە ڕووسیا و لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپای سۆسیالیستیدا هەیە. وەلێ نە دەچم بۆ ئەوێ نە بۆ خانەی بڵاوکردنەوەکانیان دەنووسم.

پێم وت:

– جینێش کاتێک لێرە بوو باسی هەمان ئەو مافانەی بۆ کردم کە ئەو لە وڵاتانی سۆسیالستیدا هەیبوو.

وتی:

– نازانم ئێستا ئەو لە کوێیە! دوایەمین جار کەی بوو لێرە بوو؟

– لە کۆتاییی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩ لێرە بوو.

– لێرە چۆن دەژیا؟

– لێرە بێ تاقەت و خەمبار بوو. هەندێ جار ماندوویەتی وازی لێ دەهێنا

و خـەمـەكانـی لە بیـر دەچووەوە، وەلێ هـەرگـیـز نەیدەتوانی وەک پێشـتـری بفـڕێ. نیمبـۆتاڵ هـەردوو باڵی لە کار خسـتبوو. هـەندێ جار خەونی جوانی دەبینی، لێ نەیدەتوانی بیانگێڕێتەوە، یان قسەیان لەبارەوە بکات.

– منیـش نیـمـبـۆتاڵ بەکـار دەهـێنم، وەلێ ڕۆژی یەک دانـە حـەبێک قـووت دەدەم، ئەویش بۆ ئەوەی بخەوم.

– تۆش بـەهـۆی بـەکــارهێنـانت بـۆ مــادە خــەوهـێنـەرەکــان و زۆر مـــەی خـواردنـەوەت ســاڵانێک نەخـۆش بـووی. بەچاوە گـەورە و کـراوەکـانـیـەوە تەمـاشـای کردم و هیـچی نەوت. من چاوەڕێی ئـەوەم دەکرد بەلانی کـەمـەوە وەک هـەمــوو جـارێک بـەخـەندە و پێکەنینەوە وەڵامم بداتەوە. لێ وام هـەست کـرد یادکردنـەوەی ئەو ڕۆژە ترسناکـانەی کـە نەخـۆش بوو تا ڕادەی ئەوەی خەریک بوو بیکوژێ، هەنووکە دەیترسێنێ.

یەعقوبی پرسـیاری لەبارەی پۆڵ بوولز و هـاوڕێکەی محەمـەد مەرابتەوە لێ کرد* (چارەکە سـەدەیەکە یـەعقوبی هاوڕێی پۆلە. جینیی هاوسـەری فێرە پرەنسـیپـەکانی نیگارکێشانی کرد. لەگەڵیدا بۆ ئەوپەڕی جیهـان گەشـتیـان کرد. ماوەیەک لە (سیلان) – سـریلانکای ئێستا – پێکەوە ژیان. پۆل لەوێدا دوورگــەیەکی کــڕی کــە تا ئـەمـڕۆکـەش هـی خـۆیـەتی، لێ پـاش گـۆڕانی فـەرمـانڕەوایی لەوێدا ناتوانێ بـیـفـرۆشی و پارە و سـامـانەکـەی لـەوێوە بۆ جـێگەیـەکی تر بـگوازێتــەوە. پاش ئەوەی دەگـەڕێتــەوە تەنجـە لەبەر بـوونی محەمەد مەرابت لەوێدا یەعقوبی ئیتر سەردانی نەدەکرد.

ئەو کەسێک بوو لەگەڵی نەدەگونجا، ئەمەش هـەمـوو جارێک لە مـاڵی پۆڵ بە (بەردەوامی ڕووی دەدا) تێنسی لەبارەی هـاوڕێیەتیی دێرینەیی خۆیەوە لەگەڵ پۆڵدا قسـەوباسـی کرد، پاشـتر لەبارەی مـەرابت پەیڤـاوە، کە لە کالیـفـۆرنیـا

* پۆڵ بوولـز بە فـرانسـیـس بایکنی نـاسـاند، کـە بۆ مـاوەیەک لە تەنجـەدا ژیانی بەسـەر بردبوو، یەعقوبییش بۆ ماوەیەک لای ئەو وەک چێشت لێنەرێک کاری کردبوو.

ناسیبووی وەختێک بە هاوەڵیی پۆل سەردانی ئەمەریکای کردبوو.

بە تێنسیم وت:

– سبەینێ ژمارەیەکی کۆواری ئەنتیۆست ANTEAUS دەدەمێ کە بەشێک لە سەرگوزشتەی ژیانمی تێدایە و پۆڵ وەری گێڕاوە.

– ئاخۆ دانیال هالبرن هیچ پاداشتێکت دەداتێ بەرانبەر بەوانەی لە کۆوارەکەی ئەودا بڵاویان دەکەیتەوە؟

– نەخێر، تاکو ئێستا هیچ پاداشتێکم لە بەرانبەر ئەو شتانەی لە کۆوارەکەیدا بڵاویان دەکەمەوە لێ وەرنەگرتووە، جگە لەو سێسەد دۆلارەی بەرانبەر بەکتێبی جان جینێ لە تەنجەدا وەرم گرت.

– بۆ منیش هیچ پاداشتێک نادا. یەکێک لەو چیرۆکانەی کە لە کۆوارەکەی ئەودا بڵاوم کردەوە بەنرخێکی باش بە کۆوارێکی ترم فرۆشت.

پێکەنینێکی بەرزی بۆ کرد. پێکەنینەکەی نیشانەی تەندروست باشی و دڵخۆشیی ئەوی نیشان دەدا. ئەو دەزانێ چۆن خۆی دڵخۆش دەکات. چاوەڕێی کەس ناکات. دڵی خۆش بکات. ئەو هەرچەندە لە تەمەنی شەست ساڵاندایە، بەڵام وا دەردەکەوێ لە خوار پەنجاوە بێ.

یەعقوبی پێی وت:

– محەمەد مەرابت کەسێکی بەدبەخت و سەرلێشێواو دیارە، بۆیە پێویستە وریای بیت.

تێنسی پێی وت:

– کێ؟ مەرابت؟ ئۆ، نا! ئەو لاوێکی میهرەبان و ئازایە. من زۆرم خۆش دەوێ.

پاشان تێنسی لێی پرسیم:

– تۆ خوێندکاری؟

– من چۆن قوتابی بم و تەمەنیشم سی و هەشت سالان بێت. من لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کار دەکەم.

لێم ورد بووەوە و وتی:

– پێتەوە دیار نییە تەمەنت سی و هەشت سالان بێت.

– دەشێ لەبەر ئەوە بێ زانیومە چۆن بژیم.

جارێکی تر لێم ڕاما و هیچی نەوت. تەماشای سەعاتەکەی خۆی کرد. بۆ هەشت چارەکی دەویست. وتی:

– وا بزانم من بەجێتان دەهێلم.

بانگی لە کیژە خزمەتکارە چاو ئاسیاییە جوانەکە کرد و داوای لێ کرد بڕی خەرجکراوەکەی پێ بلێ. هەندێ پارەی لۆچ و نوشتاوەی جۆری درهەمی دەرهێنا و پەنجا درهەمێکی خستە سەر مێزەکە.

یەعقوبی پێی وت:

– ئەم پارە کاغەزییە نزیکەی دە دۆلار دەکات.

تێنسی بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەی دەتوانی کوڕیژگەیەکی جوان بهێنی؟

لە ڕێگەی چوونمان بۆ ئوتێلی مەنزە چەند ژمارەیەکی لە هیرالد تریبوون Tribum Newyork Herald کڕی. لەبارەی دوایەمین ژمارەیەوە کە گەیشتبوو وتی:

– لێرەدا مەحاڵە بتوانی لە کاتی دەرچوونی کۆوار و ڕۆژنامەکان بیانکڕی. ئەم ژمارەیە چەند ڕۆژێکە دەرچووە.

ئینجا پرسیاری لە یەعقوبی کرد:

– ئەدی بازاڕی ناوەخۆیی، لە ئەمڕۆدا چۆنە؟ هەروەکو پێشوو وایە؟

یەعقوبی وتی:

- له جاران پڕ مەترسیترە. پڕە لە دز و بەرەڵڵا و لەشفرۆش و فێڵباز.

تێنسی وتی:

- ئای خوایە! جیهان خراپتر دەبێ.

یەعقوبی ئەمەی خستە سەر:

- هەر کاتێک ویستت سەردانی ئەوێ بکەین، لەوێدا دەتبەم چای مەغریبی بە نەعناوە دەخۆینەوە.

بیرم کردەوە: یەعقوبی لەمەدا زیادەڕۆیی دەکا. ئەو لەمیانەی ئەو ژیانەی لە ئەمەریکا بردیە سەر هەمان ئەو ترسەی لەلادا دروست بووە، کە هەندێ بیانی لەسەردانیان بۆ مەغریب هەیانە، ئەمەش بەهۆی ئەو ترسەی کە هەندێ نەفام لە چوارچێوەی ئەزموونە خراپەکەی ژیانی خۆیاندا تێیدا ژیاون و بڵاوی دەکەنەوە.

- باوەڕ ناکەم بازاڕی ناوەخۆیی بەو ئەندازەیە خەتەرناک بێت، کە تۆ وێنای دەکەی.

بەجاڕسییەوە تەماشای کردم و وتی:

- ئەرێ تۆ گەمژەی یان؟ ناکرێت تێنسی بە تەنیا بچێت بۆ ئەوێ. چونکە بێزاری دەکەن. یان دەبێ لەگەڵیدا برۆین، یان بەلای کەمەوە دەبێت یەکێکمان لەگەڵیدا بین تاکو لەو خەڵکە بازاڕییەی دوور بخەینەوە، کە وەکو چەسپ بە خەڵکانی بیانییەوە دەلکێن.

- ئا. هەنووکە تێ گەیشتم مەبەستت چییە. ئەوە شتێکی ترە. تۆ مافی خۆتە، تەنانەت ئەگەریش بە تەنیا بۆ ئەوێ بچیت کەس جاڕسی ناکات. چونکە ئەو لاوانەی کە بەر لە بیست ساڵ دەیانناسی و هاتوچۆی ئەوێیان دەکرد لە ئێستا و ئەمرۆدا بۆ ئەوێ ناچن. ئەوان زۆربەیان بۆ دەرەوە چوون، یان وازیان لە خراپەکاری و داوێنپیسی هێناوە. ئەمڕۆ ئەوان خۆیان بە پیاو دەزانن.

بەسەرسەختییەوە وتی:

– لەگەڵ ئەمەشدا بازاڕی ناوەخۆیی جێی مەترسییە بۆ ئەو، ئەگەر بە تەنیا بچێت.

– ڕاست دەکەی. تێنسی لەو گەنجە خەتەرناکانە دەترسێ.

بوولز لەو بارەیەوە قسەی بۆ کردم بەوەی تێنسی لەو گەنجانە زۆر بێزار دەبێ کە دەوروگـڕی دەدەن. من وەهام بیستووە وەختێک ئەو سەردانی تەنجەی کردووە بۆچوونێکی خراپی لەمەڕ گەنجەکانی ئەوێ وەرگرتووە. لاوێک کە قەدوباڵایەکی وەرزشوانی هەبوو لەوێدا هەمیشە بەدوایەوە بوو.

ئەو کاتانەش تێنسیش بە بوولزی دەوت:

– بنوارە، ئەو گەنجە وەڕسکەرە دیسانەوە لەوێیە. بەڕاستی خەتەرناکە، تۆ تەماشای بکە چۆن سەیرم دەکات...!

نەمدەویست دژایەتیی یەعقوبی بکەم. دەمزانی ئەو شتەکان قەبە و گەورەتر دەکات. ئەو هەستی ژیانکردنی لە تەنجەدا لەدەست داوە. حەشیشەکێشەکان هەمیشە هەست بە چەوسانەوە دەکەن و ئەحمەد یەعقوبییش کەسێکی بەنگکێشە.

لە بەردەم مەنزەدا تێنسی لێمان جیا بووەوە و بەجێی هێشتین.

یەعقوبی پێی وتم:

– ئەو پیاوێکی میهرەبان و ڕاستگۆیە. ڕقی لە درۆ و ماستاوچێتییە.

هەمیشە هاوڕێ دێرینەکانی خۆی دەکەونەوە بیری و ئەگەر تووشی کارەساتێکیش بێ یارمەتیان دەدا. وەلێ کەسێکیش فریوی بدا بەیەکجاری پێوەندیی خۆی لەگەڵدا دەپچڕێ.

من چارەکە سەدەیەکە دەیناسم.

– ڕاست دەکەی. من هەموو ئەوانە دەزانم کە تۆ لەو بارەیەوە دەیانڵێی.

– لەمیانەی ئەوەی لەبارەیەوە خوێندوتەتەوە؟

– بەڵێ، من هەندێک کتێبەکانی خۆی و ئەو کتێبانەی لەبارەی ئەوەوە نووسراون خوێندومنەتەوە.

– من هیچ شتێکی ئەوم نەخوێندووەتەوە، بەڵام لەوانەی شتەکانی ئەویان خوێندووەتەوە باشتر دەیناسم.

**١٩٧٣-٧-١٩**

من ئەوم لەگەڵ پاکسەی هاوڕێیدا بینی لە قەراغ شۆستەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتبوون. نزیکەی سەعات یازدە و نیوی سەرلەبەیانی بوو، چاومان بەیەکتر کەوت. تەوقەمان کرد و من بەڕاوەستاوی مامەوە. تێنسی داوای لێ کردم دانیشم. دەستپێشخەریی کرد بەوەی شتێک بخۆمەوە. داوای قاوەیەکی بەشیرەوەی کرد. من تاکە فلسێکم پێ نەبوو قاوەڵتیی پێ بکەم. بیرم کردەوە: بەلایەنی کەمەوە ناچار نابم بەسکی ناشتاوە جگەرە بکێشم. ئەو هیراڵد تریبۆنی دەخوێندەوە، دایە دەست هاوڕێکەی و بەمنی وت:

– هەلاو شوکری! شتی نوێ چی هەیە؟

خەندەیەکم بۆ کرد. شانۆنامەی: "نیشتنەوەی ئۆرفیوس"ی ئەو و"پاش ڕووخان"ی ئارسەر میللەرم پێ بوو کە هەردووکیان بۆ عەرەبی وەرگێڕدرابوون. شانۆنامەکەی خۆیم بۆ درێژ کرد و پێم وت:

– ئەمە شانۆنامەکەی خۆتە: "نیشتنەوەی ئۆرفیوس"

بەپێکەنینەوە کتێبەکەی وەرگرت و بەسوعبەتەوە وتی:

– ئۆ! لێرە لەم کتێبە وێنەیەکی جوانی منیان دانەناوە، وەک چۆن لە کتێبی: "پشیلەیەک لەسەر چینکۆیەکی داغبوودا" وێنەیەکی جوانی منیان دانابوو؟ (ئەمەی خستە سەر) ئەم وەرگێڕە هەمان ئەو وەرگێڕەیە، کە

شانۆنامەی: "پشیلەیەک لەسەر ئاگردا"ی گۆڕییە سەر زمانی عەرەبی؟

– بەڵێ. ناوی محەمەد سەمیر عەبدولەجیدە.

کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا. پاکسە هەڵی گرت و لێی پرسیم:

– چەند شانۆنامەی ئەویان گۆڕیوەتە سەر زمانی عەرەبی؟

– وابزانم چوار یان پێنج، دەشێ زیاتریش.

پێڕستی شانۆنامەکانی تێنسیم پێ نیشان دا، کە لەلایەن ئەو خانەی وەرگێڕانەوە کرابوونە عەرەبی. لە تێنسیم پرسی:

– هیچ شتێکی ئەو نووسەرە عەرەبانەت خوێندووەتەوە، کە کتێبەکانیان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئینگلیزی؟

– نەء. (هاتەوە بیری و وتی:) ئا، شتی محەمەد مەرابیتم خوێندووەتەوە، کە پاوڵ حیکایەتەکانی بۆ وەردەگێڕێ.

شانۆنامەی پاش ڕووخانم نیشان دا. ناونیشانەکەی بە ئینگلیزی خوێندەوە و سووک تەماشاکردنەوە دووری خستەوە:

– ئۆوف! نووسەرێکی خراپە.

نیشانەی قێزەونی و بە ڕووخسارییەوە دەرکەوت، بیرم کردەوە:

ئاخۆ ئەو ڕقی لە هەموو نووسینەکانی میللەر دەبێتەوە یان تەنیا ڕقی لەم شانۆنامەیە دەبێتەوە، کە لەبارەی مارلین مۆنرۆی هاوسەرێتی؟ دەشێ لەبەر ئەوە بێت کە مارلین هاوڕێی تێنسییە. لە پڕێکدا بێدەنگ بوو. ڕووخساری هێور بووەوە و گەشایەوە. بەڕاستییەتی یان سوعبەت دەکا؟ بە سەرسامییەوە تەماشای دەکەم. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد شتێکی تر لەبارەی میللەرەوە بڵێ. وەک ئەوەی ناونیشانێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ یەکێک لە شانۆنامەکانی دابنێ، یاخۆ بە دێڕێکی ناسک کۆتایی پێ بهێنێ. وتی:

– نا، نا. ئەوەی لەبارەی میللەرەوە پێم وتی ڕاست نییە. من تەنیا

سوعبەت دەکەم.

دەخەنێتەوە و لەسەرخۆ دەدوێ. بیرم کردەوە: وا دیارە ئەوان پێکەوە هەڵناکەن و ناسازێن. ئیدی منیش هێور و ئارام بوومەوە، دوای حەپەسانەکەم بە ڕووی یەکتردا خەنینەوە.

ئەمەی خستە سەر:

– ئارسەر میللەر نووسەرێکی باشە (ئەمجارەیان کە بینیم، لە دوو توێی کراسەکەیەوە، خاچێکی ئاڵتوونیی جوان، کە بەهەندێ وردە بەردی ڕەش نەخشێنرابوو لە ملیدا بینیم) دەشێ ئەوەی من دەینووسم ئەو حەزیان لێ نەکات (پێ کەنی) لەو بڕوایەدام وابێ. وەلێ خۆشەویستی و ڕقلێبوونەی لەمەڕ ئەوانەی دەیاننووسم شتێک ناگەیەنن و مانایەکیان نییە.

تەنانەت ئەو ڕەخنە خراپانەی هەندێ ڕەخنەگر دەیاننووسن شتێکی ئەوتۆ نین. ئەوان پێستمان دادەماڵێن و ئێمە دەزانین چۆن نوێیان بکەینەوە. حەزم دەکرد بەو شێوازە پەیڤینە بەردەوام بوایە. بەدڵنەوایی دەدوا، وەک کەسێک گرینگ نەبێ بەلایەوە چی لەبارەیەوە دەوترێ.

یەعقوبی لە بەردەممان ڕاوەستا. دانیشت و من بەجێم هێشتن پێکەوە بدوێن، گوێم لێ بوو یەعقوبی پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد سەردانی خاتوو لویز دو مورۆن Louise de meuron بکەن لە ماڵەکەی خۆیدا یەعقوبی پێی وت، کە ئەو خاتوونە بەڕێزە باخچەیەکی زۆر جوانی هەیە و لە باخچە هەرە جوانەکانی شاری تەنجەیە، لەوانەی دەوڵەمەندەکانی ئەو شارە هەیانە. یەعقوبی داوای لێ کردم تاکو بەدوای ژمارەی تەلەفۆنەکەیان لەو بەڵگەی ژمارەناسییەی لە قاوەخانەکەدا هەبوو تا لەو ڕێگەیەوە سەردانی خۆیانی پێ ڕابگەیەنێ.

پاش گەڕانەوەم تێنسی و پاکسە لەوێ نەمابوون. ژمارەی تەلەفۆنەکەم بە یەعقوبی دا. وتی:

– تێنسی قایل بووە بەوەی سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ سەردانی خاتوو لویز دو مورۆن بکات. یەکتر دەبینین و پێکەوە دەچین.

سەرلەئێوارە چاوم بە یەعقوبی و ژنە هاوڕێ مەغریبییە ئەسمەرەکەی کەوت، کە لەسەر شۆستەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتبوون. هاتەوە بیرم بەوەی ئەو لە ئەمەریکا خوێندوویەتی و ئێستاکە نازانێ بەزاراوەی میللیی مەغریبی بئاخڤێ. یەعقوبی لەبارەی ئەو پرسیاری لێ کردم، پێم وت ئەو کەسێکی خۆ بەگەورە زانە. حەز ناکات لەگەڵ مەغریبییەکاندا نە بە زمانی خۆی نە بە زمانێکی تر بدوێ. چوار یان پێنج ساڵ نابێتە مایەی ئەوەی زمانەکەی خۆی لە بیر بچێتەوە. لەبارەی ئەوەوە ئەویش پێی وتم:

– بەخوا تەنانەت منیش نازانم. لەگەڵ منیشدا بە زمانی ئینگلیزی دەدوێ. ئەو ژنە و خووی ژنانیش قورس و ئاڵۆزە. ئەوان وەک شەیتان بیر دەکەنەوە. ئەو لەبارەی منەوە زۆرتر دەزانێ لەوەی من لەبارەی ئەوەوە بزانم. ئەوان بۆ چاودێریکردنی ئێمەی پیاوان کاتیان گەلێک زۆرە. من هەمیشە داوای ئەوەی لێ دەکەم ئەوەی ئەو دەیڵێ بۆم ڕاڤە بکات و بە سانایی تێم گەیەنێ، کەچی ئەو هیچ جارێک داوام لێ ناکات ئەوەی من دەیڵێم بۆی ڕوون بکەمەوە.

– کەواتە یان ئەوەتا بەتەواوی تێت دەگات، یان بەهیچ شێوەیەک لێت ناگات.

– بەخودا نازانم. من بڕوام بە ژنان نییە. هەمیشە پتر لە شەیتانێک لە گیانی ژندا نیشتەجێیە.

"هاوین و دووکەڵ" و ژمارە حەوتی کۆواری ئەنتیوسم Anteaus پێ بوو، ئەو ژمارەیەی بەشی یەکەمی سەرگوزشتەی ژیانمی تێدا بڵاو کرابووەوە. لە سەعات شەش چارەک کەم گەیشتە ئەوێ. جلەکانی بەری سادە و خاوێن بوون. دانیشت و هەواڵی هاتنی تێنسیی پێ ڕاگەیاندین. پاش چەند ساتێک

تێنسی گەیشت. ڕەنگی پانتۆڵ و چاکەتەکەی قاوەییەکی تۆخ بوو. کوتاڵەکەی لووس و لەبەر هەتاودا دەبریسکایەوە. لەگەڵ هەموو جووڵەیەکیدا زیاتر دەبریسکایەوە و خۆیشی ڕووگەش و دڵخۆش دەردەکەوت. بیرم کردەوە: ئەو دۆخە دەروونییە دڵخۆشەی لەگەڵ ڕەنگ بزن مژۆکیە چاکەت و پانتۆڵەکەیدا ناگونجێ. داوای شووشەیەک ئاوی "ویلمیس"ی کرد. پاکسە وەک خووی هەمیشەیی خۆی خەیاڵ بردبوویەوە. خۆر لە ئاوابووندایە. بیرم کردەوە: ئاخۆ یەعقوبی وەک هەمیشە خووی پێوە گرتووە ئەمجارەش لەپشت تەلاری کونسولگەری فرەنساوە چاوەڕێی ئاوابوونی خۆر دەکات؟ لە یەکەم لاپەڕەی کۆوارەکەدا دیاریی خۆم بۆ تێنسی نووسی و پێم بەخشی. چەند دێرێکی لە سەرەتای بیرەوەرییەکانمی خوێندەوە و دایە قاقای پێ کەنین. دێرە سەرەتاییەکانی سەرگوزشتە بە هاوار و خەم بارین بۆ مەرگی خاڵم دەستی پێ دەکرد. سوپاسی کردم و وتی:

– بیرەوەرییەکانت بە گریان دەست پێکردووە. هەر بۆیە دەبێ بەبێدەنگی کۆتاییی پێ بهێنی.

پاشان یەعقوبی لەبارەی ئەو ژنەوە پرسیاری لێ کرد، کە دەیەوێ بچێت بۆ لای. یەعقوبی پێی وت:

– ئەو بێوەژنێکی میهرەبانە. دەمێک ساڵە لە تەنجە دەژی.

تێنسی بەسوعبەتەوە لێی پرسی:

– داخۆ ئەو ژنە دەوڵەمەند و خاوەن سامانێکی زۆرە؟

– نازانم، بەلام هەژاریش نییە. لەمە دڵنیام.

تێنسی بەخۆشحاڵییەوە وتی:

– من پارە و سامانێکی زۆرم نییە، دەخوازم دەوڵەمەند بم.

بە تێنسیم وت:

– ئەگەر دەوڵەمەندیش نەبێ، لێ ناو و ناوبانگی هەیە.

وەک بیستوومە نازناوێکی شازادانەی هەیە.

وتی:

– بۆ ئەم سەردەمە تەنیا نازناو بەس نییە، پێویستە ساماندار و نازناوت هەبێ، یان دەوڵەمەند و ساماندار بیت بەبێ نازناو.

هەردووکمان خەنینەوە، لێ پاکسە و یەعقوبی هاوڕێی پێ نەکەنین. بیرم کردەوە: ئەو ژنە و هاوڕێکەی تێنسی لە هەمان قوڕن. ژنەکە ئیلهامی دەستدرێژیکردن دەبەخشێ. وەلێ ئەو ئاتاجی یەکێکی وەک ئەو ڕەشپێستەیە، کە لەناو چیرۆکەکەی تێنسی پیاوە سپییەکەی خوارد: چیرۆکی (ئارەزوو و شێلەرە ڕەشپێستەکە) DESIRE AND THE BLACK MASSEUR.

لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە: من شتێک شک نابەم جگە لەو ژیانەی ژیاوم و لەو ژیانەی هێشتاکە نەژیاوم. کاتێک یەعقوبی هەستا و داوای لێ کردین تاکو بۆ لای خاتوو لویز بچین خۆر لەپشت تەلاری کونسوڵگەری فرەنساوە ئاوا بووبوو. یەعقوبی دە درهەمییەکی کاغەزی پێ دام تاکو بەرانبەر نرخی داواکارییەکانمان بە بۆیەکەی بدەم.

سواری دوو ئۆتۆمۆبێلی بچووک بووین. من و تێنسی و پاکسەی هاوڕێی سواری ماشێنێک بووین و یەعقوبییش لەگەڵ ژنە هاوڕێکەیدا سواری ئۆتۆمۆبێلێکی تر بوون.

لە ڕێگەدا تێنسی بەژێر لێوەوە گۆرانیی دەچڕی. بیرم کردەوە: ئەو دەزانێ لە هەموو چرکە ساتێکدا چۆن دڵ خۆی خۆش کات. پاوڵ بوولز لە ساڵی ١٩٤٠ وەختێک تێنسی سەردانی کرد لە ئاکا – پۆلکۆ ACA - PULCO نیشتەجێ بوو. تا ئەو کاتە ئەو نووسەرێکی سەرکەوتوو نەبوو، پێیەکی لەناو شانۆ و پێیەکەی تری لەناو کافتریای یەکێک لە نەخۆشخانەکان بوو، کە وەک کرێکارێک کاری دەکرد یان لە یەکێک لە کێڵگە بچووکەکان لە کەنار

لاجـۆتا بەرانبـەر بە کێـڵگەکـانی بەخـێـوکـردنی پەلەوەر دەژیا و ژیانیـشی بەدزیکردنی هێلکە و میوە و سەلکە پیواز بەسـەردەبرد، لە مـانگی ئۆگسـتدا بەر لە خـۆر ئاوابوون تێنسی گـەیشـتـە مـاڵی پاوڵ. لەگەڵ هاوسـەرەکـەیدا داوەتی ئاهـەنگێک بـوون، کـە لە کـەنار دەریـادا بەڕێوە دەچوو. لـە سـەرەتادا جین لەو سـەردانەی کـە بەو سـاتـە گـڕە و گـەرمـایە کـردبووی بێـزار بوو. هێشتـاکە شتێکیـان لەبارەی بەهرە ئەدەبییـەکانی ئەوەوە نەدەزانـی. دواجار جین بەزەییی پیـادا هـاتەوە و هێشـتی لەژێر ئەو خـۆرە هەڵقرچێنەرە ڕزگـاری ببێ و بچێتە ژوورەوە. خزمـەتکارەکەیان ڕاسپـارد، کە هـەموو جـۆرە خواردن و خواردنەوەیەک پێشکێش بە سنیۆر بکات.

ئێـوارە وەختێک گەڕانەوە بینییـان لەسـەر چەرپایەیەکی گـەورە و فـراوان، کە خـوارەوەی پەردەی بۆ کـرابوو ڕاکـشـابوو، لەژێرەوەیدا شـووشـەیەک روم هەبـوو، لێی دەخـــواردەوە و بەدەوروپشـــتـیـدا چەند بەبـەغـایەک هـەبوون و بەدەنگە تایبەتییەکەی خۆیان وەڵامی هـاوار و قیژە هـەوەسئامێزەکەی ئەویان دەدایەوە.

ئێـمـە دوای ئۆتۆمـۆبێلەکـەی یەعقوبی کـەوتبـووین. پێشـتـر پۆل لە مـاڵی خۆیاندا بە خـاتوو لویز دۆمۆرۆنی ناساندبووم. ئەو هەموو ئەو کەسانەی ئەو دەیناسـین وەکـو کوڕی خـۆی تەمـاشـای دەکردن. تەنانەت پۆلیش، کە چەند سـاڵێکیش لەو گـەورەتر بوو، ڕێک وەکـو کـوڕێکی خـۆی کـە پێـویسـتی بە ئامۆژگاریی دایکێتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

چووینە کـۆڵانێکی تەنگەبەری پێچـاوپێچەوە، لەو گـەڕەکـەدا منداڵگەلێکی مەغریبی بەدەم هاوار و قیژەی خۆشـی و ئاماژەی دەستیانەوە سـڵاویان لێ دەکردین. تێنسی وتی:

– خوایە! ئەم گەڕەکە منداڵی چەند زۆرە!

پێم وت:

– ئەمانە لە پشووی هاوینی قوتابخانەدان.

– من ئەمە تێ دەگەم، ئەمانە هەموویان قوتابین؟

– زۆربەیان.

تێنسی دڵخۆشە بەو ڕووخۆشی و گەشانەوەی کە لە سیمای ئەو منداڵە هەژارانە دەیانبینێ. پاکسە خامۆش و بێ جووڵە وەستابوو وەک (پەیکەری جاویدان) تێنسیش بەژێرلێوەوە گۆرانیی دەچڕی. بەگاڵتەوە پێم وت:

– ئاخۆ خاتوو ئەڵما واینمیلەر بەباشی سترانەکەی لاگۆلۆندرینای LA GOLONDRINA دەچڕی؟

– ئۆو! بەڵێ، زۆر باشی دەچڕێ.

– ئەی ونیاڵ، ئەویش گیتاری باش دەژەند، وەختێک گۆرانیی سەوزە گیای ئێوارەی دەوت؟

– ئەویش زۆر بەجوانی گۆرانیی دەچڕی. ئەوەی خەونی خەمئامێزی هەبێ بە جوانی گۆرانی دەبێژێ. نیاڵ و خاتوو واینمیلەر هەردووکیان خەونیان دەبینی.

ویستم پرسیاری ئەوەی لێ بکەم بەوەی ئاخۆ ئەڵما واینمیلەر کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بووە و ئەو لە ژیاندا ناسیویەتی. بەڵام بۆم دەرکەوت ئەم پرسیارە گرینگ نییە. چون نووسەرە گەورەکان ئەو شوێن و کەسایەتییانەی ئەوان وەسفیان دەکەن زۆر جوان و شۆخترن لەوانەی لە واقیعدا هەن.

پێم وت:

– من "هاوین و دووکەڵ"م لەگەڵ خۆمدا هێناوە.

سەری ڕاوەشاند و بەخەیاڵگەردانییەوە خەنییەوە.

ئەمەم خستە سەر:

– له كۆتایی شانۆنامەكەدا دیالۆگۆكی كورت بەزمانی ئیسپانی له نێوان ئەڵما و ئەو گەنجە دەستگیرەدا هەیە. تۆ ئیسپانی دەزانی؟

بەكاوەخۆوە وتی:

– ئەوە تەنیا چەند وشەیەكە و هیچی تر. زمانی ئیسپانییش بەباشی نازانم.

ویستم پێی بڵێم:

– خاتوو ئەڵما نەوەی هیستر برینە له (پیتە قرمزییەكان)ی ناتانیاڵ هۆسرن.

بە ڕێگەیەكی گەلێك لێژدا چووینە خوارێ. لەوێدا ڤێلایەكی گەلێك دڵگیر بەرانبەر بە جەبەلولكەبیر (نزیک مەرقالە) قوت بووبووەوە.

لەو نزیكانە خانوویەكی گەورە و فراوانمان بینی، كە چەند قڵیش و درزێكی تێ كەوتبوو، مرومۆچ و چۆڵ دەهاتە بەرچاو.

بیرم كردەوە: ڕۆحی كریستیان تۆنی هەتاكو ئێستاش لەوێدایە*.

تێنسی وتی:

– وابزانم من بەر له چەند ساڵێك بۆ ئێرە هاتووم، چەند شوێنێكی جوان و دڵگیرە!

له ئۆتۆمۆبێلەكە دابەزیمان. یەعقوبی و ژنە هاوەڵەكەی له چوونە ژوورەوەیان بۆ ڤێلاكە پێشمان كەوتن. تێنسی و پاكسە دابەزین و بەرەو ڤێلاكە كەوتنە ڕێ و منیان لەلای شۆفێرەكە بەجێ هێشت. هێشتاكە لەو دە درهەمییە كاغەزییەكە چوار درهەمم پێ مابوو. وەختێك تێنسی بینیمی

---

* تابلۆكێشێكی سوریالی هۆڵەندییە، له پاریس له ساڵی ١٩٣١ لەم خانووەدا ژیاوە، له بریی كرێ خانوو هەر ماوەی جارێك چەند تابلۆیەكی داوەتە ژنە خاوەن خانووەكە، ژنەكەش بەنابەدڵی لێی وەرگرتووە و بەبێ نرخی له تابلۆكانی ڕوانیوە. وەك پاوڵ بوولز دەڵێت: له كۆتایی ژیانیدا ئەم تابلۆیانەی فرۆشتووە.

دەست بۆ گیرفانم دەبەم بەپەلە هات و وتی:

– ئۆوە! نابێت ئەمە نابێت. دەبێ چەندی بدەمێ؟

– بەئارەزووی خۆت بیدەرێ.

دە درهەمییەکی کاغەزی پێ دا. شۆفێرەکە ویستی ئەو دواییەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە. تێنسی پێی وت:

– ئەو دواییەکەی بۆ خۆت.

شۆفێرە ئیسپانییەکە بەخەندەوە سوپاسی کردم. من دەمزانی شۆفێرەکان ڕقیان لەو جۆرە کەسانەی خەڵکی شارەکە دەبێتەوە، کە دەیانەوێ نرخی کرێی ئۆتۆمۆبێلەکان دیاری بکەن، بەتایبەتیش بۆ ئەو بیانییانەی کە دەوڵەمەندییان پێوە دیارە.

تێنسی لەسەر پایەیەکی پەیژەی ڕاڕەوەکەدا وەستا و تەماشای چیاکەی کرد. ئەوە دیمەنێک بوو سەوزاییی چیاکە و بەرەبەیانی بەیەکتر دەگەیاند: چەند گەواڵە هەورێکی ڕەنگ پەمەیی لەگەڵ ڕەنگی گوڵی دارچوالەکان تێکەڵ بووبوون. دیمەنێکی دوورگەی "بالیم" بیر کەوتەوە، کە لە کتێبی: "جیهانی مرۆڤایەتیدا" بینیومە. لە نێوان هەر هەنگاو و هەنگاوێکی تریدا تەماشایەکی ئەو چیایەی دەکرد، کە دەیڕوانییە ئەو شوێنەی ئێمە، یان تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد. بە قووڵی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

– ئەم خاتوونە لە باخچەکەیدا گوڵی بۆنخۆشی گەلێک هەیە. ئەم دیمەنەم چەند خۆش دەوێ!

بیرم کردەوە: ئەو هەموو جیهانی بینیوە. بێگومان هەزاران دیمەنی لەمە جوانتری دیوە. ئەو هەموو ئەوانەی بینیوە.

وەلێ من ئاواتمە و بەسە بۆم ڕۆژێک سەردانی "بالی" یان "جاوە" بکەم.

خاتوو لویز و کچەکەی بە ڕووخۆشییەکی بێ پایانەوە پێشوازییان لێ کردین. یەعقوبی و ژنە هاوەڵەکەی لەگەڵیاندا وەستابوون.

خاتوو لویز پرسی بە تێنسی کرد بەوەی لە باخچەکە دابنیشن، یان لە هۆڵە هاوینییە بچووکەکەدا. وتی:

– من دانیشتنم لە هۆڵەکە پێ باشترە.

بەر لەوەی بۆ ئەوێ بڕۆین تکای لێ کردین هەر کەسە و جۆری ئەو خواردنەوەیە دیاری بکات، کە دەیەوێ بیخواتەوە. ناوی گەلێک جۆر لەو خواردنەوانەی پێ وتین کە لەلای هەبوون. تێنسی داوای ڤۆدگای کرد، منیش هەمان شتم داوا کرد، پاکسە داوای مارتینیی کرد و یەعقوبی و ژنە هاوڕێکەی داوای چای ڕەشیان بە لیمۆوە کرد.

لەسەر قەرەوێڵەگەلێکی نزم وەلێ پانوپۆڕ دانیشتین. تێنسی بەخاتوو لویزی وت:

– وابزانم پێشتر لێرەدا سەردانم کردووی.

بەڕووگەشییەوە وتی:

– بێگومان، من ئەوەم بەباشی لە بیرە، بەڵام ئەمە لە دەمێک ساڵەوەیە.

لەبارەی ئەو ژنە ڕووسییەوە کە لەگەڵیدا دەژیا پرسیاری لێ کرد. وتی:

– ئا! سۆنیا کامالاکار Sonia kamalakar ئەو گەمژەیە.

ئەو ئێستاکە لە فیردەوسدایە. ساڵانێکە مردووە.

ڕووخساری تێنسی گرژ و مۆن بوو. بە ورتەورتەوە وتی:

– م م م..! ئەی مێردەکەی؟

– بێگومان تۆ دەیناسی. ئەو کەسێکی سۆفییە. ژیانی خۆی بەگەڕان بە گوندەکانی ئیسپانیادا بەسەربرد.

هەستم کرد ئەو بۆنی بەدی و ناخۆشییەک دەکات، کە لە وشەکانی خاتوو لویز پەخش دەبێتەوە. پاش کەمێک کاریگەریی ڤۆدکاکەی بەسەرەوە نەما و هاتەوە هۆش خۆی و بەدەم پێکەنینەوە دەستی بەگێڕانەوەی شێتێتیی سۆفیا و ڕەفتارە ناچێژەکانی کرد. کە هاوڕێیەکی جین بوولز بوو.

– ئەو جوانترین گوڵەکانی منی تێک دەدا. بڕوا بکە بە ئەنقەست بەسەر گوڵەکاندا دەڕۆیشت و دەیشێلان. لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەویست دەری بکەم و قاوی بدەم. چون ئەو تەنیا و نەدار بوو. ئای سۆنیای بەسزمان!

هەندێ جار تێنسی بۆ ئەوەی خەنینەوەکانی بشارێتەوە دەستی دەخستە سەر دەمی، یان بۆ نیشاندانی سەرسامیی ئەو ژیانەی لەگەڵ سۆنیا بردیە سەر، چاوەکانی بەسەر پەرژینەکاندا گڕ دەدا. منیش لە یەکێک لە هاوڕێ مەغریبییەکانمەوە بیستبووم، کە خاتوو لویز و سۆنیای دەناسی. بەوەی ئەو بەڕووتی لە باخچەکەدا پیاسەی دەکرد، سترانی دەچڕی و سەمای دەکرد بەبێ ئەوەی گوێ بەهیچ کەسێک بدا لەوانەی دەیبینن.

تێنسی و خاتوو لویز لەبارەی (بەربارە هاتن) و نەخۆشییە درێژخایەنەکەی و ژمارەی مێردەکانییەوە کەوتنە گفتوگۆ. گوێم لێ بوو تێنسی لەبارەی ئەوەوە بە خاتوو لویزی وت:

– تەندروستیی ئەو هەمیشە خراپ بوو.

خاتوو لویز چەند جارێک ناوی شرینقەی نیمبوتاڵی هێنا و ئینجاکە وتی:

– سەرەڕای ئەوەی کە من چەندین ساڵە ئەم دەرزییە بەکار دەهێنم بەبێ ئەوەی هەست بە مەترسییەک بکەم هەڕەشە لە تەندروستیم بکات. لێ من تەنیا ئەوەندەی لێ بەکار دەهێنم تاکو بنووم، نەک تا ڕادەی ئەوەی بێ هۆشم بکات.

کچەکەی و دوو خاتوونی مەغریبیی شۆخ و شەنگ و کارامە و چاپووک لە کارەکانیاندا خزمەتیان دەکردین. کچەکەی بانگەوازی لە هەرسێ منداڵەکەی کرد. ئەوان ئەو کاتە لە باخچەکەدا یارییان دەکرد. هاتنە ژوورەوە و بەشێوازێکی ئەوپەڕ وریایی و زیرەکی و گوێڕایەڵییەوە سڵاویان لێ کردین. جۆری سڵاوکردنەکەیان ئەدەبی ساڵۆنەکانی ڕۆئاوای لە سەدەکانی ڕابردوودا بیر خستمەوە. لە ناکاو خاتوو لویز بانگەوازی کرد:

– ئەمادۆ! ئەمادۆ! ڤیان ئیسی ئەمادۆ!

دوو لاوی ڕەشپێست هاتنە ژوورەوە، ڕێکپۆش و قۆز بوون. دەستی خاتوو لویز و کچەکەیان ماچ کرد و ئینجا تەوقەیان لەگەڵدا کردن و بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە ئەوێیان بەجێ هێشت.

هەردووکیان مەغریبی بوون. زانیم ئەمادۆ (ناوی یەکێکیانە) و هەر ئەحمەدە.

تێنسی لە خاتوو لویزی پرسی:

– تۆ فرەنسیت؟

– نەخێر، من سویسرییەکی – ئەڵمانیم.

پاشان گوێم لێ بوو بەوپەڕی ئەڤین و خەمبارییەوە لەبارەی پۆڵ بوولز و مردنی هاوسەرەکەی جینێیەوە قسەوباسیان دەگۆڕییەوە. تێنسی بەدەنگێکی پڕ لە کاریگەرییەوە وتی:

– ئەو خاتوونە نووسەرێکی مەزن بوو.

تێنسی لەبارەی ئەوەوە لە نیویۆرک تایمز ئەو کاتەی وتارێکی لەبارەی شانۆنووس (ولیام ئینج)ەوە نووسیبوو وتبووی "ئەوە بە تەنیا من نیم، کە وا دەیبینێ جین بوولز گەورە پەخشاننووسی سەدەی بیستەمە" داوام لە کچی خانەخوێکەمان کرد ڤۆدگای زیاتر و بەفر و ئاوی تۆنیکم بۆ بهێنێ. ئەو کاتەی هێدی هێدی دەمخواردەوە هەستم بەخاوبوونەوەیەکی گشتگیر کرد.

گوێم لێ بوو یەعقوبی چیرۆکی ئەو لاوە مەغریبییەی دەگێڕایەوە، کە لۆتییەکی ئەوروپیی هێنابووە ماڵ خۆیان. کاتێک گەنجە ئەوروپییەکە قایل نەبووبوو لەگەڵیدا ڕابوێرێ بە چەقۆیەک چووکی بڕیبوو.

سیمای تێنسی گرژ و مۆن بووەوە و ئینجا بە نیگەرانییەوە پرسی:

– کامیان هینەکەی ئەوی تریان بڕی؟

– لاوه مەغریبییەکە هی ئەوی بڕی.

تێنسی بەهەمان نیگەرانی و وەڕسییەوە پرسی:

– ئاخۆ هەمووی بڕی؟

یەعقوبی بەپێکەنینەوە وتی:

– لە بەختی ئەودا تەنیا برینداری کردبوو.

ئارامی گەڕایەوە ڕووخساری تێنسی و ئینجا بەپێکەنینەوە وتی:

– وام زانی هەمووی بڕیوە. ئای خوایە! هەندێ لاو مەترسیدارن. تێنسی تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

– وابزانم ئێستا دەبێ بڕۆین. من و پاکسە لای پۆڵ داوەتین.

کچەکەی خاتوو لویز دەستپێشخەریی ئەوەی کرد، کە بە ئۆتۆمۆبێلە گەورەکەی ئەو بڕۆین.

لە ڕێگەدا کچەکەی خاتوو لویز چیرۆکگەلی تری لەبارەی هاوڕێ ڕەفتار ناجۆرەکانی دایکییەوە بۆ دەگێڕاینەوە.

ماشێنەکە نزیک بە تەلارێک ڕاوەستا. لەگەڵ تێنسی و هاوڕێکەیدا دابەزیم. من داوەتی پۆڵ نەبووم. بیرم کردەوە:

چی ڕێگرە لە بەردەم ئەوەی لەگەڵیاندا بڕۆم؟ ئەم دڵخۆشییەم پێویستە بەردەوام بێ. لەوێدا مەیی و شەرابێکی زۆر هەیە. (جۆن بۆکانان)م لە هاوین و دووکەڵدا بیر کەوتەوە. بێگومان هەر دەبێ پۆل مەی و خواردنەوەیەکی زۆری بۆ ئەم شەو کڕیبێ.

پۆل دەرگەکەی بۆ کردینەوە، چووینە ژووری دانیشتنەوە. تێنسی هەواڵی مەرابتی پرسی. پێی وت خەریکی ئامادەکردنی نانی شێوانە.

تێنسی چاکەتەکەی داکەند و پۆل خستییە سەر دۆلابێکی لە دار دروستکراوی مەغریبیی کۆنەوە. مەرابت دەرکەوت، تێنسی هاواری لێ بەرز بووەوە:

– هەللۆ مەرابت!

بە گەرموگوڕییەوە باوەشیان بەیەکتردا کرد.

تێنسی لەسەر قەنەفەیەکی مەغریبی دانیشت. مەرابت تەوقەی لەگەڵدا کردم و گەڕایەوە موبەقەکە. لەسەر ڕایەخێک بەرانبەر تێنسی دانیشتم. پۆل دەستی بەداگرتن و پەستانی جگەرەکەی بە تووتنی سەوز کرد و تێنسیش لەبارەی ئاستەنگییەکانی دۆزینەوەی ڤێلایەکی جوان و فراوانەوە لەگەڵیدا دەئاخافت. گوێم لێ بوو تێنسی لەبارەی خانەی بارۆن دوڤاڤیەر BARON DE FAVIERIE پرسیاری لێ کرد، ئەو خانەیەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ تێیدا ژیابوو.

زەنگی دەرگەکە لێی دا. پۆل وتی:

– لەو بڕوایەدام خاتوو کارۆڵ ئەردمان بێ CAROL ARDMAN مەرابت دەرگەکەی کردەوە. بە هاوڕێیەتیی جافن لامبرت GAVIN LMBERT هاتە ژوورەوە، بڕێک شووشەی بیرە و ئاوی کانزاییان پێ بوو. ئەوانەیان لەسەر سنگی قاپ و قاچاغ شۆرینەکە دانا. تەماشای شووشەی ئاوە کانزاییەکانم کرد و بیرم لە بۆقە ئادەمییەکان کردەوە. جافن لامبیرت لە بەرانبەر تێنسیدا دانیشت. شێوەی لامبیرتم وەک باڵندەیەکی کڕکەوتوو لە هێلانەکەیدا هاتە بەرچاو: قاچێکی خستبووە سەر قاچەکەی تری و دەستی ڕاستیشی لەسەر ئەژنۆی دانابوو.

پرچ شانەکردنەکەشی هەر لە پۆپنەی باڵندەیەک دەچوو. مەرابت و کارۆل خەریکی ئامادەکردنی سفرەکە بوون. دەموچاوی کارۆل پەمەیی دەچووەوە. چاوەکانی مەرابت وەک ئەو کاتانەی کیف دەکێشێ خەواڵوو خۆیان دەنواند. تێنسی بە ڕوویەکی گەشەوە لێی ڕادەمێنێ. کارۆل پێکی بۆ کردین. پۆل چایە خەلیسە بەلیمۆکەی دەخواتەوە. خەیامم بیر کەوتەوە.

تێنسی و جافن لەبارەی هەندێ کەسەوە دەدوێن. ناوە ناوە پۆل لە

قسەکردن بەشداریی دەکردن. مەرابت بە دوو تاوە مریشکی کولاو بە سەوزەوە هاتە ژوورەوە. تێنسی بۆن هەردوو تاوەکەی هەڵمژی و وتی:

– خواردنی مەغریبی بەتامە.

بیرم کەوتەوە بەوەی عەرەبی عەیاشی (خاوەنی کتێبی ژیانێکی پڕ لە کون و کەلەبەر یان ژیانی سەرشۆڕی، کە بەناوی ئدریس شەرادییەوە بڵاوی کردووەتەوە) لە ساڵی ١٩٦٢دا وەختێک تێنسی لە خانەی بارۆن دوو ڤاڤییەدا دەژیا، ئەو وەک چێشتلێنەر لەلای تێنسی کاری کردووە.

لەو کاتەی مەرابت نان و دوو تاوەکەی بۆ ئامادە کردم پێی گوتم:

– زۆرباشە ئەگەر هاتم بەو کارە هەڵدەستم. من هەمیشە دڵخۆش دەبم ئەگەر لەگەڵ مەغریبییەکدا داوەتی سەر خوانێک بکرێم هەموو داوەتکراوەکانیان لە بیانییەکان بن هەردوو تاوە مریشکەکە گەلێک بەتام بوون. دەمزانی مەرابت شانازی بەوانەوە دەکات، کە خۆی دروستیان دەکات. زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم ئەو هیچ جیاوازییەک ناکات لە نێوان ئەو دوو تاوەیەی بەباشی کولاوە لەگەڵ چیرۆکی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆڵینگ ستۆن ROLING STONE ڕاوکردنی ماسییەکی گەورە لە ڕۆخە کەژ و کێو دارەکەی هێرقل یان مسیسیپی، چەپکێک کیف کە بەباشی پاکی کردووەتەوە و بڕیویەتی، کڕینی بولبولێک کە بەجوانی دەخوێنێ، ئەو خێراییەی کە ماشێنەکەی پێ دەئاژووێ و ئەو پێکدادانە خوێناوییەی کە بەسەر نەیارەکەی سەردەکەوێ. ئەو گەلێک جار لە گێڕانەوەی حیکایەتێکدا لەبارەی پاوڵەوە بەکارهێنانی تواناکانی دەستی لە ئیلهامەکانی خەیاڵەکەی خۆی پێ باشترە.

مەرابت ویستی خواردنی زیاتر بۆ پاوڵ ئامادە بکات. پاوڵ بەئیسپانی پێی وت:

– سوپاس، تۆ دەزانی من کەسێکی زۆرخۆر نیم.

مەرابت بەئیسپانی پێی وت:

– تۆ لە یەکێک لەو چۆلەکانەی هەمە کەمتر دەخۆی.

مەرابت شانازی بەوەوە دەکات کە زۆر دەخوات، ئەو لە ژیاندا مامەڵە لەگەڵ نەوازشدا ناکات. ئەو زیادەڕۆیی و شتەکان گەورە و قەبە دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر زیان گەیاندنیش بێت بە تەندروستیی خۆی.

بە عەرەبی بە کارۆلم وت:

– نە ئەمشەو نە هەتاهەتایە هۆشداری نییە.

پرسیم:

– چی دەڵێ؟

– خواردنەوە و مەیی مەغریبی نایابە.

– ئەمە ڕاستە.

ئینجا بۆ خۆمم تێ کرد.

دوای شێوان تێنسی چووە گەرماوەکەوە، وەختێک کە دەرچوو بە هەڵبڕینی دەستەکانی دۆخی سەماکەرێکی فلامنکۆی وەرگرت و پاشان بە ئیسپانی دەستی بە ستران چڕین کرد.

بیرم لە جۆن بۆکانان و ڕوزا گۆنزالیس کردەوە لە هاوین و دووکەڵدا. نەغمەکانی ئۆکردیۆنەکەم بە خەیاڵدا هات، تێنسی چەند جارێک جوان و سووکەڵە بەلاساییکردنەوەی سەمای فلامنکۆ بەدەور خۆیدا سووڕایەوە. دوگمەی یەخەی کراسەکەی ترازاند و دانیشت. پێم وت:

– کەسایەتیی تۆ لەگەڵ نووسینەکانت زۆر جیاوازن.

– چۆن لەمە تێ دەگەی؟

– ئیشەکانی تۆ، بەتایبەت شانۆنامەکانت، گەلێک خەمئامێزن و کەچی خۆت بە بەردەوامی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی دەگوزەرێنی. ئەمەمان چۆن بۆ

ڕاڤە دەکەی؟

– ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاست نییە. کارەکانی من خەمئامێز نین. خەمی کاراکتەرەکانی شانۆنامەکانم بەشێکە لە ژیانیان. گەلێک جار خەم خۆشییە، خۆشیش خەمە، نە هەموو خەمێک خەمە و، نە هەموو خۆشییەکیش خۆشییە.

ورتەورتێکم بۆ کرد:

– م م م... من وای دەبینم.

بیرم کردەوە: ئەی باشە لە کوێوە ئیلهامی خەمەکانی ئەڵما واینمیلەری وەرگرتووە؟ ئەمەم بۆی زیاد کرد:

– هەروەها لەوەش تێ ناگەم کە تۆ دوای چاکبوونەوەت لەو نەخۆشییە مەترسیدارەی هەتبوو هۆکاری چی بوو، کە لە کەسێکی پرۆستتانتییەوە بووی بەکەسێکی کاسۆلیکی.

– من بڕوایەکی تەواوم بەخوا هەیە، ئەمەش هەموو شتێکە.

– ئاخۆ تۆ بەڕاگەیاندت بۆ بڕواداریت بە خوا بۆ ئەوە نییە، کە ئەو ئیماندارانەی بەکارەکانی تۆ سەرسامن ڕازییان بکەی؟

پێ کەنی و وتی:

– هیچ پێوەندییەک نییە لە نێوان بڕواداریم و ئەوانەی دەیاننووسم.

لە خاچە بریقەدارە شۆڕەوەبووەکەی سەرسینەی کە بە وردە بەردی ڕەش نەخشێنرابوو ورد بوومەوە و وتم:

– یەکەم جار کە ئەم خاچەم لە ملتدا بینی سەرسام بووم.

بە پەنجەکانی خاچەکەی گرت و بە خەمبارییەوە وتی:

– دایکم نەخۆشە ئومێدەوارم لەم چرکەیەدا پەروەردگار شیفای بدا.

بۆ پشتەوەی خۆی خاو کردەوە و وتی:

– وابزانم تۆ شاعیری، شیعر دەنووسی؟

– له ڕابردوودا هەندێ هەوڵم دا، لێ هیچیانم بڵاو نەکردەوە.

– تۆ خەیاڵی شاعیرانەت هەیە.

– دەشێ وابێت.

– تۆ ڕووخساری شاعیرانەت هەیە، وەک سیمایەکی ئیسپانی.

پێ کەنیم و پێم وت:

– تۆش دەموچاوێکی ئەڵمانیت هەیە.

– پێ دەچێ. وابزانم یەکێک له باپیرەکانم ئەڵمانییە.

ئینجا له مەرابت ڕاما و پێی وت:

– هەللۆ مەرابت! تا ئێستاش هەر بەهێزی؟

ئەو کراسە ڕەشەی مەرابت لەبەریدا بوو دوگمەکانی سەر سینەی کرابوونەوە. هەستا، کراسەکەی داکەند و بەشێوە و شێوازێکی وەرزشکارانە قۆڵ و بازووی خۆی نیشان دا. تێنسی چەپڵەی لێ دا و دەنگی هەڵبڕی و وتی:

– براڤۆ! تاکو ئێستاش هێز و گوڕی خۆت پاراستووە.

کراسەکەی لەبەر کرد و دانیشت.

دوای چرکەیەک بەمنی وت:

– من له فلۆریدا میوانداریت دەکەم. له کێ ویست KEY WEST شوێنێکی بەرزم هەیە وەرە لەوێدا ماوەیەک بمێنەوە بۆ ئەوەی بنووسی.

سوپاسم کرد و پێم وت بیری لێ دەکەمەوە.

بەمەستییەوە دوا پێکی هەڵدا و وتی:

– وا بزانم دەڕۆم بۆ ئەوەی بنوم.

مەرابت ئامادەیی خۆی نیشان دا تاکو بە ماشێنەکەی ئەو بڕۆین.

لە ڕێگەی چوونمان بۆ شار تێنسی بە ئینگلیزی لە مەرابتی پرسی:

– تاکو ئێستاش لە نووسین* بەردەوامی؟

مەرابت بە فرەنسی پێی وت:

– بەڵێ، وەلێ تاکو ئێستاش نەدارم. کتێبەکانم سامانێکی ئەوتۆم بۆ بەدەست ناهێنن، تاکو پێی بژیم.

تێنسی پێی وت:

– بەڵام خاوەنی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆتی.

– ئۆتۆمۆبێلی خۆم نییە، پۆل بۆمی دابین دەکات.

تێنسی بەپێکەنینەوە وتی:

– پۆل دوو ئۆتۆمۆبێلی هەیە. مۆستانج MOSTANG و کارمان جیا KARMAN GHIA

– من خاوەنی هیچ ماشێنێک نیم، منیش کەسێکی دەسکورت و نەدارم.

بیرم کەوتەوە بەوەی پۆل سەرەڕای دەوڵەمەندییەکەی بەردەوام سکاڵای لە هەژاری و نەداریی خۆی دەکرد. بەردەوام بەهاوڕێکانی خۆی دەوت کە ئەو لە سی هەزار یان سی و پێنج هەزار دۆلار زیاتری نییە.

لە بەردەم ئوتێلی مەنزە دابەزین. تێنسی دڵخۆش دیار بوو. من و مەرابت بەگەرمی یەکترمان لە ئامێز گرت. پاکسە وەک هەمیشە بەساردییەوە تەوقەی لەگەڵدا کردین. لەگەڵ مەرابت سوار ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەو بووین و پرسیاری ئەو شوێنەی لێ کردم کە دەمەوێ بۆی بڕۆم. داوام لێ کرد لە بەردەم سەماخانەی ئەلمیرادۆر EL MIRADOR دامبگرێ.

لە کاتی دابەزیندا پێی وتم:

---

* مەرابت نەخوێندەوار بوو، چیرۆک و حیکایەتەکانی خۆی بەزاراوەی میللی تۆمار دەکرد و پۆڵز بۆی وەردەگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

– تۆ هەموو شەوێ بە مەی خۆت دەکوژی.

بەپێکەنینەوە پێم وت:

– هەوڵ دەدەم واز لە مەی خواردنەوە بهێنم، وەلێ تۆش هەوڵ بدە دەسبەرداری کیفکێشان و خواردنی دۆشاوی حەشیشە بی.

بەچاوە خومارەکانی لێم ڕاما و وتی:

– خواردنەوەی مەی لە کیف و ئەو جۆرە دۆشاوە زیانی زیاترە.

ئارەزووی گفتوگۆکردنم لەگەڵیدا نەبوو لەبارەی ئەوەی کامیان زیانیان زیاترە، تینووتر دەبووم. خواحافیزیم لێ کرد و بەرەو بارێ چووم: "کونی دیوارەکە".

THE HOLE IN WALL

**١٩٧٣-٧-٢٠**

لە شەقامی "محەمەد ئەلخامس" لەگەڵ پاکسەی هاوڕێی چاوم پێ کەوت. وەڕس دیار بوو. بە ماندووبوون و بێتاقەتییەوە زەردەخەنەی بۆ کردم.

**١٩٧٣-٧-٢١**

٤٥ : ١١ی سەرلەبەیانی، لە قاوەخانەی پاریس.

تەندروستیی باشتر بووە. دەبێت سەردانی پزیشکێکی مەغریبی بکات و بیبینێ. پێی وتم کە ئەو پێویستی بەکڕینی هەندێ ڤیتامینات هەیە، ئەوەیشی پێ وتم بەوەی ئەو سەرسامە بە هەرسێ بەشەکەی سەرگوزشتەی ژیانم. FOR BREAD ALONE

سەرلەئێوارە لە قاوەخانەی پاریس چاوم بە ئەدوار ڕۆدیتی کەوت RODTTI.E ئەو کاتەی بینیمی من خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بووم لەگەڵ تێنسی. پێم ڕاگەیاند کە بەنیازم لە کتێبەکەیدا بڵاویان بکەمەوە.

لەبارەی ئەوەی کە ئەو ڕاستەوخۆ دەیناسێ لێم پرسی. وتی:

– لەو کاتەوەی شاعیرێکی نەناسراو بوو دەیناسم.

پێکەوە شیعرەکانمان لە خانەی پەخش و بڵاوکردنەوەی NEW DIREC-TIONS ANUAL بڵاو دەکردەوە.

وەلێ هەرگیز هاوڕێی یەکتر نەبووینە.

۱۹۷۳-۷-۲۳

سەرلەبەیانی ۱۵: ۱۱، لە قاوەخانەی پاریس.

بیرەوەرییەکانی خۆم لەبارەی ئەوەوە دەنووسم. لە دەرەوەی قاوەخانەکەدا بینیم بەدوای کورسییەکدا دەگەڕێ لەسەری دابنیشێ. دەرچووم و لێی نزیک بوومەوە. تەوقەمان کرد. ڕۆیشتین لە کۆشکەکاندا بەدوای ڕۆژنامە ئینگلیزی و ئەمەریکاییەکاندا گەڕاین. هێشتاکە ئەو ڕۆژنامانە نەگەیشتبوون. بە وەڕسییەوە لەبارەی پاکسەی هاوڕێیەوە قسەی بۆ کردم.

– ئەو کەسێکی کاڵفامە. بێجگە لە خۆی بیر لە کەسێکی تر ناکاتەوە. نێرگسی و خۆویستە. گرینگی و بایەخ بە کڕینی جلوبەرگی گرانبەها دەدات و هەروەکو کچێکی گۆینەدەر پۆشاکی ئاڵا و واڵا سەرنجی ڕادەکێشی.

– بێگومان هاوڕێکەت کەسێکی کڵۆڵ و داماوە. لەوە دەچێ هەر پێ نەکەنێ.

– ڕاست دەکەی، هەر بۆیە دەمەوێ بیگێڕمەوە بۆ لای دایکی. لەبەر ئەمەش پێویستە بەدوای هاوڕێیەکی تردا بگەڕێم کە بتوانێ بەتەواوی بەرپرسیاریەتیی کارەکان بەباشی بخاتە ئەستۆی خۆیەوە.

چووینە کتێبخانەی "کۆڵۆن"ەوە. خاتوو ئیڤۆنم بینی لە کتێبخانەکەیدا سەرقاڵ بوو. ڕۆژنامەی لۆمۆندی لە خانەی ڕۆژنامەکان دەرهێنا و پێم گوت:

– تەماشا کە! بێجگە لەمە ڕۆژنامەیلی تری فرەنسی هەن.

– ڕۆژنامەی لۆمۆند بە لایەک و هەموو ڕۆژنامە فرەنسییەکانی تر لەلایەک، پارەی ڕۆژنامەکەی دا بەو کچە ئیسپانییەی لە کتێبخانەکەدا کاری دەکرد. ئاوڕم بەلای ڕەفەی کتێبە فرەنسییەکاندا دایەوە. هەموو کارەکانی ڕامبۆی لە بەرگێکدا بینی. وێنەیەکی جوانی مێرمنداڵێتیی ئەو بە بەرگەکەیەوە بوو. دەستێکی بە کتێبەکەدا خشاند و بەبێ ئەوەی هەڵی بگرێ وتی:

– ئەمە شاعیرێکی گەورەیە. زۆرم خۆش دەوێ.

لە دەرەوەی کتێبخانەکە پێم وت:

– منیش ڕامبۆم خۆش دەوێ. ئەو لەو شاعیرە مەزنانەیە، کە نهێنیی ئەوەی ئاشکرا کرد بەوەی مرۆ خۆی ئیلهامگەیێنی خۆیەتی لە شیعردا نەک خواوەندی برناس.

– لەمەدا هاوڕاتم. (ئەمەی خستە سەر)

کتێبێکی جوانم لەبارەی ئەوەوە خوێندووەتەوە کە خاتوونە نووسەری ئینگلیزی (زۆری هەوڵ دا ناوەکەی بیر بکەوێتەوە) ئاینید ستارکی نووسیویەتی.

لێم پرسی:

– ئاخۆ پاکسەی هاوڕێت بۆ نووسینەوەی دەسنووسەکان لەسەر ئامێری چاپ یارمەتیت دەدا؟

– هەندێ جار. ئەو زۆرتر حەز دەکات خەونئامێزانە ڕامێنێ لەوەی زیاتر کار بکات. پێویستە بەدوای هاوڕێیەکی تردا بگەڕێم، تاکو گەشتەکەم بۆ ئەورووپا تەواو بکەم.

ئەگەر هاوڕێیەکی تر نەدۆزمەوە ئەوا حەز دەکەم بە تەنیا بم لەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی وەک ئەودا بم. من دەتوانم بە تەنیا بژیم. بێگومان ئەو لە تەنجەدا کلۆڵ و بەدبەختە. بۆ لای دایکی دەیگەڕێنمەوە، تاکو لە من باشتر بایەخی پێ بدا.

گەیشتینە قاوەخانەی پاریس. لە هۆڵەکە دانیشتین، کەشوهەوای قاوەخانەکە گەرم بوو، پێم وت:

– بێگومان هاوڕێکەت هێشتاکە لاوە و ئەو ئەزموونە زۆرەی نییە لێت بگات.

– ڕاست دەکەی. ئەو تەمەنی بیست و پێنج ساڵێکە.

ئەو داوای فرنی– برانکای بە سەهۆڵەوە کرد و منیش داوای پەرداخێک ساردم کرد.

پاش چرکەیەک پێم وت:

– بەڵام، گەلێک جار مرۆ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی یان پێشتر دەبێتە کەسێکی کامڵ و پێگەیشتوو.

– ئەمە ڕاستە، بەڵام پاکسە لەم جۆرانە نییە.

بیرم کردەوە: ئەستەمە ئەو هاوڕێیەکی تر بدۆزێتەوە لەسەر ناسینی هاوڕێیەتیی فرانک مورلۆ بێت. کە هەموو کارە ئەدەبییەکانی بۆ ڕێک بخات. دەشێ مەرگی ئەو وای لێ کردبێ کە بەو شێوەیە زیادەڕۆیی بکات لە مەینۆشیدا، تا ڕادەی ئەوەی هەواڵەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەبەدمەستەکانیان کرد. وەک برایەکی ڕۆحی لێی دەڕوانی. بڕوای نەدەکرد کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی سییەکان بووبێت. گومانی ئەوەی دەکرد کە خۆی نەخۆش خستبێ. لە پاوڵم بیست بەوەی تێنسی لەپاش مەرگی مورلۆ ئازارێکی ویژدانیی زۆری چەشت، ئەمەش پێ دەچێ لەبەر ئەوە بووبێت، کە ئەو تەنیا بە تەنگییەوە هاتووە بەبێ ئەوەی بەکردەوە شتێکی بۆ بکات.

پێم وت:

– لەوە دەچێ پاکسەی هاوڕێت هیچ بەریەککەوتن و بەردەوامییەکی لەگەڵ ئەدەب و هونەردا نەبێت.

– ئەو هیچ شتێک ناخوێنێتەوە، وەلێ موزیکی خۆش دەوێ.

موزیک وای لێ دەکات خەونئامێز لە خۆی بڕوانێت.

تەماشای دەفتەرەکانم و کتێبی LE COLOSSE DE MAROUSSIی هێنری میللەری کرد و پرسی:

– لەم ڕۆژانەدا چی دەنووسی؟

دوای ئەوەی لە نووسینی ئەو چیرۆکەی ناوم ناوە "خێوەتەکە" دەبمەوە. بیر لە نووسینەوەی بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانم دەکەمەوە.

– ئێوەی عەرەب تا ئێستاش هەر لە خێوەت و ڕەشماڵ ڕزگارتان نەبووە؟

– چونکە خۆرەکەی ئێمە هەتاکو ئێستاش هەر گەرمە.

کتێبەکەی میللەری گرت و وتی:

– ئەمەم تا ئێستا نەخوێندووەتەوە.

– پاوڵ پێی وتم ئەمە باشترین کتێبێکە میللەر تا ئێستا نووسیبێتی.

– ئۆه! بەڵێ. ئەو نووسەرێکی باشە. ئەو زۆری ئازار چەشت، تاکو ببێ بە نووسەر. ئەو ژیانێکی قورس و مەینەتبار ژیاوە. پاشان لە نووسینەکانیدا بوێر بووە.

– لە نزیکەوە دەیناسی؟

– بەر لە چەند ساڵێک چاوم پێ کەوتووە.

بۆیەکە دوو بادە مەیی بۆ داناین، ئەوەی خۆم یەکسەر خواردەوە و لێی پرسیم:

– لەوە دەچێ حەزت لە شیر بێ.

– زۆر نا. لە سەعات پێنجی بەیانییەوە هەستاوم.

پاش ئەوەی زۆرم نووسی و بیرەی خراپم خواردەوە، دەمەوێ تین و گوڕ بۆ خۆم بگەڕێنمەوە.

دەمویست پێی بڵێم گەلێک جار شیر لەلای من خواردنەوەی نەخۆش و منداڵانە، هەر بۆیە گەلێک جار ئەو کاتەی شیر دەخۆمەوە، وا هەست دەکەم کە من منداڵم یان پیرم.

لێم پرسی:

– تا ئێستا ڤێلایەکت نەدۆزیوەتەوە؟

– ئا، بەڵێ، جۆن هابکنز* لە پاڵ چیاکەدا ڤێلایەکی جوانی بۆ دۆزیومەتەوە، خاوەنەکەی بۆ بەسەربردنی پشوو سەفەر بۆ هۆنگ کۆنگ دەکا؟

– ئەو کەسە سانش دورامۆن نییە؟

– نەخێر. کەسێکی ترە. ڤێلاکە لە دەریاوە دوورە، بەڵام تەلەفۆنی تێدایە و دەتوانم داوای ئۆتۆمۆبێل بکەم تاکو بۆ کەنار دەریا بمبا، من خووم بەمەلەوانکردنەوە گرتووە.

– پاوڵ پێی وتم تۆ لە هەموو وەرزەکان مەلەوان دەکەی.

– ڕاستە مەلەوانی گڕ و تینم دەداتێ و چالاکترم دەکات.

هەروەها لەسەر ئەوەش ڕاهاتووم، کە هەموو ڕۆژێک کار بکەم. من هەر کاتێک خۆم بەنووسینەوە خەریک نەکەم نەخۆش دەکەوم.

بیرم کردەوە: هەمەنگوایش وا بوو، حەزی لە مەلەوان و هەموو ڕۆژێکیش کاری دەکرد. پاش چرکەیەک لێم پرسی:

– بەشەکانی تری کتێبەکەتم خوێندووەتەوە؟ دەمەوێ ڕات لەبارەیەوە بزانم.

– من ڕۆژانە چەشەی لێوە وەردەگرم.

* نووسەرێکی ئەمەریکاییە نیوەی ساڵەکەی لە مەغریب دەگوزەرێنێ و نیوەکەی تری بەگەشتوگوزار بە جیهاندا، ئێستاکە لە تەنجەدا دەژی، لە نووسینەکانی! مێشە بێدەنگەکەی تەنجە.

– ئەوە یەکەمین کتێبمە تا ئێستا دەردەچێ.

– هەر تەنیا بە زمانی عەرەبی دەنووسی؟

– بەڵێ، ناتوانم بە زمانێکی تر بنووسم. ئەمە کێشەی شێوازە، من دەمێک ساڵە ئەم شێوازە عەرەبییە فێر بووم.

– تێ دەگەم.

تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و پێی وتم:

– دەکرێ لێرەدا ژەمێک خواردن بخۆین؟

– دەکرێ، بەڵام باشتر وایە بچین بۆ چێشتخانەی زاگورە یان بۆ چێشتخانەی کلاریدج.

– دەڕۆم بۆ ئەوەی پێش نانخواردنی نیوەڕۆ کەمێک مەلەوان بکەم.

**ئێوارە ٥,٣٠**

لە قاوەخانەی پاریس لەبارەی ئەوەوە بیرەوەرییەکانم دەنووسمەوە، بینیم لە سەربانی قاوەخانەکەدا دانیشتبوو، پەرداخی قاوەکەم هەڵگرت و چووم لەگەڵیدا دانیشتم.

کۆواری ئەنتیۆسم پێ دا، کە بەشی یەکەمی لە بیرەوەرییەکانمی لەبارەی "جان جینێی لە تەنجەدا"ی تێدا بوو.

داوای لە بۆیەکە کرد خواردنەوەی کامباری بە بەفرەوە بداتێ، لێم پرسی:

– ئاخۆ هەندێ لە شانۆنامەکانی جینێت بینیوە بەزمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکادا پێشکێش بکرێت.

– جگە لە"بانێژە" هیچم نەدیوە، ئەوە شانۆنامەکی ئاڵۆز بوو لەبارەی لەشفرۆشییەوە. باش لێی تێ نەگەیشتم، بەڵام شێوازێکی شاعیرانەی هەبوو.

– ئەمە هەمان ئەو شانۆنامەیە کە نووسەرێک بەدیاری بەزمانی عەرەبی و فرەنسی پێی بەخشیم.

ئینجا پێشانم دا.

– ئاخۆ ژێنیەش زمانی عەرەبی دەزانێ؟

– زاراوەی میللی دەزانی، دەشیتوانی پیتە عەرەبییەکان دەرببڕێ و هەندێ وشەش بەبێ هەڵە بنووسێ.

– من ئەمەم لەبارەی ئەوەوە نەدەزانی، ئەو کەسێکی ناوازە و جوانە، پێم بڵێ، ژیانی ئەو لێرەدا لەگەڵ لاوە مەغریبیە ڕەشپێستەکاندا چۆن بوو؟ ئاخۆ ئەو دەیهێشت لەگەڵیدا بچنە ئوتێلی مەنزە یان ئوتێلێکی ترەوە؟

بەپێکەنینەوە پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە لێم پرسی:

بەدڵخۆشییەوە وتی:

– چۆن زانیت ئەو گەنجە ڕەشپێستەکانی خۆش دەوێ؟

– دەزانم ئەو کەسانی پێسترەشی خۆش دەوێ، کەسانێکی خۆش دەوێ وەک عیدی ئەمین.

– جارێکیان لێرە بەهاوەڵیی لاوێکی پێسترەش بینیم و جارێکی تریش بە هاوڕێیەتیی گەنجێکی ئەسمەر بینیم. لەو بڕوایەدام ژیانی سێکسیی ئەو سست و ساردوسڕ بووەتەوە.

لێرەدا حەزی دەکرد گەمە و دەسبازی لەگەڵ هەرزەکار و مێرمنداڵەکاندا بکات و پارەیان بداتێ تاکو جلوبەرگی پێ بکڕن، بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆی بۆ ئوتێلیان ببات. بەوپەڕی مرۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، زۆری بەزەیی بەنەدار و داماوەکاندا دەهاتەوە.

بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەو هەمان ڕەفتار و خووی ئەوانی هەبوو. پێم بڵێ ئەگەر بۆ

سوعبەتیش بێ هەتاکو ئێستاش هەر دزی دەکا؟

– هەرگیز ئەوەم نەبیستووە بەوەی تاکو ئێستاش هەر دزی بکا، لێ خەڵکی پێشتر وەک دزێکی شارەزا باسیان لێوە دەکرد. لەو بڕوایەدام ئەوانەی بۆ ئاهەنگەکانیان بانگهێشتنی دەکەن پێیان خۆشە وەختێک دەیبینن لە پەناوە چەتاڵێک یان کەوچکێکی زیوین دەدزێ و دەیخاتە گیرفانییەوە، بەبێ ئەوەی وای پێشان بدەن کە ئەوان بینیویانە.

بەهەرا و دەنگێکی بەرزەوە پێ کەنی و وتی:

– ڕووداوێکت بۆ دەگێڕمەوە کە بەر لە چەند ساڵێک بەسەرمدا هات.

کاتێک لە بانکۆک بووم میرێک بۆ نانی شێوان داوەتی کۆشکەکەی کردم. ئەو کەسێکی گەلێک ژنانی بوو. وێنەگەلێکی دواوەی پیاوان و ئەندامی زاوزێیانی بە هەڵکۆڵراوی بەسەر دیواری ئەو هۆڵەی تێیدا بووین بینیم. بەر لەوەی نانی شێوان بخۆین من تەواو مەست بووبووم. بڕێک زێڕ و خشڵی خۆی کە شانازیی پێوەیان دەکرد نیشان دام. لەسەر مێزێک بەتەنیشتمەوە لە هۆڵەکەدا داینان و بەجێی هێشت. لە چرکە ساتێکدا ئەو هەستەم لەلادا دروست بوو بەوەی کەس نامبینێ. هەندێک لەو ئاڵتوونانەم هەڵگرت و خستمە گیرفانمەوە. ئەوانەی بۆ ئەوێ داوەت کرابوون کاتێک بینییان دەیاندزم پێ کەنین. پاش ئاشکرابوونی دزییەکە و نەویستیم بۆ گەڕانەوەیان بۆ جێگەکەی خۆی میر گومانی ئەوەی لێ کردم کە من سوورم لەسەر گلدانەوەیان لەلای خۆم، هەندێک لە هاوڕێکانی زۆریان بۆ هێنام و داوایان لێ کردم بیانگەڕێنمەوە. دەستم دەخستە گیرفانمەوە و پیایاندا دەمخشاند و دەمژماردن. ئەوە وای لێ کرد قەڵس و بێزار بێ و بەتەنیشتمەوە نانی شێوان نەخوا.

– ئەی باشە بۆت گەڕاندەوە؟

– بێگومان، من تەواو بەدمەست بووبووم، لێ نەمدەزانی کە سوورم لەسەر

گلدانەوەیان یان نا؟ کێ ئاواتی ئەوە ناخوازێ ببێتە خاوەن بڕێک خشڵ و زێڕ؟

– تەنانەت ئەگەر دزراویش بێت.

– ئەوە باشتر و جوانترە.

– بێگومان تۆ لێزان و شارەزا نەبووی لە دزین و شاردنەوەی.

– ڕاستە، من لە منداڵیمەوە وەک جینێ مەشق و ڕاهێنانم لەسەر ئەوە نەکردووە.

دوای چرکەیەک لێی پرسیم:

– من ئەم ئێوارەیە لە کۆشکی یۆرک داوەتم، خاوەنەکەی دەناسی؟

– بینیومە، بەڵام لە نزیکەوە نایناسم.

٧٣-٧-٢٥

سەرلەبەیانی، لە قاوەخانەی پاریس.

لەگەڵ ئەحمەد یەعقوبی و بێژەرێکی ڕادیۆی تەنجە دانیشتبووم.

دەیویست دیدارێک لەگەڵ تێنسی بۆ تەلەڤزیۆنی مەغریبی ئەنجام بدا. پێشتریش هەمان کاری لەگەڵ یەعقوبی لە نیگارگەکەی ئەنجام دابوو. تێنسیمان بینی نزیک لە قاوەخانەکە بە تەنیا تێپەڕی. یەعقوبی هەستا و داوای لێ کرد لە تەکمان دابنیشێ. لە نێوان تێنسی و بێژەرەکە و یەعقوبیدا لەبارەی دیدارەکەوە قسەوباس هاتە ئاراوە، بە ڕووی تێنسییەوە بێزاری و وەڕسی دەرکەوت، تێنسی بە زمانی ئینگلیزی بۆ یەعقوبی ئەوەی خستە ڕوو، کە ئەو نایەوێ ئەو جۆرە دیدارە ڕۆژنامەوانییانە ئەنجام بدات. بەشپرزەییەوە دەدوا. بە یەعقوبیی وت:

– بە هاوڕێ بێژەرەکەت بڵێ من تاکو ئێستا سەرقاڵی گواستنەوە و جێنشینبوونم لەو ڤێلایەی لە پاڵ چیا گەورەکە کڕیومە.

پاش سەقامگیربوونم ئینجا قسە لەسەر سازدانی چاوپێکەوتنەکە دەکەین.

پاشان داوای لێبووردنی کرد و ئەوێی جێ هێشت.

**١٩٧٣-٧-٣٠**

لە سەربانی قاوەخانەی پاریس لەگەڵ یەعقوبیدا دانیشتبووم. ئەمرۆکە قەڵس و بێزارە. دەشێ ئەمە لەبەر ئەوە بێ کە هاورێ ژنەکەی بەجێ هێشتبێ و بۆ گەشتوگوزار بەرەو جەزائیر و تونس چووبێ. پێی وتم:

– ئەگەر بگەڕێتەوە قسەی لەگەڵدا ناکەم (ئەمەی خستە سەر) لەمەو دوا ڕێگە بەهیچ کەس نادەم پێ بخاتە نیگارگەکەمەوە.

(دەزانم ئەمەی بەڕاستی نییە. تەنیا مەبەستی ئەو کەسانەیە کە وەختێک لەگەڵ ئافرەتێکدا دەبن تەنگەتاوی دەکەن)

تێنسی هات، داوای لە یەعقوبی کرد لەگەڵیدا بڕوات بۆ پۆستەخانە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەی لە ئەمەریکاوە بۆی هاتبوو، یەعقوبی پێی وت بەوەی ئەو چاوەڕێی بۆیەکە دەکات تاکو پارەکەی بۆ بگۆڕێتەوە.

بۆ دوازدە پێنج دەقیقەی دەویست. یەعقوبی داوای لێ کردم لەگەڵیدا بڕۆم.

سوار تاکسییەک بووین. لە ڕێگەدا پێی وتم:

– ئەم بەیانییە یەعقوبی گرژ و مۆن دیارە.

– وایە، ئەو کاتەی ئافرەت لەگەڵیدا نەبێ خەمبار دەبێ.

دۆستەکەی بە گەشتێک چووەتە دەرەوەی مەغریب.

بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەگەر ژنێکی نەدۆزییەوە با بەدوای مێرمنداڵێکدا بگەڕێ.

– هەر کچێک لەگەڵ ئەودا بژی دەیکا بەنووسەر، ئەو هەمیشە پێویستی بە کەسێکە نامەکانی بۆ بخوێنێتەوە و وەڵامیان بداتەوە.

لەو ئازارە سووکەی تووشی گەدەی پاکسەی هاوڕێی بووبوو پرسیارم لێ کرد. وتی:

– بەرەو چاکبوونەوە دەچێ (ئەمەی خستە سەر) ئەو کەسێکی خەوخۆشە، نەرگسییە، نەرگەسییەکان هەردەم وا هەست دەکەن نەخۆشییەک لە لەشیاندا هەبێت، ئەو HYPOCONDRIAQUE (بەوەسواسی و دوودڵی و دڵەڕاوکێ نەخۆشە)

وەختێک لە ئۆتۆمۆبێلەکە لە نزیک پۆستەخانەکە دابەزیمان پێم وت:

– وابزانم دایان خست.

لە پەنجەرەکەوە فەرمانبەرێک داوای لێ کردین سەعات چواری سەر لەئێوارە سەر بدەینەوە.

لەو کاتەی لە بەردەم پۆستەخانەکەدا چاوەڕێی تاکسییەکمان دەکرد تاکو بگەڕێتەوە بۆ ئوتێلەکەی لێم پرسی:

– تاکو ئێستا مێرمنداڵێکی نەدۆزیوەتەوە؟

بەپێکەنینەوە وتی:

– تا ئێستا نەء. ئێوارەیەکیان کە دەرچووین بۆ سەردانی پۆل، لە قاوەخانەیەک، نزیک بەنووسینگەی لائیبیریا، گەلێک لاوی جوانکیلە و سەرنج ڕاکێشی لێ بوو.

– بەنیازی یەکێکیان وێڵ و عەوداڵی دوای خۆت بکەی.

– نەخێر، تەنیا ئەوەم پێت وت. من لەو لاوانەی لە قاوەخانەی پاریس دادەنیشن دەترسم، ئەوان مەترسیدار دیارن.

تاکسییەکمان بەکرێ گرت. لە بەردەم قاوەخانەی پاریس ماڵئاواییم لێ

کرد. تاکو ئەو کاتە یەعقوبیم لە جێگەکەی خۆیدا بینی لەگەڵ کیژێکی ئەمریکی دەدوا. ئەوم دەناسی. قایل بوو بەوەی لەگەڵیدا بڕوات. بە ئاماژەی دەست سڵاوم لێ کرد و چوومە قاوەخانەکەوە.

بەڕێککەوت لەگەڵ تێنسی لە شەقامی "محەمەد ئەلخامس" لە سەعات چواردا چاومان بەیەکتری کەوت. ئەو کاتە بۆ پۆستەخانە دەچوو، تاکو ئەو پۆستەی بۆی هاتبوو وەری بگرێ. پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد لەگەڵیدا بڕۆم. بە بیرۆکەکە دڵخۆش بوو. سواری تاکسییەک بووین. ئەو حەز دەکات سواری ئۆتۆمۆبێل بێت تەنانەت ئەگەر ڕێگەکەش کورت بێت.

لە نووسینگەی وەرگرتنی پۆستەکان بەڵگەنامە و داواکاریی وەرگرتنی پۆستەکەی پێ نیشان دان. ژنە فەرمانبەرێک تەماشای پاسەپۆرتەکەی کرد و پێی وت:

– ئۆه... ئەم کۆوارە لێرەدا لە مەغریب قەدەغەیە.

لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە و نارەزایی و قێزەونیی خۆی بەرانبەر بە وێنە ڕووتەکانی پیاو و ژنەکان دەردەبڕی.

دوو فەرمانبەر و کچێکی نیگا نیگەران ئاوێز هاتن. فەرمانبەری گومرکی پۆستەخانەکە لاپەڕەی کۆوارەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکرد و بە فەرمانبەرەکانی تری دەوت.

– تەماشا بکەن!! ئاخۆ دەکرێ ئەمە بێتە ناو مەغریبەوە؟

ئەم وێنانە قێزەونن، نابێت، نابێت، ناکرێت ڕێگە بەتێپەڕینی ئەم کۆوارە ڕووتە بدرێت.

تێنسی بە فرەنسی بە تووڕەییەوە وتی:

– بەڵام ئەم کۆوارە لێرە لە تەنجەدا دەفرۆشرێ.

فەرمانبەرەکە وتی:

– نەخێر، نەخێر، هاتنە ناوەوەی ئەم کۆوارە بۆ مەغریب قەدەغە کراوە.

سـەیر کـە! سـەیر کـە! ئەم ژمـارەیە ژن و پیـاوی ڕووتـی تێـدایە. تەنـانەت پیاوانیش لەم کۆوارەدا ڕووت و قووتن.

فـەرمـانبـەرەکەی گـومـرک تەمـاشـای لاپەڕە بڕاوەکـانی دەکرد، هـەوڵی دەدا سـەروتارەکـان بە ئینگلیـزی بخـوێنێتـەوە و نامـەکـان هـەڵپـچڕێ و پەڕە پەڕە بیانپشکنێ.

تێنسی دەستی بە یەکدا دا و بە ئینگلیزی قیژاندی:

– ئۆوه! نا. نابێت ئەمـە لێرەدا ڕوو بدات. بەزووترین کـات مـەغریب بەجێ دەهێڵم.

بەو ئافرەتە فەرمـانبەرەی، کە بە تووڕەییەوە تەمـاشـای دەکرد و هـەوڵیشـی دەدا لێی تێ بگـات، وتی:

ئەم جـۆرە هـەڵسـوکـەوت و مـامـەڵەکردنە لە هیـچ جێـگەیەکی ئەم جیـهـانەدا نییە.

– تۆ بڕوات وایە. بۆ نمـوونە بچـۆ بۆ پاریس، دەبینی لـەوێدا چـۆن نامـەکـان دەپشکنن و پۆسـتـەکـان دەگـەڕێن. تێنسـی بە فـرەنسـی بەو فـەرمـانبـەرەی گومرک، کە نامەکانی یەک یەک دەپشکنی، وت:

– ئەمانە تەنیا نامەگەلێکی تایبەتن. هیچ شتێکی مەترسیداری تێدا نییە. باوەڕیش ناکەم بۆمب و تەقەمەنییان بۆ ناردبم.

فەرمانبەرەکەی گومرک بە زاراوەی خۆماڵی پێی وتم:

– پێی بڵێ بەپێی یاسای تازە دەبێ هەموو نامەکانی هەڵپچڕین.

ئەمەم بەئینگلیزی بۆ تێنسی ڕاڤە کرد. بە بەدەم شیراندنەوە وتی:

– ئەگـەر دەتانـەوێ بانـگی پۆلیس بکـەن. فـەرمـوو بانـگی پۆلیس بکەن. چاوەڕێی چی دەکەن؟

تێنسـی هـەندێ جار بە فرەنسـی و هـەندێ جار بە ئینگلیزی دەپەیڤا.

لە پڕێکدا بینیم نامەیەکیان کردەوە و نەیانپشکنی لایەکی چەکێکی بانکی لێـوە دەرکـەوت، وەک چۆن تێنسی خـووی پێـوە گـرتبـوو وەخـتـێک لە هەڵوێستێکی ڕووشکێندا تەنگەتاو دەبێ بەگاڵتەجارییەکی سوعبەتئامێز تەماشای ئەو ڕووداوەی دەکرد. ئیدی لەگەڵ هەموو وشەیەکدا کە ئەو دەری دەبڕی، یان لە فەرمانبەرەکانەوە دەیبیست پێ دەکەنی. کارمەندەکەی گومرک لە کردنەوەی نامەکان جاڕس بوو، وتی:

– نامەکـان کـۆکـەرەوە و بیـانخـەرە سندووقـێکەوە، من لەگـەڵ ئەودا پیاوەتییەک دەکەم، هەموو نامەکان هەڵناپچڕم، هەرچەندە وا پێویستیش دەکا هەموویان بکەمەوە.

دانەیەک لە دەسنووسی کتێبی "تەنیا لە پێناو ناندا"م پێ بوو، بەسەریاندا تێپەڕی و چاوپۆشییان لە پشکنینی کرد. لە بارودۆخێکی ئاوهادا هەموو شتێک گونجاوە ڕوو بدا. تێنسی بە فرەنسی وتی:

– باشـە. کـۆوارەکـە گل بدەنەوە و تەنیـا ئەو لاپەڕانەم بدەنێ، کـە چیرۆکەکەمی تێدا بڵاو بووەتەوە. من ئەو وێنە ڕووتانەم ناوێ.

کارمەندەکەی گومرک وتی:

– نەخێر. تەنانەت ئەمەش نابێت.

ئینجا بەزاراوەی خۆماڵی وتی:

– پێی بڵێ چاوەڕێ بکات. دەڕۆم تاکو بزانم سەرۆک هاتووە.

ئەمەم بۆ تێنسی ڕاڤە کرد. وتی:

– ئەمە ناکرێ، ئەمە لێرەدا بەهیچ شێوەیەک ناگونجێ. تەنجە لە هیچ ڕۆژێکدا ئاوها نەبووە.

کارمەندەکەی گومرک بەپەلە گەڕایەوە و وتی:

– سەرۆک تاکو ئێستا نەگەیشتووە. چەند چرکەیەکی تر دەگات.

تێنسی زۆری لە فەرمانبەرەکەی گومرک کرد، تاکو لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی لە کۆوارەکە لێ بکاتەوە.

پێی وت:

– بابەتی چیرۆکەکەم لەبارەی ڕووتەکانەوە نییە.

کۆوارەکەی هەڵگرت و ئەو لاپەڕانەی پێشان فەرمانبەرەکە دا، کە دەیویست لاپەڕەکانی بۆ لێ بکاتەوە. کارمەندەکەی گومرک کۆوارەکەی لێ وەرگرت و بۆ لای فەرمانبەرێکی تری برد، کە پێ دەچوو جێگرەوەی سەرۆک بێت لە کاتی نەهاتنیدا.

گەڕایەوە و بەبێ ئارامییەوە بە تێنسیی وت:

– باشە، ئەو لاپەڕانەی لێ دەرهێنە کە چیرۆکەکەی لەخۆ گرتووە.

ئەو کاتەی تێنسی خەریکی دڕین و لێکردنەوەی لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی بوو، کارمەندەکەی گومرک بەزاراوەی میللی لێی پرسیم:

– ئاخۆ ئەو بەو شتە نەخۆش و ناساغ بووە.

بەخۆگێلکردن لە مەبەستەکەی پێم وت:

– ئەو شتە چییە؟

بە تەماشاکردنی سەراپا قەد و باڵام وتی:

– ئاخۆ ئەو "هەستیارە؟".

هەستم کرد سووکایەتیم پێ دەکرێ، بەتوندی پێم وت:

– ئەمە کاری من نییە، پێوەندیی بەژیانی تایبەتیی خۆیەوە هەیە. من مامۆستام و ئەویش هاوڕێمە، من لۆتی نیم.

بە لێبووردنەوە وتی:

– مایەی شانازیمانە، من تەنیا لێت دەپرسم.

بە قێزەونییەوە پێم وت:

– دەتوانی لە خۆی بپرسی ئەگەر کارەکە بەلاتەوە گرینگە.

– نەخێر، نەخێر. من لە تۆ دەپرسم.

تێنسی لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی پچڕاند و منیش سندووقە کارتۆنییەکەم گرێ دا.

کارمەندێکی گومرکی تر هات، کە پلەی لە کارمەندی یەکەم بەرزتر بوو، وتی:

– بیکەرەوە تاکو ببینین چی لەوێدا هەیە.

پێم وت:

– من هەڵی ناوەشێنمەوە، بگرە گرێی دەدەم و دەیبەستمەوە.

(ئاماژەم بە کارمەندە گومرکییەکەی تر کرد) هەموو نامەکانی پشکنی.

کارمەندی گومرکی یەکەم وتی:

– وایە، هەموو نامەکانم پشکنی.

کارمەندی گومرکی یەکەم، تاکو ئەو کاتە پاسەپۆرتەکەی تێنسیی لای خۆی گل دابووەوە. لێی پرسی:

– پاسەپۆرتەکەم کوانێ؟

کارمەندەکە پاسەپۆرتەکەی پێ دایەوە و بەخێرایی خستییە گیرفانی پانتۆڵە ڕەشەکەیەوە. چاکەتی لەبەردا نەبوو.

لە دەرەوەی ئەو شوێنە بەپێکەنینەوە پێی وتم:

– ئەوە چیرۆکێکی جوان و قەشەنگ بوو هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.

وابزانم وێنە ڕووتەکانیان بەدڵ بوو، بۆیە دەیانویست لەلای خۆیان گلیان بدەنەوە.

پێم وت:

– نرخی پلەی بۆی لێرەدا زۆر گرانە.

– ئاووهەوا گەرمە، بابچین بۆ هۆڵەکەی مەدام بۆرت شتێکی سارد بخۆینەوە (ئەمەی خستە سەر) لە کوێ دەتوانین تاکسییەک بگرین؟

– هۆڵەکەی مەدام بۆرت لێمانەوە نزیکە.

– وایە؟ دەبا بە پێ بڕۆین.

چەند جارێک بەپێکەنینەوە دووپاتی دەکردەوە:

– ئای کە چیرۆکێکی پێکەنیناوییە.

هەرکە چووینە ژوورەوە مەدام بۆرت بەخێرهاتنی کردین. ئەو لە بەرانبەر دەروازەکەدا دانیشتبوو. لێم پرسی:

– بێگومان ئەو تۆ دەناسێ.

– دەشێ. لە ساڵانی ڕابردوودا گەلێک جار بۆ ئێرە دەهاتم.

حەوت هەشت کەسێک لە هۆڵەکەدا بوون. لە ناوەڕاستدا دانیشتین.

لە خزمەتکارەکە داوای دوو بادە مارتینیی سپیی ساردمان کرد.

پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم داوای حەلوا بکەم. بە سوپاسەوە ڕەزامەندیی خۆم ڕاگەیاند. بێ پارە و برسی بووم. بە درێژاییی ئەو ڕۆژە تەنیا کوپێک شیر و قاوەیەکم بە شیرەوە خواردبووەوە.

بیرم کردەوە: ئەم خەوش و کەموکووڕییانە دەرەنجامی شیرینی و شەکری ناو ئەم بارە پڕ لە هەوەسباز و لەشفرۆشانەیە، تف لە زێیە بۆگەنەکان!

تێنسی بانگەوازی لە خزمەتکارە ئیسپانییەکە کرد، کە لە ڕۆیشتنیدا هەر لە مراوییەک دەچوو، تاکو حەلوای بۆ بهێنێ، بەسینییەکەوە هاتەوە، پڕ بوو لە حەلوای هەمەجۆر، جۆرێکم هەڵبژارد کە پێشتر تامم نەکردبوو.

ناوی ئەو جۆرەیانم لە خزمەتکارەکە پرسی، وتی:

– ناوی ڕاهیبەیە.

لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی دەرهێنا (ساباشا و تەنیایی)ی SABATH AND

SOLITUDE لەسەر مێزەکە داینا.

خـزمـەتکارەکـە لەناو دوو بادەی باریکدا مـەیی بۆ هێنایـن. لەناو هەر بادەیەکدا پارچە توێکڵێکی لیمۆی بڕاو بەشێوەی لوولەیی، کە کۆتاییی بە سەرێکی بچووک دەهات وەک سەری تماشاک.

تێنسی بەچێژەوە ئەوەی خۆی هەڵدا و وتی:

- لێرەدا ئەم خواردنەوەیە باش و نایابە.

منیش لەوەی خۆمم خواردەوە و پێم وت:

- ڕاست دەکەی، سارد و بەتامە.

لە خەیاڵی خۆمدا بیرم کردەوە: کوڕی قەحپانە، ئەوانەی ماڵ و سامانیان هەیە چەندێ ڕادەبوێرن!

تەماشای توێکڵە - مارییەکەم کرد و لەو کتێبەم ڕوانی کە هەڵم گرتبوو.

(ماری پەڕدار)ی لۆرەنس. کتێبەکەم نیشان دا. وتی:

- خوێندوومەتەوە. کتێبێکی باشە لەبارەی مەکسیکەوەیە.

لاپەڕەکانی چیرۆکەکەی خۆی گرت و وتی:

- بەیارمەتیت؟ چیرۆکەکەم دەخوێنمەوە. ئەوەی بڵاو دەبێتەوە بەشێوەیەک دەیخوێنمەوە وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت بیخوێنمەوە.

- تۆ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی خۆت وەک خوێنەرێک دەخوێنیتەوە، نەک وەک نووسەرەکەی.

- ئەگەر بمەوێ بەڵێ.

ئەو دەستی بەخوێندنەوە کرد و منیش دەستم بە خواردنی حەلوای ڕاهیبە و هەڵدانی خواردنەوەی سارد کرد. لە شتەکان ڕادەمێنم و خەون دەبینم. لە خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەک دەبووەوە بۆ منی درێژ دەکرد.

منیش هەندێ جار ڕستەکانم بەتەواوی دەخوێندەوە و هەندێ جار وشە

وشە و پچرپچڕ دەمخوێندنەوە. کەشی چیرۆکەکە ئیتاڵییە. دەمخوێندەوە و پێکم هەڵدەدا و وەکو منداڵێکیش حەلوای ڕاهیبەم دەخوارد و جگەرەم دەکێشا.

تامی ڕاهیبە و تامی مارتینی لە زارمدا چێژگەیێنانە تێکەڵاو دەبوون. ئەوانەی لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون بەچرپەوە دەدوان، موزیکێکی کلاسیکی ئارام دەبیستریێ. لە نێوان چرکەیەک و چرکەیەکی تردا دەنگی ماشێنێک یان ماتۆڕێک دەبیستریێ و نامێنێ. لەگەڵ هەر لاپەڕەیەکی چیرۆکەکەی تێنسیدا چەند دەقیقەیەک لەناو دەچێ. لەگەڵ هەر پێک هەڵدانێک و مژلێدانی جگەرەکەم و گازگرتن لە حەلوای - ڕاهیبە لەگەڵیدا بەشێک لە ژیان دەمرد. هەندێ جار تێنسی نەرمە پێکەنینێکی بۆ دەکرد.

لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بووەوە و لاپەڕەکانی خستە گیرفانییەوە. تەماشای کتێبەکەی لۆرەنسی کرد و لێمی پرسی:

- ئەم کتێبەت بەدڵە؟

- بەڵێ. هەموو کتێبەکانی لۆرەنسم بەدڵە، تۆش بەدڵتە.

یەکێک لە شانۆگەرییەکانت لە چیرۆکێکی ئەو (کاریگەری بۆ سەر سۆزم) Me yotouched وەرگێڕاوە.

- لۆرەنس نووسەرێکی مەزنە.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ژیانی تەنجەی تاکو ئێستا بەدڵە لێم پرسی:

- ئۆوە! نەخێر. تەنجە گەلێک گۆڕاوە. پێشتر لێرەدا گەلێک هاوڕێم هەبوون. وەلێ ئەمڕۆکە بێجگە لە پاوڵ بوولز هاوڕێمی لێ نییە.

- براین جێسن دەناسی briom gysin

- ئا! ئەمەریکاییە، ئێستاکە ئەو لە کوێیە؟

- وەک بیستوومە لە لەندەنە. لەگەڵ ولیام بروز بۆ نووسینەوەی سیناریۆیەک لەسەر کتێبێکی بروز burroughs .w پێکەوە کار دەکەن.

– براین کەسێکی ڕەفتار سییرە.

هەستا و وتی:

– دەڕۆم بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەم. من و پاوڵ و کارۆل ئێردمان لە چیاکەدا لای یەکێک لە هاوڕێکان داوەتی نانخواردنی شێوانین. هەست بەشەکەتی دەکەم. دوێنێ لە ئوتێلی رامبراند زۆرم خواردەوە.

**١٩٧٣-٧-٣١**

چوار و چارەکی سەرلەئێوارە.

لە نزیک قاوەخانەی پاریس بە دیداری گەیشتم، بێتاقەتیی پێوە دیار بوو. وتی:

– هەر دەبێ سەردانی پزیشکێک بکەم. دوو ڕۆژە باش نەنووستووم.

ژمارە دەی کۆواری ئەنیۆس، کە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمی لەبارەی جینێوە لە تەنجەدا تێدا بڵاو بووبووەوە پێ بەخشی.

**١٩٧٣-٨-١**

لە شەقامی "محەمەد ئەلخامس بە هاوەڵیی پاکسە چاوم پێ کەوت. شتێکی لەبارەی سەرگوزشتەکەمەوە، قسەیەکی هەبوو وتی (بەڵگەنامەیەکی ڕاستەقینە لەبارەی کلۆڵیی مرۆیی کاریگەری بەسەر دەروونەوە هەیە).

– وابزانم ئەم قسە لەسەرکردنەت لە نرخ و بەهای کتێبەکە بۆ فرۆشتن زیاتر دەکا.

بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەگەر کتێبەکە بەباشی فرۆشرا پارەکەی لەگەڵمدا بەش دەکەی؟

– ئەمەت لەگەڵدا دەکەم، ئەگەر خانەیەکی پەخشم لە ئەمەریکا دۆزییەوە.

بێزار و قەڵس بوو بەوەی جینێ لەبارەی ئەو وتبووی لە شۆستەکەی

شەقامی "محەمەد ئەلخامس بەرانبەر پەرژینی تەمەڵەکانەوە وەستابووین.
وتی:

– جینێ درۆزنە، ئەوەی ئەو پێی وتبووی من لە تەلەفۆندا لەو ڕووەوە قسەم لەگەڵدا نەکردبوو. خاتوو فرانسوا ساگان هەوڵی دا ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییە لە نێوان من و ئەودا ڕوو بدات.

– من بیرەوەرییەکانی خۆم لەبارەی تۆوە دەنووسم. ئاخۆ دەخوازی ئەو درۆیەی جینێ لەبارەی تۆوە کردبووی بینووسم.

– ئۆوە. ئەو کارە گرینگ نییە. بێگومان ئەو لەو ڕۆژەدا نەخۆش بوو. مرۆیەکی نەخۆش. دەشێ لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی حەبی نیمبۆتاڵ نەتوانێ ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا دێن بەباشی بیری بکەوێتەوە.

لە شۆستەکەی قاوەخانەی پاریس جافن لامبێرم بینی لەبەر هەتاوەکەدا دانیشتبوو. لەبارەی بێزارییەکەی تێنسی لەوەی جینێ لەبارەی ئەو وتبووی قسەم بۆ کرد. جافن وتی:

– دەزانین جینێ درۆزنە، هەوڵ بدە لە بیرەوەرییەکانتدا، کە لەبارەی تێنسی لە تەنجەدا دەینووسی ئەمە ڕوون بکەیتەوە.

سەردانی پاوڵم کرد. ئەو قسەیەی تێنسی لەبارەی کتێبەکەمەوە کردبووی پێم بەخشی، تاکو بیگەیەنێتە دەست پیتەر ئۆون، کە پەخشەرێکی ئینگلیز بوو peter owen تێنسی پێی وتم، کە ئەو لە ڤێلایەکی جوان لە چیای گەورە نیشتەجێ دەبێ.

## ٤-٨-١٩٧٣

لەگەڵ ئەدوار ڕۆدیتی بووم. لە شۆستەکەی قاوەخانەی پاریس بۆ جێگەیەکی گونجاو دەگەڕاین. پێم وت:

– ئا ئەوە تێنسی و هاوەڵە ئینگلیزەکەیەتی.

– ئەوان لە شەقامی محەمەد ئەلخامس دەهاتنەوە. سڵاومان لە یەکتری کرد. ڕۆدیتی لەگەڵ تێنسیدا کەمێک لەبارەی تەنجەوە قسەیان کرد.

ڕۆدیتی ئاوڕی بەلای مندا دایەوە و بە تێنسیی وت:

– ئەوە من بووم بە پاوڵم ناساند و پێشنیازیشم بۆ کرد تاکو کتێبەکانی بۆ بگۆڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی.

تێنسی بەزەردەخەنەوە پێی وت:

– گۆد گاپ (ئەمەی خستە سەر) تاقە کتێبی ئەو تەنیا لە پێناو ناندا خوێندمەوە و زۆرم بەدڵ بوو.

تەوقەمان کرد و بەرەو ئوتێلی مەنزە ڕۆیشتین. ڕۆدیتی لەبارەی تێنسییەوە پێی وتم:

– ئێمە دوو کەسی نەگونجاوین، لێ ئەم جۆرە یەکتر دواندنە لە نێوان نووسەراندا پێویستە. وەک پێشتریش پێم وتووی من ئەو لەو کاتەوە دەناسم کە شاعیرێکی نەناسراو بوو.

**١٩٧٣-٨-٩**

٥,١١ی سەرلەبەیانی.

وەختێک تێنسی بەهاوەڵیی پاکسە هاتن، من لە شۆستەکەی قاوەخانەی پاریس دانیشتبووم. دانیشتن و تێنسی پێی وتم:

– سبەی بۆ ئەوروپا سەفەر دەکەم.

پێم وت:

– ئاوها بەپەلە.

کەمێک تەنگەتاو دیار بوو. دەشێ لەبەر پاکسە بووبێ، کە وەک پەیکەرێکی جوان خۆی دەنواند. وەلێ تێنسی نەیدەویست ڕۆڵی ناجوانی ببینێ.

گەرماکە هەناسەبڕ بوو. تێنسی داوای کۆکایەکی سارد و بادەیەک ڤێرنیی کرد – برانکای هاوڕێی داوای کۆکای کرد. لە بەردەم منیشدا قاوەیەک بە شیرەوە هەبوو، کە ڕقم لە تامەکەی دەبووەوە. لە گیرفانمدا بێجگە لە پارەی ئەوە هیچی ترم پێ نەبوو. منیش حەزم لە خواردنەوەی بیرەیەکی تەزیو دەکرد. ئەمەشم بۆ ئەوە بوو تاکو تووڕەییم بەسەر بێ پارەییمدا برێژم. بەپەرۆش و ئەڵهاوە جگەرەم دەکێشا. لە دەممدا هەستم بە تامی خۆڵ دەکرد. بە تێنسیم وت:

– من لەبارەی سەردانەکەتەوە بۆ تەنجە دەنووسم، وەک چۆن پێشتر ئەمەم لەگەڵ جینێدا کرد.

– لەبارەی منیشەوە؟ چی دەنووسی؟

– بیرەوەریی ئەو دیدارانەی کە ڕۆژگارێک لەگەڵ تۆدا سازم داون دەنووسمەوە.

پێ کەنی. ئافرەتێکی جوانی مەغریبی تێپەڕی. پاکسە لە پشتەوەی دوو وێنەی گرت.

داوام لێ کرد وێنەیەکی من و تێنسی پێکەوە بگرێت، تاکو لەو کتێبەی لەبارەی تێنسییەوە دەینووسم دایبنێم. بەدەنگێکی نەرم و نزم پێی وتم.

– بمبوورە. لەنێو شریتەکەدا بێجگە لەسێ یان چوار وێنە نەماوەتەوە، ئەوەشم بۆ گرتنی هەندێ بیاواننشینی مەغریبی داناوە.

لە بەردەمماندا لاوێکی جوو بەهاوەڵیی کچێکی کورتەبالای فرەنسی وەستا. سڵاوی لێ کردین و لەگەڵ تێنسیدا بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی موزیکەوە دەستیان بە ئاخافتن کرد، بەخێرایی دەدوا و وەستانی نەبوو، مەگەر بۆ هەناسەدانەوە نەبێ. تێنسی بەسەرسامییەوە گوێی لێ دەگرت. جار ناجارێک تێنسی سەری بۆ ڕادەوەشاند و وەڵامی دەدایەوە و قسەکەی بۆ تەواو دەکرد.

– ئەها! من دەبینم، من دەبینم.

بەهەڵپە و ئەڵهاوە جگەرەم دەکێشا و لە نێوان دووکەڵی جگەرەکەمەوە تەماشای لاوەکەم دەکرد. خۆی و هاورێ کچەکەی بەبێدەنگی وەستابوون. گەنجەکە تەنیا لێوەکانی دەجووڵاند. کچە هاورێکەی بەبێ ئەوەی وشەیەک دەرببڕێ وەک شایەدحاڵێک دەردەکەوت بەسەر قسەکانی ئەوەوە. وام بەخەیاڵدا هات ئەوان سەر بەم جیهانە نین.

بیرم کردەوە: پیاوێک و ژنێک لە جیهانێکی ترەوە نیشتوونەتەوە. ئەوان دوو ڕۆبۆت بوون. من لە لاوەکە هیچ تێ نەدەگەیشتم جگە لەم وشانە. جاز، بلوز، لاو، بزووتنەوەیەکی نوێ، ئەزموونێکی تازە، داهاتوویەکی ترمان بۆ موزیک دەوێ، داوا لەوانە دەکەین کە دەیانەوێ هاوکاریمان بکەن.

لە ناکاو تێنسی پێی وت:

– من لەبارەی موزیکەوە زانیاریم نییە. وا بزانم پاوڵ بوولز، ئەگەر دەیناسی، لەمبارەیەوە سوودت پێ دەدا.

لاوەکە تەوقەی لەگەڵدا کرد و وتی:

– من ساڵانێکە پۆل بوولز دەناسم. سوپاس.. خواحافیز.

پاشان ئەوێیان بەجێ هێشت.

تێنسی بەلای مندا ئاوڕی دایەوە:

– تۆ دەیناسی؟

بیستوومە مۆسیقاژەنە و هاورێ کچەکەشی هەوڵی نیگارکێشان دەدا.

وتی:

– من هیچی لێ تێ نەگەیشتم، ئەی تۆ؟

– هەروەها منیش.

– کەسێکی سەیرە.

پیاوێکی مەغریبی کە لەلای ڕاستی پاکسەوە دانیشتبوو بە ئینگلیزی هاواری کرد.

– هەللۆ مستەر تێنسی! من بیست و پێنج ساڵە تۆ دەناسم. لە بیرتە، ئەو کاتە بۆ بازاڕی ناوەخۆیی دەهاتی. منت دێتەوە بیر؟

تێنسی پێی وت:

– بمبەخشە. ناکەوێتەوە بیرم. ئەوە ساڵانێکی دوور و درێژە ڕووی داوە.

– ڕاست دەکەی، ئەوە بیست و پێنج ساڵی بەسەردا چووە.

ئەو کاتە ژیان لە تەنجەدا جوانی و شۆخی بوو. بەتایبەتیش لە بازاڕی ناوەخۆییدا.

تێنسی بەدەنگێکی نزمەوە لێی پرسیم:

– تۆ دەیناسی؟

– بەڵێ، ڕۆژەکە هەمووی لێرەدا لەم قاوەخانەیە دادەنیشێ و شەوانیش ئەم بارِ و ئەو بارِ دەکات.

– خەریکی چییە؟

– هەموو شتێک و هیچ شتێک. وەکو دەوترێ دەعبای ئافرەتان دەلێسێتەوە.

بەپێکەنینەوە وتی:

– کەسێکی گەوجە.

بۆ چرکەیەک بێدەنگ بووین. وتی:

– جیهان پڕە لە پووچی و گەوجایەتی. لەم ڕۆژگارەدا مرۆ بەدوای هاوڕێیەکیدا دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. مردن باشترە لە ژیان لەناو ئەم جیهانە پووچەدا.

بیرم کردەوە: تێنسی تەنیایی خۆش دەوێ، وەلێ لە تەنیاییش دەترسێ.

ناونیشانەکەی ئەوم لەو کتێبەی ڕامبۆ، کە پێم بوو نووسیم.

هەستا بۆ ئەوەی بەرەو ئوتێلەکەی بڕوات. بەگەرموگوڕییەوە لە ئامێزی گرتم و وتی:

– دەشێ ڕۆژێک بەیەک بگەینەوە. بەردەوام بە لە نووسین.

بەساردییەوە لەگەڵ پاکسەدا تەوقەم کرد. تێنسیم بینی هێدی هێدی دەڕۆیشت و بەهاوشانییەوە پاکسەش وەک ڕۆبۆرتێک دیار بوو.